# ڕەواندنەوەی گومانەکان

لەسەر پرۆسە هاوسەرگیریەکانی پێغەمبەر ﷺ و هەندێک لەو فەرموودانەی دەربارەی ئافرەتان گوتراون

نووسینی:
پرۆفیسۆر خالید موحەممەد سالّح

چاپی یەکەم 2009 ـ 2010
چاپی دووەم 2020 ـ 2021

# ڕەواندنەوەی گومانەکان

## لەسەر پرۆسە هاوسەرگیریەکانی پێغەمبەر ﷺ

## و هەندێك

## لەو فەرمووادانەی دەربارەی ئافرەتان گوتراون

نووسینی

پرۆفیسۆر خالید موحەممەد ساڵح

چاپی یەکەم

٢٠٠٩ – ٢٠١٠

چاپی دووەم

٢٠٢٠ - ٢٠٢١

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

## پێشەکی:

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە ئەم بوونەوەرەی لە نەبوون هێناوەتە بوون و ئێمەی ئادەمیزادی تێدا کردووەتە جێنشین و میراتگر و هەموو هۆکارێکی ئاسوودەیی و بەختەوەری تێدا بۆ فەراهەم کردووین و نیعمەتی عەقڵ و ژیریی پێ بەخشیوین، تا لە سەرجەم گیانلەبەر و بوونەوەرەکانی تر جیامان بکاتەوە و بەردەوام بەرنامە و فروستادەکانی خۆی بۆ ناردووین تا لاڕێ و گومڕا نەبین.

درووود و بەزەیی بۆ سەرگیانی پاکی سەروەر و پێشەوای مرۆڤایەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ بەتایبەتی و سەرجەم یاران و شوێنکەوتوانی بەگشتیی.

بەڕێزان: هەر چەندە ئەو تەوەر و لایەن و باسانە زۆرن کە ناحەزان تیر و توانجی خۆیانی لێوە ئاراستەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکەن؛ بەڵام ئێمە لەم پەڕتووکەدا ولەبەر کەمی ماوە تەنها دووان لەو تەوەرانە باس دەکەین و بە وردی قسەیان لەسەر دەکەین:

تەوەری یەکەم: پەیوەندیی هەیە بە خێزانەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ و پرۆسە هاوسەرگیرییەکانییەوە. چ لە رووی چەندێتییەوە بێت، کە پێغەمبەری خودا ﷺ چۆن و بۆ لە چوار ژن زیاتری هێناوە؟!. یان لە رووی چۆنێتییانەوە بێت، کە چۆن و بە چ پێوەرێك و بۆ چ مەبەستێك ئەو ژنانەی هێناوە؟!

تەوەری دووەمیش: پەیوەندی هەیە بە گوفتار و هەندێك لە فەرموودەکانییەوە ﷺ کە پەیوەندییان بە ئافرەتانەوە هەیە و واتاکانیان کەمێك ئاڵۆزن وخەڵکانێك بە نەزانی و کۆمەڵێکیش بە زۆرزانی راڤەی نەشیاویان بۆ دەکەن و وا باسی دەکەن کە ئەو دەقانە سوکایەتی ئامێزن بەرامبەر بە ئافرەتان، لە کاتێکدا جەوهەری دەقەکە ئەگەر وەك پێویست و لە هەموو رووەکانییەوە سەیر بکرێت و روون بکرێتەوە بە پێچەوانەوەیە.

ئەم دوو تەوەرە زۆر جار دەکرێنە ئامانجی ناحەزان و لەو رێیەوە و لە بیری نەخۆشیانەوە تیری ژەنگاوی و ژەهراوییان ئاڕاستەی کەسایەتی پێغەمبەر ﷺو ئایینی

پیرۆزی ئیسلام دەکەن و زۆر جار بێئاگایانە و بێ شەرمانە و دوور لە هەموو ڕاستی و پێوەرێکی زانستی دەیانوروژێنن.

بۆیە ئێمە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر ئەو دوو تەوەرەی ژیانی پێغەمبەری خودا ﷺ کە بەلای ئێمەی بڕوادارەوە سەروەری و شکۆمەندی و پەند و بەهرەکانیان ئەگەر لە لایەنەکانی ژیانی دیکەی زیاتر نەبن کەمتر نین.

گرنگی ئەم پەڕتووکە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە وەڵامێکی زانستی و بابەتیانەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بەشوێن ڕاستیی ڕووداوەکاندا دەگەڕێن و هەوڵ دەدەن وەك چۆن ڕوویان داوە، یان گوتراون ئاوا لێی تێ بگەن، نەك وەك خەڵکانێك کە بۆ مەرامی بەدی خۆیان بە ئاوەژووەوە باسیان لێوە دەکەن.

لە پێناو پاراستنی بەهای زانستی پەڕتووکەکەشدا ئەم چەند خاڵەم گرتۆتە بەر:

- بۆ زیاتر تۆکمەکردن و بە پێزیی بابەتەکان و پشتئەستوربوون لە ڕاستیی و دروستییان، هەر ڕووداو یان فەرموودەیەك کە قسەم لەسەر کردوە، سەرەتا گەڕاومەتەوە سەر سەرچاوە ڕەسەنەکانی و هەتا تەواو دڵنیا نەبووبم لە دروستییان لە هەموو ڕوویەکەوە باسم نەکردوون و سەرجەم سەرچاوەکانیشم لە پەراوێزدا تۆمار کردووە.

بەڵام لە بەر ئەوەی زۆرینەی بابەتەکانی پەرتووکەکە هەمووی ڕووداون، نەدەکرا بەهەمان شێوەی فەرموودەکان لە پەراوێزدا باسی سەرچاوەکانی یەکە بەیەکەیان بکەم؛ هەر بۆیە لە پەراوێزدا ئاماژەم بە سەرچاوەکانیان نەکردووە؛ بەڵام پاشتر لە پێرِستی سەرچاوەکاندا ئاماژەم بە هەموو ئەو سەرچاوانە کردووە کە پشتم پێ بەستوون و هەموویشیان سەرچاوەی ڕەسەن و باوەڕپێکراون.

- هەر سەبارەت بە ڕووداوە مێژووییەکان، زۆر بەدەگمەن ڕێم لە ڕووداوێك کەوتووە کە زانایان بە کۆی دەنگ ڕایان لە سەر بووبێت، بە تایبەتیش لە شتە لاوەکیەکاندا، وەك بەرواری لە دایکبوون، یان مردنی کەسێك، یان شوێنی ڕوودانی کارێك، بگرە لە مەڕ هەر ڕووداوێك لەم ڕووداوانە چەندین بۆچوونی جیاوازی لەسەر هەبووە، بەڵام من ئەوپەڕی هەوڵم داوە لەبەر ئاڵۆز نەکردنی بابەتەکان تەنها ڕای پەسەند وەربگرم و بابەتەکە و خوێنەریش لەو هەموو ئاڵۆزی و بۆچوونە جیاوازە ڕزگار بکەم.

- جگە لەوەی کە دەقی هەموو فەرموودەکانم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، هەر وشەیەکی عەرەبی ئاڵۆزیشیان تێدا بەکار هاتبێت دیسانەوە لە پەراوێزدا بە کوردیی راڤەم کردووە.

- لە بەر رەوان خوێندنەوەی ناوەکان هەوڵم داوە سەرجەم ناوەکان لە سەرەتای باسکردنیاندا بە زمانی عەرەبی بنووسمەوە و پاشتریش بە زمانی کوردی نووسیومەتەوە، ئەگەر ناوێکیش بە کوردیی دارِشتنەوەی قورس بووبێت ئەوە هەر بە زمانی عەرەبی نووسیومە.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم کە زۆر سوپاسی ئەو کەسانە بکەم کە شایەنی سوپاسن و ئەرکیان لەگەڵ ئەم بەرهەمەدا کێشا، کە ئەوانیش بە گشتی برایانی ستافی رۆژنامەی (کۆمەڵ) بوون کە لە ستوونێکی تایبەتدا و لە ماوەی (٣٧) زنجیرەدا و لە ژمارەکانی (٣٥٩-٣٩٧)ی رۆژنامەکەیاندا بابەتەکەیان خستە بەر دیدەی خوێنەری بەرِێز، بە تایبەتییش هەر دوو برای بەرِێزم کاك (هاوژین عومەر) و کاك (ڕەوشت موحەممەد) کە زیاتر لەگەڵی ماندوو بوون، خوای گەورە پاداشتی هەموو لایەك بداتەوە.

# باسی یەکەم

## خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ

**خێزانی یەکەم:** خَدِيجَةُ بِنْتُ خُوَيْلِدِ بْنِ أَسَدِ بْنِ عَبْدِ الْعُزَّى.

**خێزانی دووەم:** سوودةُ بنتُ زَمْعَةَ بن قَيْسِ بن عَبْدِ شَمْسِ بن عَبْدِ وُدٍّ.

**خێزانی سێیەم:** عَائِشَةُ بِنْتُ أَبِي بَكْرٍ الصّدّيقِ عبدِ الله بن أبي قُحافة التَّيْمِيَّةُ.

**خێزانی چوارەم:** حَفْصَةُ بِنْتُ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ الْعَدويَّة.

**خێزانی پێنجەم:** زَيْنَبَ بِنْتَ خُزَيْمَةَ بْنِ الْحَارِثِ.

**خێزانی شەشەم:** هِنْدُ بِنْتُ أَبِي أُمَيَّةَ.

**خێزانی حەوتەم:** زَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ بْنِ رِئَابٍ.

**خێزانی هەشتەم:** رَيْحَانَةُ بِنْتُ  بِنْتُ زَيْدِ بْنِ عَمْرِو بْنِ خُنَافَةَ بْنِ شَمْعُونَ النّضَرِيّة.

**خێزانی نۆیەم:** جُوَيْرِيَةُ بِنْتُ الْحَارِثِ.

**خێزانی دەیەم:** رَمْلَةُ بِنْتُ أَبِي سُفْيَانَ.

**خێزانی یازدەیەم:** صَفِيَّةَ بِنْتَ حُيَيّ بْنِ أَخْطَبَ.

**خێزانی دوازدەیەم:** مَيْمُونَةَ بنت الْحَارِثِ بْنِ حَزْنِ بْنِ بُجَيْرٍ.

**ئایا پێغەمبەری خودا ﷺ کەسێکی ئارەزووباز بووە؟!**

**بۆچی پێغەمبەری خودا ﷺ زیاتر لە چوار ژنی هێناوە؟!**

# خێزانی یەکەم

- ناوی خاتوو: (خَدِيجَةُ بِنْتُ خُوَيْلِدِ بْنِ أَسَدِ بْنِ عَبْدِ الْعُزَّى)یە، دایکیشی ناوی (فَاطِمَةَ بِنْتِ زَائِدَةَ بْنِ الْأَصَمّ) ە.

- خاتوو خەدیجە یەکێك بووە لەو ئافرەتانەی کە لەناو قورەیشدا بە ڕەوشتبەرزیی و ژیریی و قسەزانی و دەوڵەمەندی ناسراوە و لە بەر داوێنپاکی و ڕەوشتبەرزیی نازناوی (الطاهرة)ی لێ نراوە.

- بەر لەوەی ببێتە خێزانی پێغەمبەر ﷺ خاتوو خەدیجە دوو شووی تری کردووە، شووی یەکەمیان بە (عَتِيقَ بْنَ عَائِذٍ) بووە، و شووی دووەمیشیان بە (أَبُو هَالَةَ التَّمِيمِيُّ) بووە.

- سەرەڕای ئەوەی کە بێوەژنیش بووە و تەمەنیشی هەبووە؛ بەڵام لەبەر ڕەوشتبەرزیی چەندین کەسی ناودار و خاوەن هۆز و سامان و دەسەڵات داوایان کردووە، بەڵام ئەو شووی بەکەسیان نەکردووە .

- لە تەمەنی (٤٠) ساڵیدا و لەبەر سەر ڕاستی و دەستپاکی و ڕەوشتبەرزی پێغەمبەر ﷺ، خاتوو خەدیجە هاوەڵێکی خۆی بە ناوی (نَفِيسَةَ بِنْتَ مُنية) دەنێرێتە لای پێغەمبەر ﷺ و پێی ڕادەگەیەنێت کە ئەو ئامادەیە شووی پێ بکات ئەگەر پێغەمبەری خودا ﷺ بیەوێت.

- پێغەمبەری خودایش ﷺ داواکەی خاتوو خەدیجە ڕەت ناکاتەوە و لە تەمەنی (٢٥) ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات.

- ئەمەیش هەموو ئەو دەنگۆ و درۆیانە ڕەت دەکاتەوە، کە گوایە پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەر سەروەت و سامانەکەی خاتوو خەدیجی هێناوە و ئەو داوای هاوسەرگیری لە خاتوو خەدیجە کردوە، بەڵکو کارەکە بە پێچەوانەوە بووە.

- پێغەمبەری خودا ﷺ بەر لە خاتوو خەدیجە هیچ خێزانی تری نەبووە و نەهێناوە.

- ماوەی نزیکەی (٢٥) ساڵ ژیانی هاوسەرییان بەردەوام بووە و پێغەمبەری خودا ﷺ لەو ماوەیەدا هیچ ژنی تری بەسەر خاتوو خەدیجە نەهێناوە.

- پاش ئەوەی پێغەمبەری خودا ﷺ نیگای لە ئاسمانەوە بۆ هاتووە، خاتوو خەدیجە یەکەم کەس بووە کە باوەڕی بە پەیام و پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر ﷺ هێناوە.

- لە ماوەی ژیانی هاوسەرییاندا خوای گەورە (٣) کوڕ و (٤) کچی پێ بەخشیون:

کوڕەکان بە ناوەکانی (قاسم) کە یەکەم منداڵیان بووە و پێغەمبەری خودا ﷺ بە نازناوی ئەوەوە بانگ کراوە بە (أبا القاسم) پاشان: (عبد الله) و پاشتر (طيب، يان طاهر).

کچەکانیش بە ناوەکانی: (زَيْنَب)، (رُقَيَّة)، (أُمَّ كُلْثُوم) و (فَاطِمَة).

- خاتوو خەدیجە هەر لە مەککە و (٣) ساڵ بەر لەوەی پێغەمبەر ﷺ کۆچ بکات بۆ مەدینە لە مانگی ڕەمەزاندا و لە تەمەنی (٦٥) ساڵییدا کۆچی دوایی کردووە وتەرمی پیرۆزی لە (الحجون) بەخاك سپێردراوە.

- کاتێك خاتوو خەدیجە کۆچی دوایی کردوە پێغەمبەری خودا ﷺ تەمەنی (٥٠) ساڵ بوو.

- خاتوو خەدیجە یەکێك بووە لەو خێزانانەی کە ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و بەرچاوی بینیوە لە سەرخستن و پشتگیریکردنی پێغەمبەری خودا ﷺ و بانگەوازەکەی، بەتایبەتی لە سەرەتاکانی بانگەوازدا، هەر بۆیە خوای پەروەردگار هەر لە ژیانیدا مژدەی بەهەشتی پێ داوە و ئەبوهورەیرە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: {أَتَى جِبْرِيلُ النَّبِيَّ ﷺ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ هَذِهِ خَدِيجَةُ قَدْ أَتَتْ مَعَهَا إِنَاءٌ فِيهِ طَعَامٌ وَشَرَابٌ، فَإِذَا هِيَ أَتَتْك فَاقْرَأْ عَلَيْهَا السَّلَامَ مِنْ رَبِّهَا، وَبَشِّرْهَا بِبَيْتٍ فِي الْجَنَّةِ مِنْ قَصَبٍ لَا صَخَبَ فِيهِ وَلَا نَصَبَ}[1]. واتە: جبریل هاتە خزمەتی پێغەمبەری خودا ﷺ و پێی فەرموو، ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ، ئەوە خەدیجەیە هات، خوانێکی پێیە خواردن و خواردنەوەی تێدایە، ئەگەر گەیشتە لات، پێی ڕابگەیەنە کە خوای گەورە سەلامی لێ دەکات و مژدەیشی بدەرێ بە کۆشکێك لە ئەڵماس و مرواری لە بەهەشتدا کە نە ناخۆشی و نە نەخۆشی تێدا نابینێت.

- پێغەمبەری خوا ﷺ خاتوو خەدیجەی زۆر خۆشویستوە و تەنانەت دوای وەفاتیشی هەر باسی چاکە و یادەوەرییەکانی کردووە و هەمیشە کەس و کار و دۆستان و خزمەکانی لە بۆنەکاندا بەسەر کردۆتەوە و بە باشترین ئافرەتانی سەر زەوی ناوی بردووە و

---

١ - البخاري (محمد بن إسماعيل البخاري)، صحيح البخاري، ج٣، كتاب (٦٦) فضائل الصحابة، باب (٥٠) تزويج النبي ﷺ خديجة وفضلها رضي الله عنها، ط٣ ، ١٤٠٧، الحديث (٣٦٠٩) تحقيق: مصطفى ديب البغا، ص١٣٨٩. مسلم (مسلم بن الحجاج بن مسلم)، صحيح مسلم، ج٧، كتاب (٤٥) فضائل الصحابة، باب (١٢) فضائل خديجة أم المؤمنين رضي الله تعالى عنها، دار الجيل، بيروت، الحديث (٦٤٢٦)، ص١٣٣.

فەرموویەتی: {خَيْرُ نِسَائِهَا مَرْيَمُ بِنْتُ عِمْرَانَ، وَخَيْرُ نِسَائِهَا خَدِيجَةُ بِنْتُ خُوَيْلِدٍ}[١]. واتە: باشترینی ئافرەتانی ئەم سەرزەوییە، خاتوو مەریەمی کچی عیمران و خاتوو خەدیجەی کچی خوەیلدە.

- پێغەمبەری خودا ﷺئەوەندە باسی خاتوو خەدیجەی کردوە و وەسفی کردوە، خاتوو عائیشە بە مردووییش غیرەی لێ کردوە و خۆی لەو بارەیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (مَا غِرْتُ عَلَى امْرَأَةٍ مَا غِرْتُ عَلَى خَدِيجَةَ، وَلَقَدْ هَلَكَتْ قَبْلَ أَنْ يَتَزَوَّجَنِي بِثَلاَثِ سِنِينَ لِمَا كُنْتُ أَسْمَعُهُ يَذْكُرُهَا)[٢]. واتە: ئەوەندەی لە خاتوو خەدیجە غیرەم دەکرد لە هیچ خێزانێکی تری پێغەمبەر ﷺ ئەوەندە غیرەم نەدەکرد، هەرچەندە ئەو (٣) ساڵ بەر لەوەی من ببمە خێزانی پێغەمبەر ﷺ کۆچی دوایی کردبوو، وە لە ژیانیشدا نەمابوو، بەڵام یغەمبەری خودا ﷺ ئەوەندە باسی دەکرد و یادی دەکرد غیرەم زۆر لێ دەکرد.

- ئەم وەفاو خۆشەویستییەی پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ خاتوو خەدیجە جارێکی تریش ئەو دەنگۆیانە ڕەت دەکەنەوە کە گوایە پێغەمبەری خودا ﷺ لەبەر داهات و دەوڵەمەندییەکەی خاتوو خەدیجەی هێناوە؛ چونکە ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بووایە دەبوو پێغەمبەری خودا ﷺ پاش وەفاتی خاتوو خەدیجە هەر باسیشی نەکردایە و لەبیریشی نەبوایە؛ بەڵام بە پێچەوانەوە خۆشەویستی و ڕێز و وەفای پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ ئەو خاتوونە بەڕێزە پاش مردنی کەمتر نەبووە لە پێش مردنی، هەر ئەوەیش وایکردوە کە خۆشەویسترین خێزانی کە خاتوو عائیشە بووە بە مردووییش غیرەی لێ بکات.

---

١ - البخاري، نفس المصدر، ج٣، الحديث (٣٦٠٤)، ص١٣٨٨. مسلم، نفس المصدر، ج٧، الحديث (٦٤٢٤)، ص١٣٢.

٢ - البخاري، نفس المصدر، ج٥، كتاب (٨١) الأدب، باب (٢٣) حسن العهد من الإيمان، الحديث (٥٦٥٨)، ص٢٢٣٧. مسلم، نفس المصدر، ج٧، الحديث (٦٤٣٠)، ص١٣٣.

## خێزانی دووەم

- وەفاتی خاتوو خەدیجە، بۆشاییەکی گەورەی لە ژیانی پێغەمبەری خوادا ﷺدروست کرد؛ چونکە بە وەفاتی ئەو پێغەمبەری خودا ﷺ کەسێکی زۆر خۆشەویست و دڵسۆزێکی بێوێنە و پشتیوانێکی بەئەمەکی لەدەستدا، کە هەر لەسەرەتای بانگەوازەوە هاودەم و هاوخەمی بوو، وە لێبڕاوانە خۆی ماڵ و منداڵ و سەروەتی خستبووە خزمەت پێغەمبەر ﷺو بانگەواز و ئایینەکەیەوە.

- ئەمە جگە لەوەی کە لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە خاتوو خەدیجە پاش وەفاتی خۆی، شەش منداڵی بێکەسی بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ بەجێ هێشت، کە چواریان کچ بوون، وپێغەمبەری خودایش ﷺ لەبەر سەرقاڵی بەکاری بانگەوازەوە نەیدەتوانی وەکو پێویست بەدەمیانەوە بێت و نازیان بکێشێت.

- بۆیە پاش ماوەیەك لە کۆچی دوایی خاتوو خەدیجە و لە ژێر فشاری بێنەوایی و بێنازی منداڵەکانیدا و سەرقاڵی خۆی بەکاری بانگەوازەوە، بۆ جاری دووەم بڕیاری ژیانی هاوسەرگیرییەکی نوێ دەدات.

- خێزانی دووەمی ئافرەتێك بووە بە ناوی خاتوو: (سوودةُ بنتُ زَمْعَةَ بن قَيْسِ بن عَبْدِ شَمْسِ بن عَبْدِ وُدِّ). دایکیشی ناوی (الشَّمُوس بنت قَيس بن زيد) بوو.

- بەر لە پێغەمبەری خودا ﷺ، خاتوو سەودە خێزانی ئامۆزایەکی خۆی بوو بە ناوی (السّكْرَانِ بْنِ عَمْروو بْنِ عَبْدِ شَمْسِ). و لەو هاوسەرگیرییەی شەش منداڵی هەبوو.

- خاتوو سەودە یەکێك بوو لەو بڕوادارانەی کە هەر لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە باوەڕی بە بانگەوازەکەی پێغەمبەر ﷺ و ئایینی پیرۆزی ئیسلام هێنابوو، وە لەو پێناوەشدا تووشی ناڕەحەتی و چەوسانەوەی زۆر هاتبوو، هەر بەو هۆیەیشەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی و چەندین بڕواداری تر بە ناچاری مەککەیان جێهێشتبوو چووبونە حەبەشە.

- پاش ماوەیەك و کاتێك بیستبویان کە بێباوەڕانی قورەیش دەستیان لە ئازاردانی و چەوسانەوەی باوەڕداران هەڵگرتووە، لەگەڵ مێردەکەی وچەندین باوەڕداری کۆچکردووی تر

گەڕاونەتەوە شاری مەککە وهەر لەمەککە هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردوە وئەمیش بە شەش منداڵەوە بێکەس و بێلانە ماوەتەوە.

- پێغەمبەری خودا ﷺ وەکو وەفادارییەك بۆ بەئەمەکی و لێبڕاوی خاتوو سەودە و لەپێناو پەنادان و ڕزگارکردنی لە چنگی چەپەڵی بێباوەڕان و داڵدەدانی خۆی و منداڵەکانی و لەسەر پێشنیاری خاتوو (خَوْلَةُ بِنْتُ حَكِيمِ بْنِ الأَوْقَصِ) و لە ساڵی (١٠) پێغەمبەرایەتیدا بڕیاری هاوسەرگیریی لەگەڵ خاتوو سەودە داوە و ژیانی خێزانی لەگەڵ پێك هێناوە.

- هاوشێوەی خاتوو خەدیجە، خاتوو سەودەیش (١٥) ساڵ تەمەنی لە تەمەنی پێغەمبەری خوا ﷺ زیاتر بووە، وە ئەو کاتەی هاوسەرگیری لە گەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ کردوە تەمەنی (٦٦) بووە و پێغەمبەریش ﷺ تەمەنی (٥١) ساڵ بووە. هەر بۆیە ئەم هاوسەرگیرییەی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ خاتوو سەودە زۆر جێی سەرسوڕمانی بێباوەڕانی قوڕەیش و خەڵکی مەککە بوو، چونکە هەرگیز باوەڕیان نەدەکرد کە پێغەمبەری خودا ﷺ پاش خاتوو خەدیجە هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی بێوەژنی هەژاری بێکەسی بەساڵاچووی هەتیوباری وەك خاتوو سەودەدا بکات.

- ماوەی نزیکەی چوار ساڵ پێغەمبەری خودا ﷺ لەگەڵ خاتوو سەودە ماوەتەوە و لەو ماوەیشدا هیچ هاوسەری تری بەسەر نەهێناوە، هەرچەند خاتوو عائیشەی مارە کردووە بەڵام نەیگواستووەتەوە تا ئەو کاتەی کە کۆچی کردووە بۆ مەدینە.

- خاتوو سەودە ئەوەندە ئافرەتێکی خواناس و بەخشندە و میهرەبان بووە، خاتوو عائیشە لە بارەیەوە گوتویەتی: (مَا رَأيْتُ امْرَأةً احَبَّ الَيَّ انْ اكُونَ فِي مِسْلاخِهَا مِنْ سوودةَ بِنْتِ زَمْعَةَ)[1]. واتە: هیچ ئافرەتێکم نەبینیوە حەز بکەم لەو بچم و وەك ئەو وابم، ئەوەندەی حەزم کردوە لە خاتوو سەودە بچم و وەك ئەو وابم.

- پاش ئەوەی کە خاتوو سەودە زۆر بەساڵاچووە، تەمەنی لە هەشتا ساڵ نزیك بووەتەوە بە پێغەمبەری خودای ﷺ گوتووە: من لەمەو دوا کارێکم بە پیاو نەماوە -دیارە مەبەستی کاری سەرجێیە- بەڵام هەر حەز دەکەم خێزانت بم و لە دوارۆژدا وەك

---

١ - مسلم، صحيح مسلم، ج٤، كتاب (١٨) الرضاع، باب (١٤) جواز هبتها نوبتها لضرتها، الحديث (٣٧٠٢)، ص١٧٤. إبن حبان (محمد بن حبان)، صحيح ابن حبان بترتيب ابن بلبان، ج١٠، باب (١٢) القسم، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط٢، ١٩٩٣، الحديث (٤٢١١)، تحقيق: شعيب الأرنؤوط، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط البخاري، ص١٢.

هاوسەرێکی تۆ لەگەڵ خێزانەکانی ترت زیندوو بکرێمەوە، پاشتر دەستی لەو مافەی خۆی هەڵگرتووە کە پێغەمبەری خودا ﷺ لەگەڵ خێزانەکاتی تری بە یەکسانی شەوەکانیان لە نێواندا دابەش بکات و ئەو مافەی خۆی بەخشیوەتە خاتوو عائیشە.

- خاتوو سەودە لە تەمەنی موبارەکی لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ تەنها (٥) فەرموودەی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ گێڕاوەتەوە.

- لە مانگی شەووالی ساڵی (٥٤) کۆچی و لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیاندا خاتوو سەودە کۆچی دوایی کردووە.

## خێزانی سێیەم

- پاش کۆچی دووایی خاتوو خەدیجە و هەر لە مەککەدا و پاش ماوەیەك لە هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو سەودە، پێغەمبەری خودا ﷺ خاتوو عائیشەی مارە کردووە.

- خاتوو عائیشە لە شاری مەککە و لە ساڵی (٤) ی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر ﷺ لەدایك بووە و لە تەمەنی (٧) ساڵیدا پێغەمبەری خودا ﷺ مارەی کردووە، پاش کۆچکردنی بۆ مەدینە، لە مەدینە و لە مانگی شەووالی ساڵی (٢) ی کۆچی و لە تەمەنی (٩) ساڵیدا گواستویەتییەوە و ژیانی هاوسەری لەگەڵ پێکهێناوە.

- خاتوو عائیشە ناوی: (عَائِشَةُ بِنْتُ أَبِي بَكْرٍ الصّدّيقِ عبدِ الله بن أبي قُحافة التَّيْمِيَّةُ) و کچی یەکەم هاوەڵ و جێنشین و باوەڕدار و خۆشەویسترین کەسی پێغەمبەر بووە ﷺ ، دایکیشی ناوی: (أُمّ روومَانَ زينب بِنْتُ عَامِرٍ)ە.

- پێغەمبەری خودا ﷺ لەسەر حەز و ویستی خۆی خاتوو عائیشەی هەڵنەبژاردووە، بەڵکو چەند جارێك لە خەودا پێی گوتراوە و وێنەی خاتوو عائیشەی پێ نیشان دراوە کە لە داهاتوودا دەبێتە خێزانی، لەو بارەیەشەوە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: {أُرِيتُكِ فِي الْمَنَامِ مَرَّتَيْنِ أَرَى أَنَّكِ فِي سَرَقَةٍ مِنْ حَرِيرٍ يَقُولُ: هَذِهِ امْرَأَتُكَ، فَأَكْشِفُ فَإِذَا هِيَ أَنْتِ، فَأَقُولُ: إِنْ يَكُنْ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ يُمْضِهِ}[1]. واتە: دوو جار لە خەودا تۆیان نیشاندام، لە دووتوێی پارچەیەك ئاوریشمدا بویت، جبریل پێی دەگوتم: ئەوە خێزانتە، کە ئاوریشمەکەم دەکردەوە تۆم دەبینی، دەمگوت: ئەگەر ئەم کارە لە لایەن خوداوە بێت و ویستی ئەوی لەسەر بێت هەر دەبێت.

- هەرچەندە خاتوو عائیشە هیچ منداڵیشی نەبووە بەڵام پێغەمبەری خودا ﷺ نازناوی (أُمَّ عَبْدِ اللَّهِ)ی لێ ناوە، بە خۆشی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە کە خوشکەزای خاتوو عائیشە بووە و یەکەم منداڵی کۆچبەرەکان بووە کە لە مەدینە لەدایك بووە.

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج٣، كتاب (٦٦) فضائل الصحابة، باب (٧٣) تزويج النبي ﷺ عائشة، وقدومها المدينة، وبنائه بها، الحديث (٣٦٨٢)، ص١٤١٥. مسلم، صحيح مسلم، ج٧،ص١٣٤، كتاب (٤٥) فضائل الصحابة، باب (١٣) في فضل عائشة رضي الله تعالى عنها، الحديث (٦٤٣٦).

- خوای گەورە میهری زۆری لەگەڵ خاتوو عائیشە کردوە و تایبەتمەندی زۆری پێداوە، خۆی لە بارەی هەندێکیانەوە دەڵێت: (لَقَدْ أُعْطِيتُ تِسْعًا مَا أُعْطِيَتْهَا امْرَأَةٌ بَعْدَ مَرْيَمَ بِنْتِ عِمْرَانَ: لَقَدْ نَزَلَ جِبْرِيلُ بِصُورَتِي فِي رَاحَتِهِ حَتَّى أَمَرَ رَسُولَ اللهِ ﷺ أَنْ يَتَزَوَّجَنِي، وَلَقَدْ تَزَوَّجَنِي بِكْرًا، وَمَا تَزَوَّجَ بِكْرًا غَيْرِي، وَلَقَدْ قُبِضَ وَرَأْسُهُ فِي حِجْرِي، وَلَقَدْ قَبَرْتُهُ فِي بَيْتِي، وَلَقَدْ حَفَّتِ الْمَلَائِكَةُ بِبَيْتِي، وَإِنْ كَانَ الْوَحْيُ لَيَنْزِلُ عَلَيْهِ وَإِنِّي لَمَعَهُ فِي لِحَافِهِ، وَإِنِّي لَابْنَةُ خَلِيفَتِهِ وَصِدِّيقِهِ، وَلَقَدْ نَزَلَ عُذْرِي مِنَ السَّمَاءِ، وَلَقَدْ خُلِقْتُ طَيِّبَةً عِنْدَ طَيِّبٍ، وَلَقَدْ وُعِدْتُ مَغْفِرَةً وَرِزْقًا كَرِيمًا)[١].

واتە: خوای گەورە نۆ شتی پێ بەخشیوم، کە لە پاش مەریەمی کچی عیمران بەهیچ ئافرەتێکی تری نەبەخشیوە:

١ - جبریل هاتوەتە خوارەوە و لەسەر لەپی دەستی شێوەی منی پیشانی پێغەمبەری خودا ﷺ داوە و فەرمانی پێکردووە کە من بکاتە هاوسەر و خێزانی.

٢ - پێغەمبەری خودا ﷺ منی بە کچی هێناوە و جگە لە من، هیچ کام لە خێزانەکانی تری کچ نەبوون.

٣ - پێغەمبەری ﷺ سەری لە سەر سنگ و لە باوەشی من بوو کاتێك وەفاتی کرد.

٤ - تەرمی پیرۆزی پێغەمبەر ﷺ لە ماڵەکەو لە ژورەکەی مندا بە خاك سپێردراوە.

٥ - فریشتەکانی خودا دەورەی ژورەکەی منیان داوە وهەندێك جار کە نیگای بۆ دەهات لەگەڵ من لە ژێر یەك پێخەفدا بووین.

٦ - من کچی یەکەم جێنشین و هاوەڵ و باوەڕپێکراوی پێغەمبەری خودا بووم ﷺ.

٧ - خوای گەورە لە ئاسمانەوە شایەتی داوێنپاکیی بۆ داوم.

٨ - بە پاکیی و لە خێزان و بنەماڵەیەکی باش و پاکدا دروست و پەروەردە بووم.

٩- خوای گەورە بەڵێنی لێخۆشبوون و رۆزییەکی پڕ لە میهری پێ داوم.

- پێغەمبەری خودا ﷺ لە هەموو کەس زیاتر خاتوو عائیشەی خۆشویستوە و عەمری کوڕی عاص بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت، لە پێغەمبەری خودام ﷺ پرسی: (أَيُّ

---

١ - أبو يعلى (أحمد بن علي)، مسند أبي يعلى، ج٨، دار المأمون للتراث، دمشق، ط١، ١٤٠٤، تحقيق: حسين سليم أسد، الحديث (٤٦٢٦)، ص٩٠. الهيثمي (علي بن أبي بكر الهيثمي)، مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، ج٩، دار الفكر، بيروت، ط، ١٤١٢، الحديث (١٥٣٠٧)، ص١٩٠. المباركفوري (محمد عبد الرحمن)، تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي، ج١٠، باب (٢٤) فضل عائشة رضي الله عنها، دار الكتب العلمية، بيروت، ص٢٥٦.

النَّاسِ أَحَبُّ إِلَيْكَ قَالَ:{عَائِشَةُ} قُلْتُ: مِنَ الرِّجَالِ. قَالَ: {أَبُوهَا}..)[(١)]. واتە: کێت لە هەموو کەس زیاتر خۆش دەوێت؟ فەرمووی: {عائیشە} گوتم: ئەی لە پیاوان؟ فەرمووی: {باوکی}.

- جبریل بە پێغەمبەری خوادا ﷺ بە تایبەتی سڵاوی بۆ ناردووە وخاتوو عائیشە لەو بارەیەوە دەڵێت: ڕۆژێکیان پێغەمبەری خودا ﷺ پێی گوتم: { يَا عَائِشَةَ هَذَا جِبْرِيلُ يُقْرِئُكِ السَّلَامَ}[(٢)]. واتە: {ئەی عائیشە ئەوە جبریلە سڵاوت لێ دەکات}.

- یەکێك بووە لە شارەزا ناودارەکانی ناو خێزانەکان و هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ و هەر کات هاوەڵان کێشەیەکیان لێ ئاڵۆز ببوایە دەگەڕانەوە لای خاتوو عائیشە تا بۆیان روون بکاتەوە. (إِبْنُ كَثِيرٍ) دەربارەی بلیمەتی خاتوو عائیشە دەڵێت: (لَمْ يكنْ في الأُمَمِ مِثْلُ عائشةَ في حِفْظِها، وعِلْمِها، وفَصاحَتِها، وعَقْلِها)[(٣)]. واتە: لە ناو هیچ نەتەوەیەکدا ئافرەتی وەکو خاتوو عائیشە لە بیرتیژیی وزانایی ورەوانبێژی و ژیرییدا هەڵنەکەوتووە.

پێشەوا (ذهَبِي) یش لە بارەیەوە دەڵێت: (أَفْقَهُ نساءِ الأُمَّةِ علَى الإطلاقِ، ولا أَعْلَمُ في أُمَّةِ مُحَمَّد ﷺ بَلْ ولا في النساءِ مطلقاً امرأةً أَعْلَمَ مِنْها)[(٤)]. واتە: شارەزاترین ئافرەتی ئەم نەتەوە و ئوممەتەیە بەڕەهایی ونەك تەنها لە نەتەوەی موحەممەد ﷺ بەڵکو لە ناو ئافرەتاندا بە گشتیی ئافرەتێکی لەو زیرەکتر نازانم.

تەنانەت هەندێك لە زانایان دەڵێن: یەك لەسەر چواری هەموو حوکمە شەرعییەکان لە خاتوو عائیشەوە گێڕدراوەتەوە و ئەو سەرچاوەیەتی[(٥)].

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج٣، كتاب (٦٦) فضائل الصحابة، باب (٥) قول النبي ﷺ (لو كنت متخذا خليلا)، الحديث (٣٤٦٢)، ص١٣٣٩. مسلم، صحيح مسلم، ج٧، كتاب (٤٥) فضائل الصحابة، باب (١) من فضائل أبي بكر الصديق رضي الله عنه، الحديث (٦٣٢٨)، ص١٠٩.

٢ - البخاري، صحيح البخاري، ج٣، كتاب (٦٦) فضائل الصحابة، باب (٣٠) فضل عائشة رضي الله عنها، الحديث (٣٥٥٧)، ص١٣٧٤. مسلم، صحيح مسلم، ج٧، كتاب (٤٥) فضائل الصحابة، باب (١) من فضائل أبي بكر الصديق رضي الله عنه، الحديث (٦٣٢٨)، ص١٠٩. النسائي (أحمد بن شعيب)، سنن النسائي الكبرى، ج٥، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤١١، تحقيق: د.عبد الغفار سليمان البنداري، سيد كسروي حسن، الحديث (٨٣٨٣)، ص١٠٢.

٣ - إبن كثير (إسماعيل بن عمر بن كثير)، البداية والنهاية، ج٣، مكتبة المعارف، بيروت، ص١٢٩.

٤ - الذهبي (شمس الدين محمد بن أحمد)، سير أعلام النبلاء،ج٣، ص١١٩، مؤسسة الرسالة، بيروت، تحقيق: مجموعة محققين بإشراف شعيب الأرناؤوط.

٥ - المباركفوري (محمد عبد الرحمن بن عبد الرحيم)، تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي، ج١٠، ص٢٥٥، دار الكتب العلمية، بيروت.

دیارە کەمیی تەمەن و بیرتیژیی ئەم خاتوونە بەڕێزە و زۆر نزیکی لە پێغەمبەری خواوە هۆکاری سەرەکی ئەو زیرەکیی و ناوداریيەی بووە.

- یەکێك بووە لەو ئافرەتە ناودارانەی کە بە شەرم و شکۆ، خواناسی، بەخشندەیی و میهرەبانی ناوبانگی دەرکردبوو، تەنانەت لە مردوویش شەرمی دەکرد، لەو بارەیەوە خۆی دەڵێت: (كُنْتُ أَدْخُلُ بَيْتِي الَّذِي دُفِنَ فِيهِ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَأَبِي فَأَضَعُ ثَوْبِي فَأَقُولُ إِنَّمَا هُوَ زَوْجِي وَأَبِي، فَلَمَّا دُفِنَ عُمَرُ مَعَهُمْ فَوَاللَّهِ مَا دَخَلْتُ إِلاَّ وَأَنَا مَشْدُودَةٌ عَلَيَّ ثِيَابِي حَيَاءً مِنْ عُمَرَ)[1]. واتە: کاتێك دەچوومە ئەو ژوورەم کە پێغەمبەری خودا ﷺ و باوکمی تێدا بەخاك سپێردرابوو، جلەکانم دادەنا و دەمگوت: ئەوەیان هاوسەرمە و ئەوەیشیان باوکمە، بەڵام کاتێك پێشەوا عومەریان لەوێ لەگەڵ ئەوان بەخاك سپارد، سوێند بەخوا هیچ جارێك نەچوومەتە ئەوێ ئیللا سەرپۆش و جلەکانم توند لە خۆم دەئاڵاند لە شەرمی پێشەوا عومەردا.

- یەکێك بووە لەو ئافرەتانەی کە لەبەخشندەییدا کەم وێنە بووە و (أُمّ دُرَّة) سەبارەت بە بەخشندەیی و میهرەبانیی خاتوو عائیشە دەگێڕێتەوە کە جارێکیان نزیکەی سەد هەزار درهەمی بۆ هاتووە، ئەویش بەڕۆژوو بووە و دەستی کردوە بە دابەشکردنی وهەتا ئێوارە هیچی لێ نەماوەتەوە وئێوارە کەویستویەتی رۆژووەکەی بشکێنێت، تەنها نان و رۆنیان هەبووە رۆژووی پێ بشکێنێت، (أُمّ دُرَّة) دەڵێت: پێم گوت: نەتدەتوانی لەو هەموو پارەیە بایی یەك درهەم گۆشتت بکڕیایە ئێستا رۆژووەکەت پێ بشکاندایە؟ فەرمووی: لێم توڕە مەبە ئەگەر زووتر قسەت بکردایە بەقسەم دەکردیت.

- خاتوو عائیشە لە تەمەنی پڕ لە فەڕی لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ نزیکەی (٢٢١٠) فەرموودەی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ لەبەر کردووە و گێڕاوەتەوە.

- خاتوو عائیشە لە ساڵی (٥٨) ی کۆچی و هەر لە مەدینە لە شەوی سێشەممە رێکەوتی (١٧) مانگی رەمەزان لە تەمەنی (٦٦) ساڵیی کۆچی دوایی کردووە و وەسیەتی کردووە کە ئەبوهورەیرەی هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ نوێژی لەسەر بکات وگیانی پاکی لە گۆڕستانی بەقیع بەخاك سپێردراوە.

ئەمانە گرنگترینی جومگەکانی ژیانی خاتوو عائیشە بوون.

---

١ - الإمام أحمد (أحمد بن حنبل)، المسند، ج٤٢، ص٤٤٠، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط٢، ١٤٢٠، الأثر (٢٥٦٦٠).

- لە ئێستادا خەڵکانی ناحەز ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە لەبەر ئەو جیاوازییە زۆرەی کە لەنێوان تەمەنی پێغەمبەری خودا ﷺ وخاتوو عائیشەدا هەبووە ئەو هاوسەرگیرییە گونجاو نەبووە.

لەوەڵامی ئەو ڕەخنەیەدا دەڵێین: ئێمە چەند پێوەرێکمان هەیە کە دەتوانین لە ڕێگەیانەوە حوکم لەسەر ئەو هاوسەرگیرییە بدەین و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین کە گونجاو بووە یان نا، پێوەرەکانیش بریتین لە: پێوەری شەرعی، یاسایی، زانستی، دابونەریتی کۆمەڵایەتی.

سەرەتا لە پێوەری شەرعییەوە دەست پێ دەکەین و دەڵێین: ئێمەی موسڵمان بەشێوەیەکی گشتیی باوەڕمان وایە و لەوە دڵنیاین کە پێغەمبەری خودا ﷺ هەر شتێکی فەرمووبێت یان کارێکی کردبێت، یان ئەوەتا خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە کە ئەو کارە بکات. یانیش پێغەمبەری خودا ﷺ بە بۆچوونی خۆی پێی باش بووە بیکات و کردوویەتی، جا ئەگەر بۆچوونەکەی دروست بووبێت و راستیی پێکابێت ئەوە وەك خۆی رۆیشتووە و باوەڕداران کاریان پێ کردووە و وەك سوننەت تەماشایان کردووە، خۆ ئەگەریش لە بۆچوونەکەیدا نەیپێکابێت ئەوە خوای گەورە لێی بێدەنگ نەبووە و لە ڕێی نیگاوە بۆچوونەکەی راست کردۆتەوە و ڕێگەی راستی نیشان داوە.

کەواتە ولە ئەنجامدا و لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەرچی پێغەمبەری خودا ﷺ کردبێتی و لەسەری بەردەوام بووبێت، ئەوە ویستی خوای لەسەر بووە و خوا پێی رازی بووە، هەر بۆیە و بەم پێوەرە گشتییە دڵنیاین لەوەی کە ئەگەر هاوسەرگیریی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ خاتوو عائیشە بچووکترین قسە یان رەخنەی هەڵبگرتایە، ئەوە خوای گەورە لێی بێدەنگ نەدەبوو وە ڕێگەی پێ نەدەدا.

بەگەڕانەوە بۆ دەقە شەرعییەکانیش بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم هاوسەرگیرییە هەر لەسەرەتاوە ویستی خوای گەورەی لەسەر بووە و ئەو فەرمانی پێ کردوە، نەك بەویستی پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی بووە، هەر بۆیە لەچەندین دەقی فەرموودەی دروستدا هاتووە کە جبریل بۆ چەند جارێك شێوەی خاتوو عائیشەی نیشان پێغەمبەری خودا ﷺ داوە و پێی راگەیاندووە کە ئەو ئافرەتە دەبێتە خێزانی و دەبێت بیهێنێت.

كەواتە لە ڕووی شەرعییەوە ئەم كارەی پێغەمبەر ﷺ هیچ قسە و ڕەخنەیەك هەڵناگرێت وهەركەسیش ڕەخنەی لێ بگرێت، یان بە نەگونجاوی لە قەڵەم بدات، ئەوە بییەوێت یان نەیەوێت ڕەخنەی لە فەرمان و كاری خودای كاربەجێ گرتوە و ئەمەیش بە دڵنیاییەوە لەگەڵ سەرەتاییترین واتەكانی باوەڕداری یەك ناكاتەوە.

سەرباری ئەوە ئێمە هەموومان ئەو ڕاستییە دەزانین كە ئەركی ڕوونكردنەوەی فەرمانەكانی خوای گەورە و ئایەتەكانی قورئان و حوكمە شەرعییەكان بە پێغەمبەری خودا ﷺسپێردراوە، خوای گەورە لەو بارەیەوە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ﴾[(١)]. واتە: ئێمە زیكرمان بۆ تۆ ناردۆتە خوارەوە، تا ئەوەیان بۆ ڕوون بكەیتەوە كە بۆیان هاتۆتە خوارەوە، مەبەست لە زیكر لەم ئایەتەدا سوننەتەكانی پێغەمبەرە ﷺ و ﴿مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ﴾ قورئانە.

كەواتە و بە بەڵگەی ئەم ئایەتە و چەندین ئایەتی تر لەو بارەیەوە زۆربەی ئەو كارانەی كە پێغەمبەری خودا ﷺ كردونی دەچنە خانەی ڕوونكردنەوەی حوكمە شەرعییەكان و فەرمانەكانی خوای گەورەوە، هاوسەرگیریی پێغەمبەریش ﷺ لەگەڵ خاتوو عائیشە، بەشێكە لەهەمان پرۆسە و هەمان مەبەستی تێدا بەدی دەكرێت، كە پێغەمبەری خودا ﷺ لە ڕێی ئەم پرۆسەیەوە و بەشێوەیەكی كرداری پێمان دەڵێت كە پێگەیشتنی ژن و پیاو لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە بەسەرەتای شیاویی دیاری دەكرێت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری و لەو تەمەنەوە هاوسەرەكان دەتوانن لەسەر خواست و ڕەزامەندیی خۆیان و بەمۆڵەتی سەرپەرشتیارە شەرعییەكانیان گرێبەستی هاوسەرگیریی ئەنجام بدەن.

هەر بۆیە پێویستە لە دیدی خەڵكی بڕوادارەوە ئەم كار و پرۆسەیەیش وەك ئەركێكی تری پێغەمبەرایەتی سەیر بكرێت، نەك وەك خواست و حەز و ئارەزوویەكی تاكەكەسی پێغەمبەرﷺ و مرۆڤێكی ئاسایی.

سەبارەت بە پێوەری یاساییش:

---

١ – سورة النحل: الآية: ٤٤.

ئەگەر بمانەوێت لە ڕووی یاساییەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم پرۆسەیە بکەین و قسەی لەسەر بکەین:

ئەوە خاتوو عائیشە کاتێك مارە بڕدراوە لە سەرەتای تەمەنی پێگەیشتنیدا بووە و لە ڕووی یاساییشەوە مرۆڤ لەم تەمەنەدا (أهلية الأداء الناقصة)ی هەیە[1]، واتە: مرۆڤ توانست توانست و شیاوی یاسایی هەیە کە هەندێك لەو کار و ئەرکە یاساییانەی دەکەوێتە ئەستۆی بەئەنجامی بگەیەنێت.

بەشێوەیەکی گشتیی ئەو ئەرك و کارانەی مرۆڤ لەم تەمەنەدا ئەنجامی دەدات دەکرێت بە سێ بەشەوە:

١- ئەگەر ئەو کارەی دەیکات جگە لە زیان، چاوەڕوانی سوودی لێ نەدەکرا، ئەوە ئەو کارەی لە ڕووی یاساییەوە بەتاڵە و هیچ شوێنەواری لێ ناکەوێتەوە، کەسیش مافی ئەوەی نییە مۆڵەتی بدات.

٢- ئەگەر ئەو کارەی دەیکات جگە لە سوود، چاوەڕوانی زیانی لێ نەدەکرا، ئەوە ئەو کارەی لە ڕووی یاساییەوە یەکسەر جێبەجێ دەکرێت و دروستە و هیچ گرفتی نییە، و هەموو شوێنەوارێکی یاساییشی لەسەر دروست دەبێت و پێویستی بە مۆڵەتی کەس نییە.

٣- ئەگەر ئەو کارەی دەیکات ئەگەری سوود و زیانیشی هەبوو، ئەوە پرس بە باوك، یان کەسی سەرپەرشتیاری دەکرێت، ئەگەر مۆڵەتی کردنی کارەکەی دا، ئەوە وەك بەشی دووەم وایە و دروستە و هیچ گرفتی نییە، بەڵام ئەگەر ڕێگەی پێ نەدا، ئەوە وەکو بەشی یەکەم وایە و بەتاڵە و هیچ شوێنەواری لێ ناکەوێتەوە.

گرێبەستی هاوسەرگیرییش لە بەشی سێیەمی ئەم جۆرە کارانە پۆلێن دەکرێت وئەگەری سوود و زیانیشی هەیە و بە پرسی کەسی سەرپەرشتیار جێبەجێ دەکرێت.

جا خاتوو عائیشە کاتێك هاوسەرگیری لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ کردوە لەسەرەتای تەمەنی پێگەیشتندا بووە و بە پرسی باوکی ئەم گرێبەستەی ئەنجام داوە ولەڕووی یاساییشەوە گرێبەستی لەو جۆرە هیچ گرفتێکی نییە و مافی ڕەوای هەموو کەسێکە نەك

---

١ - هەرچەندە یاسای باری کەسێتی ئێستا لە تەمەنی پازدە ساڵیدا بەو چاوە سەیری مرۆڤ دەکات؛ بەڵام ئەمە لە ڕووی زانستی و شەرعیشەوە هەڵەیە، چونکە مرۆڤ لە تەمەنی پازدە ساڵیدا باڵغە و هەموو ئەرك و حوکمە شەرعییەکان دەیگرێتەوە وهەرگیز ناکرێت بە چاوی منداڵ سەیر بکرێت.

تەنها خاتوو عائیشە و جیاوازی تەمەنی نێوان هاوسەرەکان لەهیچ دەقێکی یاساییدا بەمەرج نەگیراوە؛ کەواتە ئەم هاوسەرگیرییە لە رووی یاساییشەوە هیچ گرفتی نییە و بە هاوسەرگیرییەکی دروست و تەواو دادەنرێت.

سەبارەت بە پێوەری زانستی:

لە رووی زانستیشەوە شتێکی بەڵگە نەویستە کە ئافرەتان لە ناوچە گەرمەکاندا زووتر پێدەگەن بە بەراورد بە ئافرەتان لە ناوچە ساردەکاندا، بۆ نموونە ئافرەتانی زۆرێك لە وڵاتانی کەنداو لە تەمەنی (٨-٩) پێدەگەن، بەڵام لە ناوچە ساردەکاندا لە تەمەنی (١٣-١٤)ساڵییدا پێدەگەن.

خاتوو عائیشەیش لە ناوچە گەرمەکاندا ژیاوە، هەر بۆیە زانایان کۆکن لە سەر ئەوەی کە کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ گواستویەتیەوە پێگەیشتوو بووە.

سەبارەت بە پێوەری دابونەریتی کۆمەڵایەتییش:

سەرەتا ئێمە کاتێك دەمانەوێت حوکم بەسەر هەر کارێکدا بدەین کە لە رابوردوویەکی دووردا روویداوە لە رووی شیاویی، یان نەشیاویی کۆمەڵایەتییەوە، دەبێت بارودۆخ و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە بەهەند وەربگرین کە کارەکە تێیدا ڕوویداوە، نەك دابونەریتی ئەو کاتەی ئێمە قسەی تێدا دەکەین، گەر نا ئەوە حوکمەکەمان لاسەنگ و ستەمکارانە دەبێت .

هاوسەرگیریی پێغەمبەریش ﷺ لەگەڵ خاتوو عائیشە بەر لە نزیکەی (١٤٥٠) روویداوە، بۆیە ئێمە ناتوانین لە روانگەی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی (٢١) ە وە قسە لەسەر ئەو هاوسەرگیرییە بکەین و حوکمی شیاویی، یان نەشیاویی بدەین؛ بەڵکو دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەم و بارودۆخەی کە هاوسەرگیرییەکەی تێدا ئەنجامدراوە.

چونکە لەو سەردەمانەدا ولە ناو کۆمەڵگەی عەرەبی بە گشتیی و قورەیش و مەککە بە تایبەتی، تەمەن لە پڕۆسەی هاوسەرگیرییدا زۆر بەهەند وەرنەگیراوە و قسەی لەسەر نەکراوە، هەر بۆیە دەبینین پێغەمبەری خودا ﷺ بەر لە خاتوو عائیشە، دوو خێزانی تری هەبووە هەردووکیان (١٥) ساڵ تەمەنیان لە خۆی زیاتر بووە و هەردووکیشیان بێوەژن بوون، پاشتریش کە خاتوو عائیشەی لەو تەمەنەدا هێناوە دیسانەوە شتێکی ئاسایی بووە و

کەس قسەی لەسەر نەکردووە و نەبووەتە جێی ڕەخنەی بێ باوەڕان و هەر کەسیش باسی نەکردوە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەگەر ئەو کارە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کارێکی نامۆ بوایە، ئەوە بەدڵناییەوە دەیناکردە هەڵاو و دونیایان لێ تێ دەگەیاند؛ چونکە بێباوەڕان بە شوێن بچوکترین ڕەخنەدا دەگەڕان کە لەسەر پێغەمبەری خودای ﷺ بگرن.

سەرەڕای ئەمان هەمووی هاوشێوەی ئەو هاوسەرگیرییە لەو سەردەمانەدا زۆر باو بووە، بەڵام لەبەر بێ بایەخییان باس نەکراون، خۆ ئەگەر پێغەمبەریش ﷺ کەسێکی ئاسایی بوایە و مێژووی تەمەنی بە هەموو وردەکارییەکانییەوە تۆمار نەکرایە، ئەوا ئەم هاوسەرگیرییەیش وەك هەزارەها هاوسەرگیریی هاوشێوەی خۆی لەو سەردەمانەدا هەر باس نەدەکران و مێژوو تێی دەپەڕاند. هەر بۆ نموونە: (عَبْد الْمُطَّلِبِ)ی باپیری پێغەمبەر ﷺ کاتی خۆی (هَالَةَ)ی ئامۆزا و هاوتەمەنی (آمِنَة) ی دایکی پێغەمبەری ﷺ هێناوە، کە (آمِنَة) خێزانی بچووکترین کوڕی بووە کە (عَبْدُ اللَّهِ) ی باوکی پێغەمبەرە ﷺ هەروەها پێشەوا عومەر کچێکی پێشەوا عەلی هێناوە کە عومەر لە باوکیشی گەورەتر بووە. جا ئەم دابونەریتە کە کاتی خۆی باو بووە تا چەند لەگەڵ دابونەریتی ئەم سەردەمەدا دەگونجێت ئەمە بابەتێکی ترە.

ئەم جیاوازییەی نێوان دابونەریتەکان و سەردەمەکانیش خۆی لە خۆیدا هەرگیز نابێتە پێوەری ئەوەی کە ئێمە لەوان باشترین، یان دابونەریتی ئێمە بە بەهاتر و باڵاترە، بەڵکو پێوەری شەرع ئەم حوکمانە یەکلا دەکاتەوە و دەیسەلمێنێت کە کام کۆمەڵگە و دابونەریتی کام سەردەم بە بەهاتر و باڵاترە.

هەر بۆیە ناتوانین بڵێین ئەو دابونەریتەی کاتی خۆی لە ناو مەککە و قوڕەیشدا باو بووە هەڵەو نەشیاوە، هەر لەبەر ئەوەی لەگەڵ دابونەریتی ئەم سەردەمەدا ناگونجێت.

چونکە زۆر بەداخەوە لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنە زانستی و فەرهەنگییەی کە لەم سەردەمەدا بەردەست وبڵاوە هەندێك ئاکار و نەریتی هەندێك لە کۆمەڵگەکانی سەدەی بیست و یەك هەیە، کە نەك تەنها کۆمەڵگەکانی پێشتر نەیان کردووە و بیریان لێ نەکردۆتەوە، بەڵکو تەنانەت لە ناو هیچ جۆرێك لە ئاژەڵانیشدا شتی وا بێزراو و قێزەون نییە و دەگمەنە.

کەواتە بە هەموو ئەو پێوەرانەی باسمان کردن کە بنەمان بۆ هەر حوکمێکی شەرعی، ئەم هاوسەرگیرییەی پێغەمبەری خودا ﷺ دروست بووە و هیچ کێشەی نەبووە.

خاڵی کۆتایی کە پێویستە قسەی لە سەر بکەین و لە بیری نەکەین ئەوەیە کە ئایا پێوەری هاوسەرگیری سەرکەوتو چییە؟ ئایا پێوەر نزیکی تەمەنی هاوسەرەکانە؟! یان پێوەر تەبایی و خۆشەویستی نێوانیانە؟! بەدڵنیاییەوە پێوەر تەبایی و خۆشەویستی نێوانیانە.

بەم پێوەرەیش هاوسەرگیریی خاتوو عائیشە لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ ئەوپەڕی سەرکەوتوو بووە؛ چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ خاتوو عائیشەی لە هەموو خێزانەکانی زیاتر خۆشویستوە ﷺ و ئەویش هەمان خۆشەویستی بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ هەبووە، هەر بۆیە کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ خێزانەکانی سەرپشك کردوە لەوەی کە هەر کەس پێی خۆش بێت دەتوانێت داوای جیابوونەوە بکات، سەرەتا لە خاتوو عائیشەوە دەستی پێ کردوە و پێی فەرمووە: (..{يَا عَائِشَةُ إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أَعْرِضَ عَلَيْكَ أَمْرًا أُحِبُّ أَنْ لاَ تَعْجَلِي فِيهِ حَتَّى تَسْتَشِيرِي أَبَوَيْكِ}. قَالَتْ: وَمَا هُوَ يَا رَسُولَ اللَّهِ {فَتَلاَ عَلَيْهَا الآيَةَ}. قَالَتْ: أَفِيكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَسْتَشِيرُ أَبَوَىَّ، بَلْ أَخْتَارُ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الآخِرَةَ)[1]. واتە: ئەی عائیشە من دەمەوێت پێشنیارێکت بۆ بکەم، بەس حەز دەکەم پەلە نەکەیت لە بڕیاردان تا ڕاوێژ بە باوك و دایکت نەکەیت، خاتوو عائیشەی دەڵێت: پێشنیارەکەت چییە ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ؟ ئەویش ئایەتەکەی بۆ دەخوێنێتەوە[2]، خاتوو عائیشە کە لە پێشنیارەکە دەگات دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ واتە من بچم پرس بە باوك و دایکم بکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ تۆ بمێنمەوە یان نا؟!، من خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ و ڕۆژی دوایی و ژیانی نەبڕاوە هەڵدەبژێرم.

---

١ - مسلم صحيح مسلم، ج٤، ص١٨٧، كتاب (١٩) الطلاق، باب (٤) بيان أن تخيير إمرأته لا يكون طلاقا إلا بالنية، الحديث (٣٧٦٣).

٢- مەبەستمان ئایەتی: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ إِنْ كُنْتُنَّ تُرِدْنَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحاً جَمِيلاً وَإِنْ كُنْتُنَّ تُرِدْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الْآخِرَةَ فَإِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَاتِ مِنْكُنَّ أَجْراً عَظِيماً﴾. سورة الأحزاب: الآية: ٢٨، ٢٩. واتە: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ بە خێزانەکانت بڵێ ئەگەر ئێوە ژیان و جوانی و خۆشییەکانی دونیاتان دەوێ و بەلاتانەوە مەبەستە، ئەوە وەرن هەر مافێکتان دەکەوێتە لام پێتانی دەدەم و دەستتان لێ هەڵدەگرم، ئەگەریش خوای گەورە و پێغەمبەری خودا ﷺو ڕۆژی دواییتان پێ مەبەستە، ئەوە خوای گەورە پاداشت و خەڵاتی گەورەی بۆ ئامادە کردوون لە دوا ڕۆژدا.

کەواتە بەڕێزان ئەگەر خاتوو عائیشە لەم هاوسەرگیرییەی بچوکترین ناڕەزایی یان ڕەخنەی هەبوایە، یان پێی قورس و ناخۆش بوایە دەبوو قەت هەلی وای لە دەست خۆی نەدایە ویەکسەر بڕیاری جیابوونەوەی لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ بدایە؛ بەڵام بە پێچەوانەوە لە هەموو خێزانەکانی تری زیاتر تامەزرۆ و ئارەزوومەندی بەردەوامبوونی ژیانی هاوسەرگیریی بووە لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ ، هەر بۆیەیش پێغەمبەری خودا ﷺ دواهەناسە و ساتەکانی تەمەنی لە باوەش و ئامێزی پڕ میهر و سۆز و خۆشەویستی خاتوو عائیشەدا بەسەر برد.

بۆیە هەر چەند هاوتەمەن بوون، یان نزیکی تەمەن لە نێوان هاوسەرەکاندا هۆکارێکی گرنگە بۆ زیاتر لێك تێگەیشتن و سەرکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری، بەڵام هەرگیز هۆکاری سەرەکی تەبابوون و لێك تێگەیشتن نییە، بە شێوەیەك خەڵکی وای بخەملێنن کە هەر هاوسەرگیرییەك هاوسەرەکان تێیدا هاوتەمەن نەبن ئیتر ئەو هاوسەرگیرییە سەرکەوتوو نییە، یان بەزۆر سەپاوە.

نموونەی هاوسەرگیریی پێغەمبەری خودایش ﷺ لەگەڵ خاتوو عائیشە زەقترین بەڵگەی ئەم ڕاستییەن؛ بۆیە بەگشتیی و بە هەموو ئەو پێوەرانەی کە باسمان کردن هاوسەرگیریی پێغەمبەری خودا ﷺ لەگەڵ خاتوو عائیشە هاوسەرگیرییەکی زۆر سەرکەوتوو بووە و ئامانجی زۆر گەورە و بە بەهای لە پشتەوە بووە، کە گەورەترینیان جێبەجێکردنی فەرمانی خودا و ڕوونکردنەوەی حوکمی شەرع بووە.

## خێزانی چوارەم

- خێزانی چوارەمی پێغەمبەرﷺ دیسانەوە ئافرەتێکی بێوەژن بووە بە ناوی خاتوو: (حَفْصَةُ بِنْتُ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ الْعَدوِيَّة)ە ، دایکیشی ناوی (زَيْنَب بنت مَظْعُون)ە.

- خاتوو حەفصە کچی جێنشینی دووەمی پێغەمبەری خودا ﷺ (عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ) و لە باوکەوە خوشکی هاوەڵی ناوداری پێغەمبەر ﷺ (عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ)ە.

- خاتوو حەفصە (٥) ساڵ بەر لە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرﷺ و لەو کاتەی قورەیش سەرقاڵ بوون بە دروستکردنەوەی کەعبەوە لە دایك بووە، واتە (١٨) ساڵ بەر لە کۆچی پێغەمبەر ﷺ بەرەو مەدینە لە دایك بووە.

- بەر لەوەی ببێتە خێزانی پێغەمبەرﷺ ، خاتوو حەفصە خێزانی هاوەڵێکی بەڕێز و ئازیز بووە بە ناوی (خُنَيْسِ بْنِ حُذَافَةَ السَّهْمِيِّ) وپێکەوە کۆچیان کردووە بەرەو مەدینە و پاشتر (خُنَيْسِ) لە جەنگی بەدردا بە خەستی بریندار بووە وبەهۆی سەختی برینەکەیەوە پاش کۆتایی شەڕەکە لە شاری مەدینە کۆچی دوایی کردوە.

- پێشەوا عومەر بە بێوەژنکەوتنی خاتوو حەفصە زۆر دڵگران دەبێت و وەك ئەرکێکی ئیسلامەتی و باوکایەتی و بێ گوێدانە دابونەریتی سەردەمی نەفامی، هەوڵ دەدات کە خاتوو حەفصە بەو شێوەیە نەمێنێتەوە، هەر بۆیە خۆی دەچێتە لای پێشەوا عوسمانی کوڕی عەففان و پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکات کە خاتوو حەفصە مارە بکات، بەڵام عوسمان دەڵێت: مۆڵەتم بدەرێ با بیری لێبکەمەوە، پاش چەند ڕۆژێك دێت و پێی دەڵێت: ئارەزوی ژن هێنانم نییە، پاشان عومەر دەگاتە خزمەتی پێشەوا ئەبوبەکری صدیق و پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکات کە خاتوو حەفصە مارە بکات، ئەویش بێدەنگ دەبێت و هیچ وەڵامی ناداتەوە، پاش ماوەیەك پێغەمبەری خودا ﷺ داوای دەکات و مارەی دەکات. پاشتر ئەبوبەکر و عومەر بەیەکتر دەگەن، ئەبوبەکر پێی دەڵێت: لەوانەیە ئەو ڕۆژە دڵت گران بووبێت کە وەڵامم نەدایتەوە، ئەویش گوتی: بەڵێ پێم ناخۆش بوو، ئەبوبەکریش گوتی: من دەمزانی پێغەمبەری خودا ﷺ لەبەرنامەی دابوو داوای بکات و لای من باسی کردبوو، جا من پێم خۆش نەبوو نهێنی پێغەمبەر ﷺ بدرکێنم، ئەگەر ئەو نەیویستایە من دەمویست و مارەم دەکرد.

- پاش (٣) مانگ لە کۆچی پێغەمبەر ﷺ بۆ مەدینە ولە مانگی شەعبانی ساڵی سێی کۆچی وبەر لە جەنگی ئوحود پێغەمبەری خودا ﷺ خاتوو حەفصەی مارە کردووە و ژیانی هاوسەری لەگەل دەست پێ کردووە وئەو کات خاتوو حەفصە تەمەنی (٢٠) ساڵان بووە .

- خاتوو حەفصە یەکێك بووە لەو ئافرەتە بەهیممەتانەی کە بە هەوڵی خۆی و لەو سەردەمانەدا لەسەر دەستی شیفائی کچی عەبدوڵلا خۆی فێری خوێندەواری کردووە، وەك لێی دەگێڕنەوە خاتوو حەفصە خوێندەوارێکی زیرەك و وتاربێژێکی زۆر بەتوانا بووە و دەستی شیعر و ڕەوانبێژیشی هەبووە .

- کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ لە خێزانەکانی توڕە دەبێت لەسەر ئەوەی داوای نەفەقەی زۆری لێدەکەن، خاتوو حەفصە تەڵاق دەدات، بەڵام خاتوو حەفصە ئەوەندە خواناس و باوەڕدار بووە، خوای گەورە لەسەری دێتە وەڵام و بەجبریلدا وەڵام بۆ پێغەمبەر ﷺدەنێرێت و فەرمانی پێ دەکات کە خاتوو حەفصە بگێڕێتەوە لای خۆی، پێغەمبەری خودا ﷺ لەو بارەیەوە دەفەرمویێت: {إِنَّ جِبْرِيل أَتَانِي فَقَالَ لِي: رَاجِع حَفْصَة؛ فَإِنَّهَا صَوَّامَة قَوَّامَة، وَهِيَ زَوْجَتك فِي الْجَنَّة}[1]. واتە: جبریل هاتە لام و پێی گوتم: خاتوو حەفصە بگێڕەرەوە لای خۆت، چونکە خاتوو حەفصە ئافرەتێکە بەردەوام سەرقاڵی نوێژ و ڕۆژووگرتنە و یەکێکە لە خێزانەکانت لە بەهەشتدا.

- هەر لەبەر زیرەکی و دەستپاکی کاتێك لە سەردەمی جێنشینی ئەبوبەکردا بۆ یەکەمجار قورئان کۆ کرایەوە، هەڵگرتن و پاراستنی قورئانەکە بە خاتوو حەفصە دەسپێردرێت و هەتا کۆچی دواییش دەکات قورئانەکە هەر لای ئەو دەمێنێتەوە.

- لە تەمەنی پڕ لە فەڕی لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ خاتوو حەفصە (٦٠) فەرموودەی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ گێڕاوەتەوە، لەوانە بوخاری و موسلیم لەسەر گێڕانەوەی (٤) یان کۆك بوون، جگە لەو (٤) ە یش موسلیم بەتەنیا (٦) فەرموودەی تری لەوانە لە

---

١ - الهيثمي (نور الدين علي بن أبي بكر الهيثمي)، مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، ج٩، دار الفكر، بيروت، ط، ١٩٩٢، الحديث (١٥٣٣٣)، وبهامش الكتابين تحرير الحافظين: العراقي، وابن حجر والحديث رواه الطبراني ورجاله رجال الصحيح، ص١٩٥. المناوي (زين الدين عبد الرؤوف المناوي)، التيسير بشرح الجامع الصغير، ج٢، مكتبة الإمام الشافعي، الرياض، ط٣، ١٩٨٨، ص٣٧٤.

صەحیحەکەیدا باس کردووە وسەرجەم فەرموودەکانی تر لە سەرچاوەکانی تری فەرموودەدا باس کراون و گێڕدراونەتەوە .

- خاتوو حەفصە لە مانگی شەعبانی ساڵی (٤٥) ی کۆچی و لە تەمەنی (٦٠) ساڵی و لە سەردەمی پێشەوایەتی موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان لە مەدینە کۆچی دوایی کردووە و خەڵکێکی زۆر لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بە پێشەوایەتی مەروانی کوڕی حەکەم کە ئەو کات والی مەدینە بووە نوێژیان لە سەر کردووە و هەر لە مەدینە و لە گۆڕستانی بەقیع تەرمی پیرۆزی بە خاك سپێردراوە.

- ئامانجی پێغەمبەری خودا ﷺ لە هاوسەرگیریی کردن لەگەڵ خاتوو حەفصە دڵنەواییکردن و وەفادارییەك بووە بۆ پێشەوا عومەر کە بێوەژنکەوتنی خاتوو حەفصە زۆر دڵگران و نیگەرانی کردوە، هەروەها توندوتۆڵکردنی پەیوەندی خێزانی بووە لەگەڵ ئەو پیاوە بەڕێزەی کە دەبێتە جێنشینی دووەمی؛ بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین هەر چوار جێنشینەکانی پێغەمبەر ﷺ جگە لە پەیوەندی توندوتۆڵی ئیمان و باوەڕیان لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ، پێغەمبەری خودا ﷺ پەیوەندی خێزانیی لەگەڵ سەرجەمیان بەستووە، بۆ نموونە کچی لە ئەبوبەکر و عومەر خواستووە و کچیشی داوەتە عوسمان و عەلی (ڕەزا و ڕەحمەتی خودا لە هەموویان بێت).

## خێزانی پێنجەم

- خێزانی پێنجەمی پێغەمبەر ﷺ خاتوو: (زَيْنَبَ بِنْتَ خُزَيْمَةَ بْنِ الْحَارِثِ)ە و دایکیشی ناوی (هِنْد بِنْت عَوْف)ە.

- هەرچەندە لە رووی ژمارەوە خاتوو زەینەب بە خێزانی (٥) ەمی پێغەمبەر ﷺ ئەژمار دەکرێت، لەبەر ئەوەی بەر لەو پێغەمبەری خودا ﷺ (٤) خێزانی تری هێناوە؛ بەڵام لەواقیعدا خێزانی چوارەمی پێغەمبەر ﷺ بووە؛ چونکە پێشتر خاتوو خەدیجە کۆچی دوایی کردبوو وە پێغەمبەری خودا ﷺ تەنها سیان لە خێزانەکانی لە ژیاندا مابوون.

- خاتوو زەینەبیش وەك زۆرینەی خێزانەکانی تری پێغەمبەر ﷺ ئافرەتێکی بێوەژن بووە، هەر چەندە هەندێك لە مێژوونووسان وای بۆ دەچن کە خاتوو زەینەب بەر لە پێغەمبەر ﷺ خێزانی (عَبْدِ الله بْنِ جَحْشٍ) بووە و هاوسەرەکەی لە شەڕی ئوحوددا شەهید بووە؛ بەڵام زۆرینەی زانایان و مێژوونووسان ئەم بۆچوونە رەت دەکەنەوە و دەڵێن: خاتوو زەینەب بەر لەوەی ببێتە خێزانی پێغەمبەر ﷺ خێزانی (الطُّفَيْلِ بْنِ الْحَارِثِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ)ی ئامۆزای خۆی بووە و پاشتر ئەو تەڵاقی داوە و ئامۆزایەکی تری بە ناوی (عُبَيْدَةَ بْنِ الْحَارِثِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ) مارەی کردووە وپاشتر (عُبَيْدَةَ) لە غەزای بەدردا لە سەر دەستی (وَلِيدَ بْنَ عُتْبَةَ) بەخەستی بریندار بووە و پاشتر شەهید بووە.

- پاش بێوەژنکەوتنی خاتوو زەینەب بیر لە شووکردن دەکاتەوە  وخۆی پێشنیازی ئەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ دەکات کە بیخوازێت و ئەویش وەك وەفایەك بۆ بەئەمەکی خاتوو زەینەب، داواکەی رەت ناکاتەوە و پاش تێپەڕبونی سی و یەك مانگ بەسەر کۆچی پێغەمبەر ﷺ بۆ مەدینە ولە مانگی رەمەزانی ساڵی (٣) کۆچی، پێغەمبەری خودا ﷺ ژیانی هاوسەری لەگەڵ خاتوو زەینەب پێك دەهێنێت.

- خاتوو زەینەب ئەوەندە ئافرەتێکی بە بەزەیی و بەخشندە بووە بەرامبەر بە هەژاران، هەر لە سەردەمی نەفامییەوە و بەر لەوەیش ببێتە خێزانی پێغەمبەر ﷺنازناوی بە (أُمّ الْمَسَاكِينِ) واتە دایکی هەژاران دەرکردوە.

- بەداخەوە ژیانی خێزانی خاتوو زەینەب لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ زۆری نەخایاندووە و زۆربەی مێژوونووسان لەسەر ئەوەن کە خاتوو زەینەب تەنیا دوو تا سێ

مانگ لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ ژیاوە و پاشتر لە مانگی ڕەبیعی دووەمی ساڵی (٤) کۆچی، کۆچی دوایی کردووە وتەرمی پیرۆزی لە گۆڕستانی بەقیع بەخاك سپێردراوە.

- لەبەر کەمی ماوەی مانەوەی لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ، خاتوو زەینەب هیچ فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ نەگێڕاوەتەوە.

## خێزانی شەشەم

- خێزانی شەشەمی پێغەمبەر ﷺ خاتوو (هِنْدُ بِنْتُ أَبِي أُمَيَّةَ) یە ودایکیشی ناوی (عَاتِكَة بنت عَامِر)ە.

- خاتوو هیند خزمی پێغەمبەری خودا ﷺ خۆی بووە و بە (٧) پشت نەسەبی لەگەڵ نەسەبی پێغەمبەر ﷺ یەك دەکاتەوە.

- باوکی خاتوو هیند ئەوەندە پیاوێکی بەخشندە بووە هەرکەسێك لەگەڵی سەفەری کردبێت بۆ هەر شوێنێك هیچ توێشووی لەگەڵ خۆی نەبردووە و ئەو هەموو ئەرك و خزمەتێکی هاوەڵەکانی گرتووەتە ئەستۆ، هەر بەو هۆیەیشەوە لە ناو عەرەبدا نازناوی بە (زاد الرَّاكِب) واتە: توێشوی ڕێبواران دەرکردوە.

- بەر لە پێغەمبەری خودا ﷺ خاتوو هیند خێزانی ئامۆزایەکی خۆی بووە بە ناوی (عَبْدُ اللهِ بْنُ عَبْدِ الأَسَدِ) و ئەو پیاوە بەڕێزە برای شیریی پێغەمبەر ﷺ و پورزایشی بووە و (١١) هەمین کەس بووە کە باوەڕی بە پێغەمبەر ﷺ و ئایینی پیرۆزی ئیسلام هێناوە ولە بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییەیان خوای گەورە منداڵێکی پێ داون بەناوی (سَلَمَة) و ئیتر خاتوو هیند و عەبدوڵلای هاوسەری وەکو نەریتێکی کۆمەڵایەتی ئەو کاتە بە (أُمُّ سَلَمَة) و (أَبُو سَلَمَة) بانگ کراون.

- خاتوو (أُمُّ سَلَمَة) و (أَبُو سَلَمَة) ی هاوسەری یەکێك بوون لەو خانەوادانەی کە هەر لەسەرتاوە باوەڕیان بە بەرنامەی پیرۆزی ئیسلام هێناوە و لەو پێناوەشدا قوربانیی زۆریان داوە و کۆچیان کردووە بۆ حەبەشە، پاشتر کە لە حەبەشە گەڕاونەتەوە تووشی نەهامەتییەکی زۆر هاتوون بەدەست بێباوەڕانی مەکەوە و دواتر بڕیاریان داوە کۆچ بکەن بۆ مەدینە و خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: کاتێك لەگەڵ هاسەرەکەم بڕیاری کۆچکردنمان دا بەرەو مەدینە، خزمەکانی من ڕێگەیان بە هاوسەرەکەم گرت و گوتیان: ئەوە خۆت کۆچ دەکەیت بەهەر حاڵ دەسەڵاتی تۆمان نییە، بەڵام ئەی پێمان ناڵێی ئەم کچەی ئێمە شارە و شار دەگێڕی لە پای چی، پاشتر جڵەوی وشترەکەیان کردەوە و من و کوڕەکەمیان گل دایەوە، کە خزمەکانی هاوسەرەکەم بەمەیان زانی ئەوانیش تورە بوون و گوتیان: چۆن ئەوان نەیانهێشتووە کچەکەیان لەگەڵ کوڕەکەی ئێمە بڕوات، ئێمەش قبوڵ ناکەین منداڵی

ئێمە لای ئەوان بێت، هاتن کوڕەکەم لێ بسەنننەوە و بووە دەمەقاڵە و دەمە بۆڵەیان لەگەڵ کەس و کاری من و لەو کێشمان کێشەدا دەستی کوڕەکەیان لە جێ بردم، بەهەر حاڵێك بوو کوڕەکەیان لێ سەندمەوە و منیش هەموو ڕۆژێك بەیانیان دەهاتمە دەرەوەی ماڵەکەمان و دەستم دەکرد بەگریان هەتا ئێوارە خۆر ئاوا دەبوو، بۆ ماوەی یەك ساڵ من لەسەر ئەو حاڵە مامەوە، تا ڕۆژێکیان ئامۆزایەکم سۆزی جوڵاو بەزەیی بە حاڵمدا هاتەوە و بە کەس و کارەکەمی گوت: بۆ وا لەو بەستەزمانە دەکەن و لە منداڵ و هاوسەرەکەیتان کردووە؟ پاشان کەس و کارەکەم قەناعەتیان کرد و گوتیان: ئەگەر دەتەوێت بڕۆ بۆ لای هاوسەرەکەت، خزمەکانی هاوسەرەکەیشم کە ئەمەیان بیست کوڕەکەیان بۆ گێڕامەوە و پاشتر بەتەنیا لەگەڵ کوڕەکەم کۆچمان کرد بۆ مەدینە.

- وەك زانایانی سیرە و مێژوونوسان باس دەکەن خاتوو هیند یەکەم ئافرەت بووە کە کۆچی کردووە بۆ مەدینە.

- پاشتر (أَبُو سَلَمَة) ی هاوسەری خاتوو هند لە غەزای ئوحوددا بە خەستی بریندار دەبێت وبەهۆی خەستی برینەکەیەوە پاش ماوەیەك شەهید دەبێت وخاتوو (أُمُّ سَلَمَة) لە ساڵی (٤)ی کۆچی و لە تەمەنی (٣٠) ساڵیدا بە چوار منداڵەوە بێوەژن دەکەوێت.

- پاش بێوەژنکەوتنی (أُمُّ سَلَمَة) هەردوو پێشەوا ئەبوبەکری صدیق و عومەری کوڕی خەططابیش داوای دەکەن، بەڵام شوو بە کەسیان ناکات، پاشتر پێغەمبەری خودا ﷺ داوای دەکات وئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ من هاوشانی تۆ نیم، من کۆمەڵێك سیفەتم تێدایە کە بۆ تۆ ناشێم: یەکەم: من ئافرەتێکم چومەتە ساڵەوە و تەمەنێکم هەیە، دووەم: بڕێك منداڵیشم هەیە، سێیەمیش: ئافرەتێکی زۆر هەستیاریشم و غیرە لە ئافرەتی تر دەکەم و دەترسم هەڵوێستێکم لێ ببینیت و پێت ناخۆش بێت و پاشتر خوای گەورە بەهۆی ئەوەوە سزام بدات، پێغەمبەری خودا ﷺ لە وەڵامی قسەکانیدا فەرمووی: {أَمَا السِّنُّ فَأَنَا أَكْبَرُ مِنْكِ، وَأَمَّا الأَطْفَالُ فَهُمْ إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ، وَأَمَّا الْغَيْرَةُ فَأَدْعُو اللَّهَ فَيُذْهِبُهَا عَنْكِ}[1]. واتە: ئەگەر کێشەکە تەمەن و بەساڵاچوون بێت ئەوە من لە تۆ

١ - إبن الجارود (عبد الله بن علي)، المنتقى من السنن المسندة ، مؤسسة الكتاب الثقافية، بيروت، ط١، ١٤٠٨، تحقيق: عبدالله عمر البارودي، ص١٧٧. أبو يعلى (أحمد بن علي)، مسند أبي يعلى ، ج٧، دار المأمون للتراث، دمشق، ط١، ١٤٠٤، الحديث (٤١٦١)، تحقيق: حسين سليم أسد، ص١٨٠.

بەساڵاچووترم، سەبارەت بە منداڵەکانیش ئەوە خواو پێغەمبەر لێیان بێئاگا نابن و لە ژێر چاودێری ئەواندا دەبن، سەبارەت بەوەش کە زۆر غیرە دەکەیت ئەوە داوا دەکەم لە خوای گەورە کە ئەو شتە لە دڵتدا لا ببات.

- پێغەمبەری خودا ﷺ لە کۆتاییەکانی مانگی شەووالی ساڵی (٤)ی کۆچی ژیانی هاوسەری لەگەڵ خاتوو (أُمُّ سَلَمَة) دا پێك هێناوە.

- بەم شێوەیەیش خاتوو (أُمُّ سَلَمَة) دەبێتەوە خێزانی (٤) ەمی پێغەمبەرﷺ و جێگرەوەی خاتوو زەینەبی کچی خوزەیمە.

- خاتوو (أُمُّ سَلَمَة) ئافرەتێکی زۆر جوان و ژیر و بیرتیژ بووە و شارەزاییەکی باشیشی هەبووە لە بابەتە فیقهی و شەرعییەکاندا و لە ماوەی تەمەنی پڕ لە فەڕی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ (٣٧٨) فەرموودەی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ گێڕاوەتەوە، کە بوخاری و موسلیم لە سەر گێڕانەوەی (١٣)یان کۆك بوون.

- وەك زانایانی فەرموودە و مێژوونووسان باس دەکەن خاتوو (أُمُّ سَلَمَة) نزیکەی (٨٩) ساڵ ژیاوە و پاشتر لە ساڵی (٦١) کۆچی و پاش هەموو خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ و لە سەردەمی فەرمانڕەوایی یەزیدی کوڕی موعاویە و پاش ئەوەی کە هەواڵی شەهیدکردنی حوسەینی کوڕی عەلی و هاوەڵەکانی پێ دەگات دەکەوێتە سەر زەوی و لەهۆش خۆی دەچێت و پاش چەند ڕۆژێك کۆچی دوایی دەکات و تەرمی پیرۆزی لە گۆڕستانی بەقیع بەخاك دەسپێردرێت.

## خێزانی حەوتەم

- خێزانی حەوتەمی پێغەمبەر ﷺ ئافرەتێکی ناوداری قوڕەیش بووە بە ناوی: (زَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ بْنِ رِئَابٍ) و دایکیشی ناوی (أُمَيْمَةُ بِنْتُ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ بْنِ هَاشِمٍ) ە.

- خاتوو زەینەب پوورزای پێغەمبەر ﷺ خۆیەتی وخوشکی (عبدالله بن جَحْش)ە، کە هەڵگری یەکەم ئاڵای ئیسلام بووە وخوشکەزای سەروەری شەهیدان (حَمْزَةُ بْنُ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ)ە.

- خاتوو زەینەب لە منداڵییدا ناوی (بَرَّة) بووە، بەڵام پێغەمبەر ﷺ ناوەکەی گۆڕیوە بە زەینەب[1].

- بەر لە پێغەمبەری خودا ﷺ خاتوو زەینەب خێزانی هاوەڵێکی ئازیز و خۆشەویستی پێغەمبەر بووە ﷺ بە ناوی (زَيْدِ بْنِ حَارِثَة).

- (زَيْدِ)ی هاوسەری خاتوو زەینەب هەر بە منداڵی کۆیلە دەکرێت و لە بازاڕی (عکاظ) دا دەفرۆشرێت و حەکیمی کوڕی حوزام بە (٤٠٠) درهەم بۆ خەدیجەی کچی خوەیلدی پووری دەکڕێت و پاشتر کە خاتوو خەدیجە دەبێتە خێزانی پێغەمبەر ﷺ دەیبەخشێتە پێغەمبەر ﷺ و زەید ئەو کات تەمەنی (٨) ساڵان دەبێت.

- ماوەیەکی زۆر زەید لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ دەمێنێتەوە، تا ساڵێکیان خەڵکانێك لە بنەماڵەی زەید دەچن بۆ مەککە و لەوێ زەید دەبینن و دەیناسنەوە ودەچن هەواڵ بۆ کەسو کاری دەبەنەوە.

- رۆژێك (حَارِثَة) ی باوکی و (کعب)ی مامی دێنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و داوای ئەوە دەکەن کە کوڕەکەیان پێ بفرۆشێتەوە، پێغەمبەری خودا ﷺ لە وەڵامدا دەفەرموێت: زەید بانگ بکەن ئەگەر رازی بوو لەگەڵتان بگەڕێتەوە ئەوە من رێگری لێ ناکەم و دەتاندەمەوە، بەڵام ئەگەر ویستی لەگەڵ من بمێنێتەوە ئەوە نابێت ئێوەش رێگری لێ بکەن.

---

١- چونکە وشەی (بَرَّة) واتای بەخشندە و چاکەکارە، خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿فَلا تُزَكُّوا أَنْفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَى﴾. سورة النجم: الآية: ٣٢. واتە: خۆتان وەسفی خۆتان مەکەن و خۆتان بە باش لە قەڵەم مەدەن؛ چونکە هەر خوا دەزانێت کێ باشە و لەخواترسە.

- کاتێك زەیدیان بانگ کرد، زەید گوتی: لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ دەمێنمەوە، باوکی زۆری پێناخۆش بوو، گوتی: سەرسەخت چۆن کۆیلایەتی بەسەر ئازادییدا هەڵدەبژێریت، ئەویش لە وەڵامدا گوتی: وەڵڵاهی ئەوەندەم چاکە لەم پیاوە بینیوە، بۆ هیچ کەسێك ئەو جێ ناهێڵم.

- پێغەمبەری خودا ﷺ کە ئەو هەڵوێستەی زەیدی بینی دەستی گرت و بردیە دەرەوە وبەدەنگی بەرز فەرمووی: خەڵکینە ئێوە بە شایەت بن زەید کوڕی منە و میراتم لێ دەبات و منیش میرات لەو دەبەم.

- بەم شێوەیە پێغەمبەری خودا ﷺ زەیدی لە کۆیلەیی رزگار کرد و ئازادی کرد و کردیە کوڕی خۆی، ئیتر لە ناو خەڵکدا هەر بە زەیدی کوڕ موحەممەد دەناسرا [1].

ـ پاش ئەوەی کە ئیسلام یاسای بەکوڕکردنی هەڵوەشاندەوە، وەك قەرەبوویەك بۆ ئەوەی کە نەسەبی زەید لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ هەڵوەشایەوە، خوای گەورە لە قورئاندا ناوی زەیدی تۆمار کرد، لە کاتێکدا ناوی هیچ هاوەڵێکی تری پێغەمبەرﷺ ی بە ئەبوبەکر و عومەریشەوە باس نەکردوە وتۆمار نەکردوە.

ـ پێغەمبەری خودا ﷺ ئەوەندە زەیدی خۆشدەویست لە ناو موسڵماناندا بە خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ دەناسرا و بانگ دەکرا، هەر بە هۆی ئەو خۆشەویستییەوە بوو کە پێغەمبەری خودا ﷺ منداڵەکانی زەیدیشی هەر خۆشدەویست، بۆیە بە ئوسامەی کوڕی زەیدیشیان دەگوت: (الحبُّ ابن الحبِّ). واتە: خۆشەویستی کوڕی خۆشەویست، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر دەڵێت: جارێکیان باوکم پارەی دابەش دەکرد، لە من زیاتری دا بە ئوسامەی کوڕی زەید، منیش پرسیارم لێ کرد و گوتم: بابە بۆچی زیاتر دەدەیتە ئەو؟ پێشەوا عومەریش لە وەڵامدا گوتی: کوڕم پێغەمبەری خودا ﷺ ئەوی لە تۆ زیاتر خۆشدەویست وباوکیشی لە باوکی تۆ زیاتر خۆشدەویست.

---

١ - إبن حجر العسقلاني ( أحمد بن علي بن محمد)، فتح الباري شرح صحيح البخاري، ج٧، دار الفكر، بيروت، تحقيق: عبد العزيز بن عبد الله بن باز، ومحب الدين الخطيب، ص٨٧.

- کاتێك زەید گەورە بوو پێغەمبەری خودا ﷺ بیری لەوە کردەوە کە ژنی بۆ بهێنێت، سەرەتا ئافرەتێکی بۆ خواست بە ناوی (أمَّ أيمن) و زەید لەو ئافرەتە (أُسَامَة)ی بوو، پاشتر زەید (أمَّ أيمن) ی تەڵاقدا و لێی جیا بووەوە.

- پاش ئەو پێغەمبەری خودا ﷺ خاتوو زەینەبی بۆ هەڵبژارد کە پورزای خۆی بوو، وە کچی یەکێك بوو لە هەرە بنەماڵە ناودارەکانی قورەیش و ئافرەتێکی هەڵکەوتوو جوانیش بوو.

- کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ چووە داوای خاتوو زەینەب و باسی هاوسەرگیریی لەگەڵ کردەوە، سەرەتا خاتوو زەینەب زۆری پێ خۆش بوو چونکە وای دەزانی کە پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ خۆی داوا دەکات، بەڵام دواتر کە پێغەمبەری خودا ﷺ پێشنیازی زەیدی بۆ کرد زۆری پێ ناخۆش بوو.

- خاتوو زەینەب زەیدی بە هاوشانی خۆی نەدەبینی بۆیە راوێژی بە عەبدوڵڵای برای کرد و ئەویش هەر هەمان هەڵوێستی هەبوو، پێی ناخۆش بوو خوشکەکەی شوو بە کەسێك بکات کە کاتی خۆی کۆیلە بووە.

- پاشتر خوای گەورە وەك رێزلێنانێك لە پێشنیازەکەی پێغەمبەر ﷺ و جەخت کردنەوە لە سەر هەڵوێستەکەی و سەرزەنشتێك بۆ هەڵوێستەکەی ئەوان ئایەتی ناردە خوارەوە و فەرمووی: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلالاً مُبِيناً﴾ [1]. واتە: هیچ بڕوادارێك پیاوبێت یان ژن بۆی نییە کە خوا و پێغەمبەری خودا ﷺ بڕیارێکیان دا جگە لە بڕیارەکەی ئەوان شتێکی تر پەسەند بکەن، یان بڕیارێکی تر بدەن، هەرکەسیش سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ بکات ئەوە بەتەواوەتی گومڕاو لاڕێ بووە.

- پاش هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتە خاتوو زەینەب گوتی: سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ ناکەم، شووی پێ دەکەم، ئیتر خاتوو زەینەب و عەبدوڵڵای برای رازی بوون لەسەر پێشنیازەکەی پێغەمبەر ﷺ و خاتوو زەینەب شووی بە زەید کرد.

١ - سورة الأحزاب: الآية: ٣٦.

ـ خاتوو زەینەب زەیدی بە شایەن و هاوشانی خۆی نەدەبینی، سروشتیشی وا بوو کە زۆر زوو تووڕە دەبوو؛ بۆیە هەر لە سەرەتاوە کێشە و ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە و هەموو جار زەید دەهاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و سکاڵای لە دەست خاتوو زەینەب دەکرد و دەیگوت: زەینەب زۆر توندە لەگەڵم و دەمەوێت لێی جیا ببمەوە، بەڵام پێغەمبەری خودا ﷺهەموو جارێك ئامۆژگاری دەکرد و ساردی دەکردەوە و دەیفەرموو: لە خوا بترسە و ئارام بگرە و تەڵاقی مەدە، ئەمە لە کاتێکدا کە پێغەمبەری خودا ﷺ سوور دەیزانی و جبریل ئاگاداری کردبۆوە کە زەید زەینەب هەر تەڵاق دەدات، پاشتر دەبێت خۆی بیخوازێت.

- هەرچەندە پێغەمبەری خودا ﷺ ئەو ڕاستییەشی دەزانی، بەڵام ئەم کارەی زۆر بەلاوە قورس بوو، وەلە قسەی خەڵکی دووڕوو و بێباوەڕ زۆر دەترسا کە بڵێن: موحەممەد ﷺ خێزانی کوڕەکەی خۆی مارە کردۆتەوە، بۆیە ئەمەی بە کەس نەدەگوت و ڕاینەدەگەیاند.

- هەرچەندە خوای گەورە بەر لەم کێشەیەیش یاسای بەکوڕکردنی سەردەمی نەفامی هەڵوەشاندبۆوە و پوچەڵ کردبۆوە و لەو بارەیەشەوە ئایەتی ناردبووە خوارەوە کە تێدایدا هاتبوو: ﴿وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَاءَكُمْ أَبْنَاءَكُمْ ذَلِكُمْ قَوْلُكُم بِأَفْوَاهِكُمْ وَاللَّهُ يَقُولُ الْحَقَّ وَهُوَ يَهْدِي السَّبِيلَ ادْعُوهُمْ لآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ﴾[1]. واتە: خوای گەورە ئەو منداڵانە بە کوڕی ئێوە ئەژمار ناکات کە ئێوە خۆتان دەیانکەنە کوڕی خۆتان و نەسەبیان دەدەنە پاڵ خۆتان، ئەوە تەنیا قسەی زارەکی ئێوەیە و لە ڕاستییدا ئەوانە کوڕی ئێوە نین، ڕاستی ئەوەیە کە خوای گەورە دەیفەرموێت، هەر ئەویش ڕێگەی ڕاستتان نیشان دەدات و ئەو کەسانەی کردوتانن بە کوڕی خۆتان بە ناوی باوکی خۆیانەوە بانگیان بکەن، ئەوە باشتر و دادوەرانەترە.

- سەرەڕای ئەم فەرموودە ڕوون و ئاشکرایانەش خەڵکانێك هەبوون هێشتا شوێنەواری ئەو یاسایەیان هەر لەدڵدا مابوو، بۆیە پێغەمبەری خودا ﷺ زۆر لەوە دەترسا کە دوژمنان و ناحەزانی ئەم هەلە بقۆزنەوە و بیکەنە ڕەخنە و تانەیەك بەسەر پێغەمبەرەوە ﷺ ، تا کار گەیشتە ئەوەی کە خوای گەورە لەسەر ئەم کێشەیە ڕاشکاوانە گلەیی لە هەڵوێستی

١ - سورة الأحزاب: الآيتان: ٤- ٥.

پێغەمبەر ﷺ کرد و چەند ئایەتێکی لەو بارەیەوە نارده خوارەوە و تێیدا فەرمووی: ﴿وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ﴾[1]. واته: کە تۆ بەو کەسەت دەگوت - دیارە مەبەست لەو کەسە زەیدە- کە خوا چاکە و بەخششی زۆری لەگەڵ کردووە و تۆیش چاکە و بەخششت لەگەڵ کردووە، لە خوا بترسە و خێزانەکەت تەڵاق مەدە وشتێك دەشاریتەوە و پەنهانی دەکەیت کە خوای گەورە دەیەوێت ئاشکرای بکات و لە قسەی خەڵکی دەترسیت، لە کاتێکدا خوای گەورە زیاتر شایەنی ئەوەیە کە تۆ لێی بترسیت.

- ژیانی هاوسەری زەید لەگەڵ خاتوو زەینەب ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ڕووی لە گرژی و ئاڵۆزی دەکرد، تا سەرئەنجام زەید خاتوو زەینەبی تەڵاقدا.

- پاش ئەوەی زەید خاتوو زەینەبی تەڵاقدا پێغەمبەری خودا ﷺ لەسەر فەرمانی خوای گەورە و بێ گوێدانە قسەی خەڵکانی بەد و دووڕوو، داوای خاتوو زەینەبی کرد، بەڵام ئەمجارەیان خۆی قسەی لەگەڵ خاتوو زەینەب نەکرد، بەڵکو زەیدی هاوسەری پێشووی ڕاسپارد کە ئەو بچێت و بۆی داوا بکات، زەیدیش بەخۆشحاڵییەوە چوو داوای خاتوو زەینەبی بۆ پێغەمبەر ﷺ کرد.

- زەید خۆی لەو بارەیەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: کە چووم بۆ ئەوەی خوازبێنی بکەم، خەریك بوو هەویری دەشێلا، کە چاوم پێی کەوت بیرم کردەوە کە پێغەمبەری خودا ﷺ داوای دەکات و دەبێتە خێزانی ئەو، ئەوەندە گەورە بوو لەلام نەمتوانی سەیری بکەم و گەڕامەوە دواوە و پشتم تێکرد و پاشان پێم گوت: زەینەب پێغەمبەری خودا ﷺ منی ناردووە و داوای هاوسەرگیریت لێ دەکات، ئەویش لە وەڵامدا گوتی: من هیچ بڕیارێك نادەم، هەتا مۆڵەت و فەرمانی خوای گەورەی لەسەر نەبێت -مەبەستی ئەوە بوو کە تا نوێژی ئیستخارەی بۆ نەکات- دواتر ڕەزامەندیی نواند لەسەر ئەوەی هاوسەرگیریی لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ بکات.

- پێغەمبەری خودا ﷺ لە مانگی (ذوالقعدة) ی ساڵی (٥) ی کۆچی و لەسەر فەرمانی خوای گەورە خاتوو زەینەبی کردە هاوسەری خۆی و هەر خوای گەورەیش لە

---

١- سورة الأحزاب: الآية ٣٧.

ئاسمانەوە بە شایەتی جبریل و سەرجەم فریشتەکان لە پێغەمبەری خودای ﷺ مارە کرد و خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَراً زَوَّجْنَاكَهَا﴾ [(١)]. واتە: کاتێك زەید دەستی لە زەینەب هەڵگرت و پەیوەندییان کۆتایی هات لە تۆمان مارە کرد و کردمانە هاوسەری تۆ.

هەر بۆیە خاتوو زەینەب لە ناو خێزانەکانی تری پێغەمبەردا ﷺ زۆر شانازیی بەوەوە دەکرد و دەیگوت: ئێوە باوك و برا و کەس و کارتان داونی بە پێغەمبەر ﷺ و لێی مارە کردوون؛ بەڵام من خوای گەورە لە سەروو حەوت ئاسمانەوە داومی بە پێغەمبەر ﷺ و لێی مارە کردووم، جگە لە خاتوو زەینەب خوای گەورە ئەم بەخششەی لەگەڵ هیچ ئافرەتێکی تر نەکردووە.

- خاتوو زەینەب یەکێك بووە لەو ئافرەتانەی کە خوای گەورە لە سەروو حەوت ئاسمانەوە شایەتی باوەڕداری بۆ داوە، لەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلالاً مُبِيناً﴾ [(٢)]. دیارە مەبەست لە ﴿مُؤْمِنٍ﴾ و ﴿مُؤْمِنَةٍ﴾ لە ئایەتەکەدا عەبدوڵڵای کوڕی جەحش و خاتوو زەینەبی خوشکی بووە [(٣)].

- پێغەمبەری خودا ﷺ شایەتی میهرەبانی و بەخشندەیی بۆ داوە و لەو بارەیەوە خاتوو عائیشە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ بە خێزانەکانی دەفەرموو: {أَسْرَعُكُنَّ لَحَاقًا بِي أَطْوَلُكُنَّ يَدًا} [(٤)]. واتە: کامەتان لە هەمووتان دەستی درێژتر بێت، ئەوە لە دوای کۆچی دوایی من لە هەمووتان زووتر بە من دەگات، جا خاتوو عائیشە دەفەرموێت: لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ کاتێك کە لەگەڵ خێزانەکانی کۆ

---

١ - سورة الأحزاب: الآية: ٣٧.

١ - سورة الأحزاب: الآية: ٣٦.

٣ - الطبري (محمد بن جرير)، تفسير الطبري (جامع البيان في تأويل القرآن)، ج٢٠، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط١، ١٤٢٠، تحقيق: أحمد محمد شاكر، ص٢٧١. إبن كثير (إسماعيل بن عمر بن كثير)، تفسير القرآن العظيم، ج٦، دار طيبة، ،ط٢، ١٤٢٠، تحقيق: سامي بن محمد سلامة، ص٤٢١.

٤ - البخاري، صحيح البخاري، ج٢،ص٥١٥، كتاب (٣٠) الزكاة، باب (١٠) أي الصدقة أفضل وصدقة الشحيح الصحيح، الحديث (١٣٥٤). مسلم، صحيح مسلم، ج٧،ص١٤٤، كتاب (٤٥) فضائل الصحابة، باب (١٧) من فضائل زينب أم المؤمنين رضي الله عنها، الحديث (٦٤٧٠).

دەبوینەوە، هەمووماں دەستمان رووەو دیوارەکە درێژ دەکرد و بە دارێك دەمان پێوا، تا بزانین کاممان لە هەمووماں دەستی درێژترە، چونکە وامانده‌زانی مەبەستی پێغەمبەری خودا ﷺ لەو فەرموودەیە درێژی دەستەکانی لاشەمانە، خاتوو سەودە دەستی لە هەمووماں درێژتر بوو؛ بەڵام خاتوو زەینەب بەر لە هەمووماں کۆچی دوایی کرد، ئەوجا زانیمان کە مەبەستی پێغەمبەر ﷺ لە درێژی دەست، بەخشندەیی و خێر و چاکە بوو، نەك درێژیی دەستەکانی لاشەمان، لەبەر ئەوەی خاتوو زەینەب لەو رووەوە دەستەکانی کورت بوون، بەڵام ئەو لە هەمووماں بەخشندەتر بوو، بە دەستەکانی خۆی کاری دەکرد و پێستەی خۆش دەکرد و شتی دەچنی و پاشان پارەکەی لە رێگەی خوای گەورەدا دەبەخشی.

- لە ساڵی (٢٠)ی کۆچی و لە تەمەنی (٥٣) ساڵی و لە سەردەمی جێنشینی پێشەوا عومەر خاتوو زەینەب کۆچی دوایی کردووە وپێشەوا عومەر خۆی بە ئامادە بوونی خەڵکێکی زۆر نوێژی مردووی لەسەر خوێندووە و تەرمی پیرۆزی لە گۆڕستانی بەقیع بەخاك سپێردراوە.

- خاتوو زەینەب یەکەم کەس بووە لە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ کە پاش وەفاتی پێغەمبەر ﷺ کۆچی دوایی کردوە.

- بە شایەتی خاتوو عائیشەیش خاتوو زەینەب باشترینی کەس بووە لە نێوان ئەو خێزانانەی پێغەمبەر ﷺ کە ئەو لەگەڵیان ژیاوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: لە نێوان خێزانەکانی پێغەمبەردا ﷺ تەنیا خاتوو زەینەب هاوشانی من بوو، هیچ ئافرەتێکی ترم نەبینیوە کە لەو دیندارتر و راستگۆتر و بەخشندەتر و خزم دۆستتر بێت.

- خاتوو زەینەب لە تەمەنی پڕ لە فەڕی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ (١١) فەرموودەی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ گێڕاوەتەوە و بوخاری و موسلیم لە سەر گێڕانەوەی (٢) لەو فەرموودانە کۆك بوون.

- ئامانجی سەرەکی لەم هاوسەرگیرییەی پێغەمبەری خودا ﷺ لەگەڵ خاتوو زەینەب ئەوە بووە کە خوای گەورە ویستویەتی بە شێوەیەکی کرداری و لەسەر دەستی پێغەمبەرەکەی ﷺ بە تەواوەتی یاسا و دابونەریتی بەکوڕکردن و شوێنەوارەکانی لە دڵ و دەروونی موسڵماناندا هەڵبووەشێنێتەوە و بسڕێتەوە، خوای گەورە بە راشکاوی باس لەم

ئامانجەی ئەم هاوسەرگیرییە دەكات و دەفەرمویت: ﴿لِكَيْ لا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ﴾[1]. واتە: بۆیە خاتوو زەینەبمان كردە هاوسەری تۆ، تا باوەڕداران هیچ دوودڵی و گومانێكیان نەمێنێت لە دروستی مارەكردنەوەی خێزانی ئەو منداڵانەی كە كردوویاننەتە كوڕی خۆیان.

- كەواتە دەقەكانی قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەرﷺ وقسەی هاوەڵان و گێڕانەوە مێژوویيە راست و دروستەكان، پشتڕاستی ئەوە دەكەنەوە كە ئەم هاوسەرگیرییە بە فەرمان و ولەسەر ویستی خوای گەورە بووە و بەهیچ شێوەیەك حەز و ئارەزوو و ویستی پێغەمبەری ﷺ تێدا رەچاو نەكراوە.

- سەرەڕای ئەو هەموو بەڵگە ڕاست و دروست و ڕوونانە، ناحەزانی ئیسلام وەك پیشەی هەمیشەیی خۆیان لە كۆن و نوێدا كۆمەڵێك قسەی بێ بنەما و دوور لە راستییان دەربارەی ئەم هاوسەرگیرییەی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ خاتوو زەینەب هەڵبەستووە و هەموو ئەو قسانەیش لەگەڵ زۆریی و بۆرییاندا جەخت لە سەر ئەو خاڵە دەكەنەوە كە گوایە هاوسەرگیریی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ خاتوو زەینەب لە سەر حەز و ئارەزوو و خواستی پێغەمبەر ﷺ خۆی بووە ، ئەویش بەهۆی ئەوەی كە گوایە پێغەمبەری خودا ﷺ رۆژێك لە رۆژان دەچێتە ماڵی زەید و لەوێ چاوی بە خاتوو زەینەب دەكەوێت، كە جلێكی تەنكی لەبەردا دەبێت، ئیتر لەو كاتەوە پێغەمبەری خودا ﷺ خولیای خاتوو زەینەب دەبێت و زەیدیش كە بەمە دەزانێت لەبەر پێغەمبەری خودا ﷺ خاتوو زەینەب تەڵاق دەدات.

- ئێمە لێرەدا بۆ روونكردنەوەی راستییەكان و رەواندنەوەی ئەو جۆرە گومانانە چەند خاڵێك دەخەینە روو:

١ ـ ئێمەی بڕوادا یەكەمین سەرچاوە كە پشتی پێ دەبەستین بۆ وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێك، یان چارەسەركردنی هەر كێشەیەك، یان رەواندنەوەی هەرگومانێك، بریتییە لە قورئانی پیرۆز؛ بۆیە دەچینە خزمەت قورئانی پیرۆز تا بزانین چۆن باسی ئەم هاوسەرگیرییەمان بۆ دەكات وبەر لەوەیش سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بكەین كە خوای گەورە چیرۆكی هیچ هاوسەرگیرییەكی پێغەمبەری ﷺ لە قورئاندا باس نەكردووە و تۆمار

١ - سورة الأحزاب: الآية ٣٧.

نەکردووە، جگە لە چیرۆکی هاوسەرگیریی خاتوو زەینەب نەبێت، کە گشت وردەکارییەکانی تۆمار کردووە، دیارە خوای گەورە باشی زانیوە کە دووڕوو و بێباوەڕان لەسەر ئەم هاوسەرگیرییە بێدەنگ نابن و وەکو پیشەی هەمیشەییان قسە و قسەڵۆکی خۆیان هەڵدەبەستن، بۆیە خوای گەورە بە وردی لە سورەتی ئەحزابدا چیرۆکەکە باس دەکات و جێبەجێکردنی هاوسەرگیرییەکە دەداتە پاڵ خۆی نەك پێغەمبەر ﷺ و دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَراً زَوَّجْنَاكَهَا﴾. واتە: کاتێك زەید دەستی لە زەینەب هەڵگرت و پەیوەندییان کۆتایی هات لە تۆمان مارە کرد و کردمانە هاوسەری تۆ، کەواتە هاوسەرگیرییەکە پەروەردگار کردوویەتی نەك پێغەمبەر ﷺ خۆی ئەم کارەی کردبێت.

پاشتریش خوای گەورە زۆر بە ڕوونی ئاماژە بە هۆکاری سەرەکی ئەم هاوسەرگیرییە دەکات و دەفەرموێت: ﴿لِكَيْ لا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ﴾. واتە: بۆیە خاتوو زەینەبمان کردە هاوسەری تۆ تا باوەڕداران هیچ دوودڵی و گومانێکیان نەمێنێت لە مارەکردنەوەی خێزانی ئەو منداڵانەی کە کردوویاننەتە کوڕی خۆیان.

کەواتە ئەمە هۆکاری سەرەکی هاوسەرگیرییەکەیە، نەك هیچ شتێکی تر.

٢- هەروەها قورئان ئاماژە بەوە دەکات کە پێغەمبەری خودا ﷺ وەکو حەز و خواستی خۆی هیچ کات حەزی بەم کارە نەبووە و بگرە جێبەجێکردنی ئەم کارەی زۆر بەلاوە قورس بووە و نەیویستوە ڕووبەڕووی ببێتەوە، بۆیە سەرەڕای ئەوەیش کە سوور دەیزانی و جبریل ئاگاداری کردبۆوە کە زەید زەینەب هەر تەڵاق دەدات و پاشتر دەبێت خۆی بیخوازێت، بەڵام ئەمەی باس نەدەکرد و نەیدەگوت، لە ترسی قسەی خەڵکی، تا سەرئەنجام کار گەیشتە ئەوەی کە قورئان ڕاشکاوانە گلەیی لە هەڵوێستی پێغەمبەر ﷺ بکات و بفەرموێت: ﴿وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ﴾. واتە: شتێك لە ناخی خۆتدا دەشاریتەوە و پەنهانی دەکەیت کە خوای گەورە دەیەوێت ئاشکرای بکات ولە قسەی خەڵکی دەترسیت، لە کاتێکدا خوای گەورە زیاتر شایەنی ئەوەیە کە تۆ لێی بترسیت.

٣- پاشتر خوای گەورە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەگەر ویستی کارێك بکات ئەوە حیساب بۆ ویستی هیچ کەسێك ناکات با ئەو کەسە پێغەمبەرییش بێت ﷺ ، بۆیە لە

کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرمویێت: ﴿وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولًا﴾[١]. واتە: هەر کارێك فەرمانی خوای گەورەی لەسەر بێت هەر دەبێت ببێت.

٤- لە کۆتاییشدا خوای گەورە وەك دڵنەوایییەك بۆ پێغەمبەر ﷺ و بەرگرییەك لە هەڵوێستی مەردانە و جوامێرانەی لەمەڕ ئەم کێشەیەدا و وەك وەڵامدانەوەیەکیش بۆ خەڵکانی بێباوەڕ و دووڕوو دەفەرمویێت: ﴿مَا كَانَ عَلَى النَّبِيِّ مِنْ حَرَجٍ فِيمَا فَرَضَ اللَّهُ لَهُ﴾[٢]. واتە: هیچ گلەیی و گازندەیەك لە پێغەمبەری خودا ﷺناکرێت، لە ئەنجامدانی کارێکدا کە ویستی خوای گەورەی لەسەر بێت و بە فەرمانی ئەو ئەنجام درابێت.

هەر بۆیە ئەم ئایەتانەی قورئان زۆر بە ڕوونی ڕاستیی مەسەلەکان دەخەنە ڕوو و هەموو ئەو قسە و قسەلۆکانەیش بەدرۆ دەخەنەوە کە ناحەزان هەڵیان دەبەستن و دەیانوروژێنن.

٥- پاشانیش ئەگەر گریمان پێغەمبەری خودا ﷺ لەبەر حەز و ئارەزووی خۆی ئەم کارەی ئەنجام بدایە، ئایا خوای گەورە لەسەر ئەم تاوان و ستەمەی پێغەمبەرەکەی ﷺ بێدەنگ دەبوو؟! ئایا ئەگەر کارێکی وا ڕووی بدایە خوای گەورە باسی نەدەکرد؟! ئایا هەر هیچ نەبێت گلەیی لە پێغەمبەر ﷺ نەدەکرد، کە چۆن کاری وا دەکات لە کاتێکدا لەسەر شتی زۆر لەوە بچووکتر گلەیی لێ کردووە؟ زیاد لەوانە هەمووی ئایا دەکرێت پێغەمبەری خودا ﷺ خوانەکردە کارێکی وا هەڵەی کردبێت و پاشتر خوای گەورە نەك هەر باسی هەڵەکەی نەکردبێت، بەڵکو هەڵەکەی پەردەپۆش کردبێت وکارەکەی دابێتە پاڵ خۆی؟!، ئایا ئەم جۆرە بیروبۆچوونانە تا چەند لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا جێی دەبێتەوە؟!!.

٦- لەبەرامبەر ئەم ڕاستییە ڕوون و ئاشکرایانەی کەخوای گەورە دەربارەی هەل ومەرجەکانی ئەم هاوسەرگیرییە باسیان دەکات، ئەو قسە و قسەلۆکانەی ناحەزان پشتیان پێ دەبەستن لەڕووی گێڕانەوە (سند) یانەوە هەموویان لاوازن و خەڵکانێکی بێ متمانە یان هەر درۆزن گێڕاویانەتەوە و باسیان کردوون، بۆیە زانایان پشتیان پێ نەبەستوون و ڕەتیان کردونەتەوە، بۆ نموونە قورطوبی لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: (ئەو قسانەی باس لەوە دەکەن

---

١- سورة الأحزاب: الآية: ٣٧.

٢ - سورة الأحزاب: الآية: ٣٨.

کە گوایە پێغەمبەری خودا ﷺ حەزی لە خاتوو زەینەب کردووە، یان لەوانەیە هەندێك خەڵکی نەفس نزم بڵێن شەیدای بووە، ئەو جۆرە قسانە یان خەڵکانێکی نەزان و گێل دەیکەن، یان خەڵکانێك کە سووکایەتی بە پێغەمبەری خودا ﷺ دەکەن)[١]. ئیبن کەثیریش دەربارەی ئەو دەنگۆیانە دەڵێت: (ئیبن ئەبی حاتەم و ئیبن جەریر هەندێك قسە و باس لە پێشینی خۆیانەوە دەگێڕنەوە لەو بارەیەوە، لەبەر نادروستی و ناتەواوییان وامان پێخۆش بوو هەر باسیان نەکەین و گوێیان پێ نەدەین)[٢]. ئیبن حەجەریش دەربارەی ئەو جۆرە قسانە دەڵێت: (ناکرێت مرۆڤ خۆی بەو جۆرە قسانەوە خەریك و سەرقاڵ بکات)[٣].

٧- ئەو قسە و قسەڵۆکانە هەر یەکە و بەجۆرێك باس لەو بابەتە دەکەن و خۆیان لەناو خۆیاندا جیاوازن و دژ بەیەك دەوەستنەوە، هەر بۆ نموونە هەندێکیان وا باس دەکەن کە گوایە ئەو کاتەی پێغەمبەر ﷺ چۆتە ماڵی زەید، زەید خۆی لە ماڵ نەبووە و خاتوو زەینەب هاتووە و بەخێرهاتنی کردووە، هەندێکی تر وا باسی دەکەن کە نەخێر زەید لە ماڵ بووە، بەڵام نەخۆش بووە، بۆیە خاتوو زەینەب هاتووە بەرەوپیری.

سەبارەت بە شێوازی بینینی خاتوو زەینەبیش هەندێك ریوایەت وا باس دەکەن کە گوایە خاتوو زەینەب کە زانیویەتی پێغەمبەر ﷺ لەبەردەرگایە لە پەلەپەلیدا بیری چووە خۆی پۆشتە بکات و بەو شێوەیە هاتووە دەرگای کردۆتەوە، هەندێکی تر وا باس دەکەن کە گوایە پێغەمبەری خودا ﷺ لە بەر دەرگای ماڵی زەید وەستاوە و دەرگای ماڵەکەیان لە مووی بزن دروست کراوە و لەو کاتەدا بایەك هاتووە و دەرگاکەی هەڵداوەتەوە و پێغەمبەری خودایش ﷺ چاوی پەڕیوەتە سەر خاتوو زەینەب، هەندێکی تریش وا باس دەکەن کە پێغەمبەری خودا ﷺ داوای مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی کردووە و خاتوو زەینەبیش فەرمووی لێ کردووە و لەو کاتەدا پۆشتە نەبووە کە پێغەمبەری خودا ﷺ بینیویەتی.

---

١ - القرطبي (أبو عبدالله محمد بن أحمد القرطبي)، تفسير القرطبي (الجامع لأحكام القرآن)، ج١٤، ص١٩١، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

٢ - إبن كثير، تفسير القرآن العظيم، ج٣، ص٥٩٣.

٣ - إبن الحجر، فتح الباري شرح صحيح البخاري، ج٨، ص٥٢٤.

هەموو ئەم قسە و باسانەیش وەکو گوتمان پێچەوانەی دەقی قورئان و ئەو فەرموودە دروستانەن کە باسمان کردن وجەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە زەید خۆی کێشەی لەگەڵ خاتوو زەینەب هەبووە و بەویستی خۆی لێی جیا بۆتەوە و دواتریش پێغەمبەری خودا ﷺ لەسەر فەرمانی خوای گەورە و بەبێ ویستی خۆی هاوسەرگیری لەگەڵ کردوە.

٨- سەرەڕای ئەوەی ئەو قسە و باسانە پێچەوانەی دەقەکانی قورئان و سوننەتن، پێچەوانەی لۆژیك و عەقڵیشن؛ چونکە ئێمە وەکو پێشتریش باسمان کرد خاتوو زەینەب پورزای پێغەمبەر ﷺ خۆی بووە وهەر لە منداڵییەوە و بەر لە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەریش ﷺ خاتوو زەینەب لە بەردەستی خۆیدا گەورە بووە و هەر خۆیشی سەرپەشتی کردوە و هەرکات ویستبێتی بینیوێتی و سەردانی ماڵیانی کردووە وهەموو جوانییەکانی خاتوو زەینەبی بینیوە، بە تایبەتیش لەو کاتانەدا کە هێشتا فەرمانی بالاپۆشی بۆ ئافرەتان دانەبەزیبوو، کەواتە: ئایا دەگونجێت پێغەمبەری خودا ﷺ لەو هەموو مێژووی تێکەڵییەی لەگەڵ خانەوادەی خاتوو زەینەب و بەدرێژایی تەمەنی لاوێتی خاتوو زەینەب و بە کچێتی، پێغەمبەری خودا ﷺ جوانییەکانی خاتوو زەینەبی نەبینیبێت و ڕۆژێك لە ڕۆژان بە دڵ و خەیاڵیدا نەهاتبێت داوای بکات، بەڵام دواتر و لە سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا و لەو کاتەی کە خاتوو زەینەب خێزانی کەسێکی ترە، ئەو کەسەیش پێغەمبەری خودا ﷺ خۆی خاتوو زەینەبی بۆ هێناوە و بە کوڕی خۆی ئەژماری دەکات، پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ تەنیا ساتێك چاوی بە خاتوو زەینەب کەوتبێت و شەیدای بووبێت؟! بە ڕاستیی ئەمە زۆر دوورە لە راستیی و ڕەوشتی بەرزی پێغەمبەری سەروەرمانەوەﷺ.

٩- ئەگەر پێغەمبەری خودا ﷺ بیویستایە خاتوو زەینەب مارە بکات ئایا بۆ لە هەرەتی لاوێتی خاتوو زەینەب و لەو کاتانەی کە کچ بوو داوای نەدەکرد، لە کاتێکدا هیچ شتێکیش ڕێگر نەبووە لە بەردەمیدا و خاتوو زەینەب بە ئاواتی دەخواست کە پێغەمبەری خودا ﷺ داوای بکات، جا ئایا دەگونجێت کەسێك بە کچی جێی تێبینی و سەرنجی کەسێك نەبێت، بەڵام پاش ئەوەی کە شوو دەکات و دەبێتە خێزانی کەسێکی تر ئەوجا حەزی لێ بکات و بیەوێت بیخوازێت؟!.

١٠- پێغەمبەران بژاردەی خوای گەورەن و سەرمەشقی هەموو ئاکارە جوان و پاك و باشەکانن و لە هەموو درۆ و ناپاکی و خیانەت و کارێکی نەشیاو مەعصوم و پارێزراون وپێغەمبەری خۆیشمان ﷺ سەرمەشقی ئەو کاروانی پاکی و بێگەردییەیە؛ بۆیە کاری لەو جۆرە لەگەڵ سەرەتایی ترین واتاکانی پێغەمبەربوون یەك ناکاتەوە و هەڵبەستنی ئەو جۆرە تۆمەتانە ئەگەر تانە بێت لە پێغەمبەر ﷺ، بەر لەو تانەیە لە خوای گەورە و بڕیارو بژاردەکەی کە چۆن کەسێکی وای هەڵبژاردوە و کردویەتی بە ئەمین وسەرمشقی پەیامەکەی خۆی، ئەمە لە کاتێکدا کە کاری لەو جۆرە لەمرۆڤی ئاسایی و بەڕەوشت ناوەشێتەوە چ جای پێغەمبەر ﷺ و بژاردەیەکی خوای گەورە.

بۆیە ئەو جۆرە تانە و تۆمەتانە دژن بەسەرەتایی ترین واتاکانی باوەڕ بوون بە دانایی خوای گەورە و پاکی وبێگەردی پێغەمبەرەکەی.

١١- ئەگەر ئەم جۆرە قسە و باسانە راستبن و پێغەمبەری خودا ﷺ حەزی لە خاتوو زەینەب کردبێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە ئەم کارە دەبێت وەکو تاوان سەیر بکرێت و هەوڵ بدرێت کە پەردەپۆش بکرێت و پێغەمبەری خودایش ﷺ سەرزەنشت بکرێت تا دەستبەرداری ئەو حەزەی بێت.

کەچی لێرەدا ئاڕاستەی ڕوداوەکان بە پێچەوانەوەن، ئەوەتا خوای گەورە لە قورئاندا فەرمان بە ئاشکرا کردن و راگەیاندنی فەرمانی خۆی و هەڵوێستی پێغەمبەرەکەی دەکات، جا ئەگەر ئەو هەڵوێستە تاوانکارانە بوو چۆن پەروەردگار فەرمان بە ئاشکراکردنی ئەو تاوانە دەکات، کە ئەنجامدەرەکەی پێغەمبەرەکەیەتی؟!، یان چۆن هەڵی دەنێت کە لە ئەنجامدانی ئەو هەڵوێستە تاوانکارییەی شەرم نەکات و ئاشکرای بکات و جگە لە خوای گەورە حساب بۆ کەسی تر نەکات؟! ئەمە لە کاتێکدا کە مرۆڤ لە ئەنجامدانی کاری چاکەدا هەڵدەنرێت کە تەنیا لە خوا بترسێت، نەك لە کاری تاوانکارییدا؛ چونکە ئەوە وەك ئەوە وایە کەسێك خەریکی ئەنجامدانی تاوانێك بێت و تۆیش پێی بڵێیت: کاری خۆت بکە و تەنیا لە خوا نەبێت لە کەس نەترسیت، بەڵکو دەبێت پێی بڵێیت: لەخوا بترسە و کاری وا مەکە، ئەویش ئەگەر لە خوا بترسێت دەبێت دەستبەرداری کارەکەی بێت، بەڵام سەرەنجامی

چیرۆکی ئەو هاوسەرگیرییە بە پێچەوانەوە بوو، سەرەنجام خاتوو زەینەب لەسەر فەرمانی خوای گەورە بووە خێزانی پێغەمبەرﷺ.

١٢- ئەگەر ئەم جۆرە قسانە راست بن ئایا چۆن خوای گەورە ئەو کارەی قبولّ کرد؟! باشە ئەگەر گریمان ئەویش قبولّی کرد ئەی ئایا زەید ئەوەی چۆن لە پێغەمبەری خوداﷺقبولّ کرد کە حەز لە خێزانەکەی بکات؟! نەك هەر ئەوەندە بەلّکو بڕوات بۆی تەلاّق بدات و پاشانیش هەر خۆی بچێت بۆی داوا بکات و خوازبێنیشی بۆ بکات؟!. ئەی خاتوو زەینەب چۆن قبوولّی کرد، ئەمە لە کاتێکدا کە لە کلتوری ئەو کاتی عەرەبدا ئەم جۆرە کارانە نەك هەر تاوان بەلّکو کوفری ڕەوان بوون و هەرگیز جێی قبوولّ کردن نەبوون.

ئەمانە وچەندین پرسیاری تری بێوەلاّم لەم بارەیەوە ئەو جۆرە قسە و باسانە رەت دەکەنەوەو بە درۆیان دەخەنەوە و ئەوە دەسەلمێنن کە ئەوەی خوای گەورە لەو بارەیەوە دەیفەرموێت هەر ئەوە ڕاستە و هەرچیش پێچەوانەی ئەوەیە جگە لەدرۆ و دوودلّی و نیفاق شتێکی تر نییە.

## خێزانی هەشتەم

- خێزانی هەشتەمی پێغەمبەر ﷺ خاتوو: (رَيْحَانَةُ بِنْتُ زَيْدِ بْنِ عَمْرِو بْنِ خُنَافَةَ بْنِ شَمْعُونَ النّضَرِيّة) ی یەهودی بووە لە هۆزی (بَنِي النَّضِيرِ).

- خاتوو (رَيْحَانَةُ) بەر لە پێغەمبەری خودا ﷺ خێزانی پیاوێکی یەهودی بووە لە هۆزی (بَنِي قُرَيْظَةَ) بە ناوی (الحكم) و هاوسەرەکەی لە غەزای (بَنِي قُرَيْظَةَ) دا و لە ئەنجامی ئەو خیانەتە گەورەیەی کە جولەکەکانی هۆزی (بَنِي قُرَيْظَةَ) لە شەری خەندەقدا بەرامبەر بە پێغەمبەر ﷺ و موسڵمانان کردیان کوژرا.

- پاش کوشتنی پیاوەکەی خاتوو (رَيْحَانَةُ) بێوەژن دەکەوێت و پێغەمبەری خوداﷺ دەینێرێتە ماڵی (أم المنذر بنت قيس) لە هۆزی (بني النجار) تا لەوێ سوڕی مانگانەی تەواو بکات.

- پێغەمبەری خودا ﷺ بەشێوەیەك ڕێزی خاتوو (رَيْحَانَةُ) دەگرێت خۆی دەڵێت: ئەگەر داوام لێ بکردایە تاوانبارانی هۆزی (بَنِي قُرَيْظَةَ) ببەخشێت بە من دڵی نەدەشکاندم.

- دواتر پێغەمبەری خوا ﷺ سەرپشکی دەکات لەوەی کە موسوڵمان بێت یان لەسەر ئاینەکەی خۆی بمێنێتەوە، ئەویش ئیسلام هەڵدەبژێرێت و موسوڵمان دەبێت.

- پاش ئەوەی موسوڵمان دەبێت پێغەمبەری خوا ﷺ ئازادی دەکات و پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکات کە هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، ئەویش بەخۆشحاڵییەوە ڕازی دەبێت.

- لە مانگی موحەڕەمی ساڵی (٦)ی کۆچی پێغەمبەری خودا ﷺ ژیانی هاوسەریی لەگەڵ پێك دەهێنێت.

- خاتوو رەیحانە هەر لە ژیانی پێغەمبەر ﷺ خۆیدا و لە پاش گەڕانەوەی لە حەجی ماڵئاوایی کۆچی دوایی دەکات و پێغەمبەری خودا ﷺ خۆی نوێژی لەسەر دەکات وتەرمی پیرۆزی لە گۆڕستانی بەقیع بەخاك دەسپێردرێت.

## خێزانی نۆیەم

- نۆیەم خێزانی پێغەمبەر ﷺ خاتوو: (جُوَيْرِيَةُ بِنْتُ الْحَارِثِ)ی کچی (الْحَارِثِ بْنِ أَبِي ضِرَارِ بْنِ الْحَارِثِ)ی گەورە پیاوی جولەکە و سەرۆك هۆزی (بَنِي الْمُصْطَلِقِ) بووە.

- خاتوو جوەیریە بەر لەوەی ببێتە خێزانی پێغەمبەر ﷺ ناوی (بَرَّةَ) بووە؛ بەڵام بەهەمان شێوەی خاتوو زەینەب پێغەمبەری خودا ﷺ ناوەکەی گۆڕی بۆ جوەیریە.

- خاتوو جوەیریە سەرەتا خێزانی ئامۆزایەکی بێباوەڕی دڵڕەقی سەرسەختی جولەکە بوو بە ناوی (مُسافع بن صَفْوان المُصْطَلقيّ) وئەم پیاوە زۆر دژایەتی پێغەمبەری خودای ﷺ دەکرد، تا سەرئەنجام لە شەڕی موسڵمانانندا کوژرا و خاتوو جوەیریە بێوەژن کەوت.

- هۆکاری ئەو شەڕەیش کە هاوسەرەکەی خاتوو جوەیریەی تێدا کوژرا ئەوە بوو کە لە ساڵی شەشی کۆچیدا پێغەمبەری خودا ﷺ بەر گوێی کەوت کە هۆزی (بَنِي الْمُصْطَلِقِ) خۆیان و خەڵکانێکی زۆریان کۆکردۆتەوە تا هێرش بکەنە سەر مەدینە و موسڵمانان لەناو ببەن، ئەویش بەر لەوەی ئەوان هێرشەکەیان دەست پێ بکەن و شەڕەکە بهێننە ناو مەدینەوە، دەستپێشخەری کرد و سوپایەکی ئامادە کرد و هێرشی کردە سەریان، دەستی بەسەر خۆیان و ناوچەکەیشیاندا گرت.

- پاش کۆتایی هاتنی شەڕ خاتوو جوەیریە بە دیل گیرا و کرایە کۆیلە[1] و درایە هاوەڵێکی ئازیزی پێغەمبەر ﷺ بە ناوی (ثابِتِ بْنِ قَيْسِ بْنِ شَمَّاسٍ). و ئەو هاوەڵە ئازیزەیش مەرجی ئەوەی لەگەڵ خاتوو جوەیریە کرد کە ئەگەر بڕێك پارەی بداتێ ئەوە ئازادی دەکات.

- خاتوو جوەیریە بەو کارەساتەی کە بەسەر خۆی و هۆزەکەی هاتبوو زۆر نیگەران بوو، هانای بۆ پێغەمبەر ﷺ هێنا و سەرەتا خۆی پێ ناساند کە کچی سەرۆکی ئەو هۆزەیە و ئێستا بووەتە کۆیلە و سکاڵای لا کرد کە بەڵکو چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە و خۆی و هۆزەکەی لە کۆیلایەتی ڕزگار بکات.

---

١ - چونکە یاسای شەڕ بەر لە هاتنی ئیسلام و لەو سەردەمانەیشدا بەو شێوەیە بوو، هەتا پاشتر ئیسلام هەنگاو بە هەنگاو ئەم دیاردەیەی کۆتایی پێهێنا و بنەبڕی کرد.

- پێغەمبەری خودایش ﷺ بەدەم داواکەیەوە چوو و ئەو بڕە پارەیەی کە (ثابِت) دیاری کردبوو لە بەرانبەر ئازاد کردنی خاتوو جوەیریەدا، پێغەمبەری خودا ﷺ دایە (ثابِت) و پاشانیش وەك زیادە ڕێزلێنانێك لە خاتوو جوەیریە و بە مەبەستی ئازادکردنی هۆزەکەی لە بەندی کۆیلایەتی، پێغەمبەری خودا ﷺ پێشنیازی هاوسەرگیریی بۆ خاتوو جوەیریە کرد و ئەویش بەخۆشحاڵییەوە قبوڵی کرد.

- لە مانگی شەعبانی ساڵی (٦)ی کۆچی پێغەمبەری خودا ﷺ لەگەڵ خاتوو جوەیریە پرۆسەی هاوسەرگیریی ئەنجامدا.

- هاوەڵەکانی پێغەمبەر ﷺ کە بیستیان بنەماڵەی خاتوو جوەیریە بونەتە خەزوورانی پێغەمبەرﷺ ، هەموویان شەرمیان دەکرد کە ماڵە خەزوورانی پێغەمبەر ﷺ بە کۆیلە ڕابگرن و وەك ڕێزلێنانێك لە پێغەمبەر ﷺ و خاتوو جوەیریەی خێزانی، هەرچی خزم و کەس و کاری خاتوو جوەیریە هەبوو هەموویان لە کۆیلایەتی ڕزگار و ئازاد کرد.

- کەواتە هۆکاری ئەم هاوسەرگیرییە وەك بۆمان دەرکەوت ئەوەبوو کە پێغەمبەری خودا ﷺ لە ڕێی ئەم هاوسەرگیریی و تێکەڵییەوە توانی بنەماڵەی خاتوو جوەیریە کە سەد خێزان دەبوون، هەموویان لە کۆتی کۆیلایەتی ڕزگار بکات و هەموویشیان بهێنێتە بازنەی ئیسلامەوە و زۆرێك لەوانە بوونە هاوەڵی دڵسۆزی پێغەمبەر بەتایبەتی باوکی خاتوو جوەیریە خۆی کە ناسراوە بە (الحارث بن أبي ضرار بن حبيب).

- هەر بۆیە خاتوو عائیشە دەربارەی خاتوو جوەیریە دەڵێت: (هیچ ئافرەتێکم نەبینیوە هێندەی ئەو بەسوود بووبێت بۆ هۆزەکەی)[١].

- لە تەمەنی پڕ لە فەڕی لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ خاتوو جوەیریە (٧) فەرموودەی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ گێڕاوەتەوە و بوخاری و موسلیم لەسەر گێڕانەوی (٢) لەو فەرموودانە کۆك و هاوڕان.

---

١ - إبن حبان، صحيح إبن حبان، ج٩، كتاب النكاح، الحديث (٤٠٥٤)، قال شعيب الأرنؤوط : حديث صحيح وإسناده قوي، ص٣٦١. أبو داود (سليمان بن الأشعث)، سنن أبي داود، ج٤، كتاب (٣٠) العتق، باب (٢) في بيع المكاتب إذا فسخت الكتابة، دار الفكر بيروت، الحديث (٣٩٣٣)، تحقيق: محمد محي الدين عبد الحميد، ص٣٤، وقال الألباني: حديث حسن.

- لە مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی (٥٦) ی کۆچی و هەر لە مەدینە و لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان خاتوو جوەیریە لە تەمەنی (٦٥) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە ومەروانی کوڕی حەکەم کە ئەوکات والی مەدینە بووە بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر لە موسڵمانان نوێژی لەسەر کردوە و پاشتر تەرمی پیرۆزی لە گۆڕستانی بەقیع بەخاك سپێردراوە.

## خێزانی دەیەم

- دەیەم خێزانی پێغەمبەر ﷺ خاتوو (رَمْلَةُ بِنْتُ أَبِي سُفْيَانَ)ی ناسراو بە (أُمّ حَبِيبَة)ی کچی (أَبِو سُفْيَان صخر بْنِ حَرْبٍ)ی دەوڵەمەند و سیاسەتمەدار و ناوداری شاری مەککە بوو، دایکیشی ناوی (صَفِيَّةَ بِنْتَ أَبِي الْعَاصِ)ی پووری عوسمانی کوڕی عەفانی جێنیشنی سێیەمی پێغەمبەری خودا ﷺ بوو .

- (١٧) ساڵ بەر لە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر ﷺ خاتوو رەملە لە شاری مەککە لە دایك بووە.

- لەگەڵ ئەوەیشی کە (أَبِو سُفْيَان)ی باوکی یەکێك بوو لە دوژمنە سەرسەختەکانی پێغەمبەر ﷺ و پەیامەکەی، بە پێچەوانەی ئەوەوە خاتوو ڕەملە هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر ﷺ و راستیی پەیامەکەی هێناوە و لەو پێناوەشدا و بە مەبەستی دەرباز بوون لە ستەمی بێباوەڕانی مەککە لەگەڵ هاوسەرەکەی (عُبَيْدُ اللَّهِ بْنُ جَحْشٍ الْأَسَدِيّ) کۆچیان کرد بۆ حەبەشە و لەوێ خوای گەورە کچێکی پێ بەخشین و ناویان نا (حَبِيبَة)، ئیتر خاتوو رەملە نازناوی (أُمّ حَبِيبَة)ی لێنراوە.

- پاش ماوەیەك لە گەیشتنیان بە خاکی حەبەشە هاوسەرەکەی کە برای خاتوو زەینەبی خێزانی پێغەمبەر بووە ﷺ ، لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوە و چۆتە سەر ئایینی مەسیحییەت، بەڵام خاتوو (أُمّ حَبِيبَة) چۆن پێشتر لە پێناوی خوادا دەستی لە باوك و دایك و برا و هەموو کەس و کاری هەڵگرتبوو، لەم قۆناغەشدا و هەر لەبەر خودا و لە پێناو ئایینەکەیدا دەستبەرداری هاوسەرەکەیشی بووە و لێی جیا بۆتەوە و لەوێ بێوەژن و بێکەس کەوتووە.

- پاش بێوەژنکەوتنی خاتوو (أُمّ حَبِيبَة) ڕووبەڕووی زۆر کێشەو نارەحەتی بۆتەوە ولە ترسی ستەمی بێباوەڕانیش نەیتوانیوە بگەڕێتەوە شاری مەککە، لەو کاتانەدا خوای گەورە دەرگای رەحمی خۆی بە رووی خاتوو (أُمّ حَبِيبَة) دا واڵا کردوە و پێغەمبەری خودا ﷺ وەك وەفادارییەك و ڕێزلێنانێك بۆ ئەو هەموو قوربانی و بەرخودانەی خاتوو (أُمّ حَبِيبَة) ، پێغەمبەری خودا ﷺ بە (عَمْرو بْنَ أُمَيَّةَ الضَّمْرِيَّ)دا وەڵامی ناردووە بۆ (نَجَاشِيّ) پادشای

حەبەشە و داوای لێ کردووە کە خوازبێنی خاتوو (أُمّ حَبِيبَة) ی بۆ بکات، ئەویش داواکەی پێغەمبەر ﷺ بە خاتوو (أُمّ حَبِيبَة) ڕاگەیاندووە.

- خاتوو (أُمّ حَبِيبَة) کە ئەم هەواڵەی بیستووە زۆری پێ خۆش بووە و ڕازی بووە و(خَالِدُ بْنُ سَعِيدِ بْنِ الْعَاصِ)ی ئامۆزای باوکی ڕاسپاردووە کە لە بری ئەو لە پێغەمبەری خوای ﷺ مارە بکات، (نجَاشِيّ) ش لەلای خۆیەوە و لە بری پێغەمبەری خودا ﷺ بڕی (٤٠٠) دیناری ئاڵتوونی ئەو کاتەی وەك مارەیی داوەتە خاتوو (أُمّ حَبِيبَة).

- لە ساڵی (٧)ی کۆچی پێغەمبەری خودا ﷺ ژیانی هاوسەری لەگەڵ خاتوو (أُمّ حَبِيبَة) دا پێك هێناوە.

- (أَبُو سُفْيَان)ی باوکی خاتوو (أُمّ حَبِيبَة) سەرەڕای ئەو هەموو دژایەتیکردنەیشی بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ و پەیامەکەی، کە بیستی پێغەمبەری خودا ﷺ کچەکەی خواستووە، بەم خزمایەتی و هاوسەرگیرییە زۆر دڵخۆش بووە و لە وەسفی پێغەمبەردا ﷺ گوتویەتی: (هو الفحل لا يقرع أنفه). واتە: ئەوە پیاوێکە نە کەس هاوشانێتی وە نەکەسیش دەتوانێت دەست بە روویەوە بنێت.

- جگە لەو هەڵوێستانەی کە باسمان کرد، خاتوو (أُمّ حَبِيبَة) خاوەنی زۆر هەڵوێستی باوەڕدارانە و جوامێرانە و ناوازە بووە کە نیشانەی باوەڕپتەویی و دڵسۆزی ئەم خاتوونە بوون بەرامبەر بە پێغەمبەری خودا ﷺ و ئایینی پیرۆزی ئیسلام، لەوانە جارێکیان باوکی روو دەکاتە مەدینە بە مەبەستی پاکانەکردن بۆ ئەو ناپاکی و سنوورشکێنییەی کە بێباوەڕانی مەککە دژ بە موسڵمانان و پەیماننامەی حودەیبیە ئەنجامیان دابوو، بە هێرشکردن و کوشت و بڕ کردنیان بۆ هۆزی خوزاعەی هاوپەیمانی پێغەمبەرﷺ ، پاش هەوڵێکی زۆر کەس بە دەم داواکەیەوە نەچوو، کەسیش ئامادە نەبوو لەگەڵی بچێتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و تکای بۆ بکات، پاشتر رووی کردە ماڵی خاتوو (أُمّ حَبِيبَة) کچی، بە هیوای ئەوەی کە بەڵکو ئەو تکایەکی لە پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ بکات، خاتوو (أُمّ حَبِيبَة) یش پاش ئەو هەموو لێکدابڕانە کە چەند ساڵە باوکی نەبینیوە، کاتێك باوکی دێتە ژوورەوە، ئەو ڕاخەرەی کە پێغەمبەری خودا ﷺ لەسەری دانیشتووە هەڵیگرتووە و نەیهێشتووە باوکی لەسەری دابنیشێت، باوکی کە ئەم هەڵوێستەی بینیوە پێی سەیر بووە

وگوتویەتی: ئەوە من بە شایەنی ئەوە نازانی کە لەسەر ئەو راخەرە دابنیشم؟ یان ئەو راخەرە بە شایەنی من نابینیت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: نەخێر تۆ بە شایەنی ئەوە نابینم کە لە سەر ئەو راخەرە دابنیشیت؛ چونکە ئەوە راخەری پێغەمبەرە ﷺ و تۆیش کابرایەکی بێباوەڕ و پیسیت، شایەنی ئەوە نیت لەسەر راخەری پێغەمبەری خودا ﷺ دابنیشیت.

- لە تەمەنی پڕ لە فەڕی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ خاتوو (أُمّ حَبِيبَة) (٦٥) فەرموودەی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ گێڕاوەتەوە .

- خاتوو (أُمّ حَبِيبَة) لە تەمەنی (٧٤) ساڵیدا و لە شاری مەدینە و لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی موعاویەی برایدا کۆچی دوایی کردووە وتەرمی پیرۆزی هەر لەوێ و لە گۆڕستانی بەقیع بەخاك سپێردراوە.

## خێزانی یازدەیەم

- یازدەیەم خێزانی پێغەمبەر ﷺ خاتوو: (صَفِيَّةَ بنْتَ حُيَيّ بْنِ أَخْطَبَ)ی گەورەپیاو و دەسەڵاتداری هۆزی (بَنِي النَّضِيرِ)ی جولەکەیە ودایکیشی ناوی (بُرَّةَ بِنْتَ سَمَوْأَلٍ)ە و لە هۆزی (بَنِي قُرَيْظَةَ) یە.

- نەسەبی خاتوو صەفیە دەگەڕێتەوە سەر پێغەمبەر (هارون بن عمران)ی برای پێغەمبەر (موسا) درود و سەلامی خوایان لەسەر بێت.

- بەر لەوەی ببێتە خێزانی پێغەمبەر ﷺ خاتوو صەفیە دوو شووی تری کردووە، یەکەمیان بە (سَلَامِ بْنِ مُشْكِمٍ) و پاش ماوەیەك ئەو تەڵاقی داوە، دووەمیشیان بە (كِنَانَةُ بْن الرَّبِيعِ بْن أَبِي الْحَقِيقِ) و ئەویش لە غەزای خەیبەردا بە دەستی موسڵمانان کوژراوە.

- پاش ئەوەی کە جولەکەکان هەر بەردەوام بوون لە سەر ئاژاوەگێڕیی خۆیان، پێغەمبەری خودا ﷺ سوپایەکی ئامادە کردووە و هێرشی کردە سەر ئەو قەڵا و مۆڵگانەی جولەکەکان کە مەڵبەندی ئاشووب و فیتنەگێڕیی بوون دژ بە موسڵمانان.

- لە غەزایەکدا کە بەناوبانگە بە غەزای خەیبەر، لووتی جولەکەکانی بۆ دواجار شکاندو هەندێك لەو سەرانی فیتنە و ئاژاوەگێڕییەی لەو غەزایەدا لەناو برد، ولە نێوان ئەو سەرانەدا باوك و برایەك و هاوسەرەکەی خاتوو صەفیەیان تێدا بوو، خاتوو صەفیەیش پاش کۆتایی شەڕەکە بە دیل گیرا.

ـ خاتوو صەفیە بە کۆیلایەتی دەکەوێتە لای هاوەڵێکی ئازیزی پێغەمبەر ﷺ بە ناوی (دِحْيَةُ الكَلْبِيّ) و پاشتر کەسێك دێتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و پێی دەڵێت، کە ئەو ئافرەتە هەم کچی سەرۆك هۆز و هەم خێزانی سەرۆك هۆزی دوو بنەماڵەی جولەکەیە، باشتر وایە وەك دڵدانەوەیەك و ڕێزلێنانێك خەمێکی لێ بخۆیت و پێغەمبەری خودایش ﷺ بە گوێی دەکات و خاتوو صەفیە لە کۆتی کۆیلایەتی ڕزگار دەکات و سەرپشکی دەکات لەوەی کە ئازادی بکات و لەسەر یەهودییەتی خۆی بمێنێتەوەو بگەڕێتەوە ناو کەس و کاری خۆی، یان موسڵمان بێت و لە لای موسڵمانان بمێنێتەوە، ئەویش کە ئەو ڕێزەی پێغەمبەر ﷺ دەبینێت بڕیاری موسڵمان بوون دەدات.

- پاشتر پێغەمبەری خودا ﷺ وەك زیادە ڕێزلێنانێك لە خاتوو صەفییە پێشنیاری هاوسەرگیری بۆ دەکات و ئەویش بە خۆشحاڵییەوە قبوڵی دەکات.

- لە مانگی شەووالی ساڵی (٧)ی کۆچی پێغەمبەری خودا ﷺ ژیانی هاوسەری لەگەڵ خاتوو صەفیەدا دەست پێ دەکات.

- پێغەمبەری خودا ﷺ زۆر ڕێزی خاتوو صەفیە دەگرێت وجارێکیان خاتوو صەفیە چاو بەگریان دێتە خزمەتی و ئەویش لێی دەپرسێت بۆ دەگریت؟ خاتوو صەفیە لەوەڵامدا دەڵێت: حەفصە پێم دەڵێت کچە جولەکە، پێغەمبەری خودایش ﷺ پێی دەفەرموێت: {إِنَّكِ ابْنَةُ نَبِي ﷺ، وَإِنَّ عَمَّكِ لِنَبِيٌّ، وَإِنَّكِ تَحْتَ نَبِي ﷺ، فَبِمَ تَفْخَرُ عَلَيْكِ؟، ثُمَّ قَالَ: اتَّقِي اللَّهَ يَا حَفْصَةُ}[١]. واتە: تۆ کچی پێغەمبەریت، مامیشت پێغەمبەرە، خێزانی پێغەمبەریشیت، ئیتر حەفصە بە چی نازت بەسەردا دەکات، پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ بە خاتوو حەفصەی گوت: لە خوا بترسە و وای پێ مەڵێ.

- خاتوو صەفیە لە ژیانی خۆیدا خاوەنی زۆر هەڵوێستی جوامێرانە بووە لە زۆر کات و شوێندا، لەوانە کاتێك ئاژاوەگێڕ و چەتەکان گەمارۆی ماڵی خەلیفەی ستەملێکراو (عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ) دەدەن و دەیانەوێت بە ناحەق شەهیدی بکەن، هەموو ڕێگەیەکی خواردن و خواردنەوە لە خۆی و خانەوادەکەی دەگرن، خاتوو صەفیە لەو کاتە ناسکەدا بێ گوێدانە هیچ مەترسییەك بەردەوام لە ماڵەکەی خۆیەوە خواردن و خواردنەوەیان بۆ ڕەوانە دەکات.

- هەروەها جارێکیان کەنیزەکێکی خۆی دەچێت لای پێشەوا عومەر سکاڵای لێ دەکات و دەڵێت: خاتوو صەفیە هەتا ئێستایش هەر ڕۆژی شەممەی خۆش دەوێت و سەردانی جولەکەکان دەکات، ئەویش وەڵامی بۆ دەنێرێت و پرسیاری لێدەکات، خاتوو صەفیەیش لە وەڵامدا دەڵێت: سەبارەت بە ڕۆژی شەممە لەو کاتەوە کە خوای گەورە ڕۆژی هەینی پیرۆز کردووە من یادی شەممەم لەدڵدا نەماوە و خۆشم ناوێت، سەبارەت بە سەردانی جولەکەکانیش من تا ئێستا هەندێك خزم و کەس و کارم لە نێوانیاندا هەیە ئەرکی خزمایەتییان بەرامبەر جێبەجێ دەکەم و هیچی تر، پاشان خاتوو صەفیە بە کەنیزەکەکەی

---

١- الترمذي، سنن الترمذي، ج٥، كتاب (٥٠) المناقب عن رسول الله ﷺ، باب (٦٤) فضل أزواج النبي ﷺ، الحديث (٣٨٩٤)، ص٧٠٩. الإمام أحمد، المسند، ج١٩، الحديث (١٢٣٩٢)، ص٣٨٤.

گوت: چی وای لێ کردیت ئەو کارە بکەیت؟ گوتی: شەیتان. گوتی: دەی بڕۆ لەبەر خوای گەورە ئازاد بە و گەردنت ئازاد بێت.

- خاتوو صەفیە لە تەمەنی پڕ لە فەڕی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ تەنیا (١٠) فەرموودەی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ گێڕاوەتەوە.

- لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی (٥٠)ی کۆچی و لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان خاتوو صەفیە کۆچی دوایی کردووە وتەرمی پیرۆزی لە گۆڕستانی بەقیع بەخاك سپێردراوە.

## خێزانی دوازدەیەم

- دوازدەیەم و کۆتا خێزانی پێغەمبەر ﷺ خاتوو: (مَيْمُونَةَ بنت الْحَارِثِ بْنِ حَزْنِ بْنِ بُجَيْرٍ)ە ودایکیشی ناوی (هِنْد بِنْت عَوْف الْهِلَالِيَّة) یە.

- خاتوو مەیمونە لە دایکەوە پوری خاتوو (زَيْنَبَ بِنْتَ خُزَيْمَةَ)ی خێزانی کۆچکردووی پێغەمبەر ﷺ و (عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَبَّاسٍ)ی ئامۆزای پێغەمبەر ﷺ و (خَالِدُ بْنُ الْوَلِيدِ)ە.

- هەرچەندە خاتوو مەیمونە لە رووی ژمارەوە خێزانی (١٢) یەمی پێغەمبەرەﷺ ، بەڵام لە واقیعدا خێزانی (٩) یەمی بووە؛ چونکە کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ خاتوو مەیمونەی هێناوە، (٣) لە خێزانەکانی پێشووی کۆچی دواییان کردبوو، کە ئەوانیش خاتوو: خەدیجە، خاتوو زەینەبی کچی خوزەیمە و خاتوو رەیحانە بوون.

- خاتوو مەیمونە بەهەمان شێوەی خاتوو زەینەب و خاتوو جوەیریە سەرەتا ناوی (بَرَّةَ) بووە و پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ ناوەکەی گۆڕیوە بۆ مەیمونە.

- بەر لەوەی ببێتە خێزانی پێغەمبەر ﷺ خاتوو مەیمونە دوو شووی تری کردووە، یەکەمیان بە (مَسْعُودِ بْنُ عَمْرِو بْنُ عُمَيْرٍ الثَّقَفِيّ) و پاش ئەوەی کە ئەو تەڵاقی داوە و لێی جیا بۆتەوە شووی کردۆتەوە بە (أَبِي رُهْمِ بْنِ عَبْدِ الْعُزّى) و پاش ماوەیەك ئەویش کۆچی دوایی کردووە، ئیتر خاتوو مەیمونە بۆ جاری دووەم بێوەژن کەوتووە و کەوتۆتە لای (الْعَبَّاس بْن عَبْد الْمُطَّلِبِ)ی زاوایان کە لەهەمان کاتدا مامی پێغەمبەر ﷺ بووە.

- پاش ئەوەی لە ساڵی (٦)ی کۆچیی پێغەمبەری خودا ﷺ لەگەڵ هاوەڵەکانی بڕیاری عەمرە کردنیان دا، ئەوەبوو بێباوەڕانی قورەیش بەرەنگاریان بوونەوە و رازی نەبوون بەوەی کە ئەو ساڵە پێغەمبەری خوداﷺو هاوەڵەکانی بچنە شاری مەککەوە، تا سەرئەنجام پەیماننامەی حودەیبیەیان مۆر کرد و تێیدا رێککەوتن لە سەر ئەوەی کە ساڵی داهاتوو پێغەمبەری خودا ﷺو هاوەڵەکانی بۆیان هەیە بێنەوە بۆ عەمرە و سێ رۆژ لە مەکەیشدا بمێننەوە، هەر بۆیە ساڵی داهاتوو بەر لەوەی بەرەو مەککە بکەونە رێ، پێغەمبەری خودا ﷺخەڵکێکی راسپارد کە خوازبێنی خاتوو مەیمونەی بۆ بکەن، خاتوو مەیمونەیش کە هەواڵەکەی پێ گەیشت، زۆری پێخۆش بوو، بەڵام لە بەر ئەوەی کە خاتوو مەیمونە لە ماڵی عەبباسدا بوو، هەر بۆیە بڕیاری کۆتایی لەسەر بابەتەکە گێڕایەوە بۆ ئەو.

- کاتێك عەبباسی مامی پێغەمبەری خودا ﷺ هەواڵەکی بیست ئەویش زۆری پێخۆش بوو، وە بە شەرفێکی گەورەی زانی کە جگە لە مام و برازایەتی، لەمەودوا دەبێتە ئاوەڵزاوای پێغەمبەر ﷺ و لەو ڕێیەیشەوە دیسان تێکەڵ دەبنەوە و نزیك دەبنەوە.

- پاشتر پێغەمبەری خودا ﷺ کاتێك تەشریفی هاتە مەککە وپاش ئەوەی هەموو ئەرکەکانی عەمرەکردنی جێبەجێ کرد و بەرگی ئیحرامی داکەند خاتوو مەیمونەی مارە کرد.

- هەتا پێغەمبەری خودا ﷺ ئەو ئەرك و کارانەی جێبەجێ کرد، ئیتر ماوەی ئەو سێ ڕۆژە تەواو بوو کە لەگەڵ بێباوەڕانی مەککە لەسەری ڕێکەوتبوون کە لەوەندە زیاتر لە مەککە نەمێننەوە، پاشتر بێباوەڕانی مەککە داوایان لێکرد کە مەککە جێ بهێڵێت، ئەویش ﷺپێی گوتن من کارێکی وەهام بەدەستەوەیە کە خاتوو مەیمونە بگوێزمەوە، ئەگەر قبوڵی بکەن ئەوە لێرە دەیگوێزمەوە و خواردن و بۆنەیەکی بۆ ساز دەکەم و ئێوەش بانگهێشت دەکەم بۆ ئەو خوانە، ئەوانیش وەك نەریتی هەمیشەییان گوتیان: پێویستمان بە نان و خواردنی تۆ نییە، دەبێت مەککە جێ بهێڵێت.

- پاشتر پێغەمبەری خودا ﷺ لەسەر داوای بێباوەڕانی مەککە شارەکەی بەجێهێشت و لە مانگی (ذُو الْقَعْدَةِ)ی ساڵی (٧) ی کۆچی و لە ناوچەی (سرف) کە (١٠) میل لە مەککەوە دوورە و لە نزیك تەنعیمەوە، پێغەمبەری خودا ﷺ ژیانی هاوسەرگیریی لەگەڵ خاتوو مەیمونە پێکهێنا و ئەوکات خاتوو مەیمونە تەمەنی نزیکەی (٤٠) ساڵان بوو.

- هەرچەندە زانایان کۆك نین لەسەر ژمارەی ئەو فەرموودانەی کە خاتوو مەیمونە لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ گێڕاویەتییەوە، بەڵام زۆرینەیان لە سەر ئەوەن کە خاتوو مەیمونە لە تەمەنی پڕ لە فەڕی لەگەڵ پێغەمبەی خوادا ﷺ زیاتر لە (٧٠) فەرموودەی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ گێڕاوەتەوە.

- لە ساڵی (٥١) ی کۆچی خاتوو مەیمونە نەخۆش کەوتووە و داوای کردووە کە بیبەنە دەرەوەی مەککە بۆ ناوچەی (سرف) و ئەوانیش بردویانەتە دەرەوەی مەککە و کە گەیشتونەتە ئەوێ و لە هەمان ئەو شوێنەی کە لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ یەکەمجار

بەیەك گەیشتوون و ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە، چاوەکانی بۆ دواجار لە یەك ناوە و کۆچی دوایی کردووە وتەرمی پیرۆزیشی هەر لە هەمان شوێن بە خاك سپێردراوە.

- خاتوو مەیمونە کۆتا خێزانی پێغەمبەر ﷺ بووە و پاش ئەو پێغەمبەری خودا ﷺ هیچ خێزانی تری نەهێناوە کە نازناوی دایکی باوەڕدارانی پێ بڕابێت، کاتێکیش وەفاتی کردووە ﷺ هەر ئەو (٩) خێزانەی لە پاش بەجێ ماوە کە لەم چەند زنجیرە باسەدا بە وردی باسی چیرۆکەکانیانمان کرد، کە ئەوانیش خاتوو: (سوودة)، (عَائِشَة)، (حفْصَة)، (أُمُّ سَلمَة)، (زَيْنَب بِنْتُ جَحْشٍ)، (جُوَيْرِيَة)، (أُمّ حَبِيبَة)، (صَفِيَّة) و (مَيْمُونَة) بوون.

- مێژوونووسان باسی دوو ئافرەتی تر دەکەن کە پێغەمبەری خودا ﷺ گرێبەستی هاوسەرگیریی لەگەڵ کردوون؛ بەڵام نەچووەتە لای کەسیان، هەر بۆیە بە خێزانی ئەژمار ناکرێن، ئەوانیش: (أَسْمَاء بنت النُّعْمَان الغفارية الْكِنْدِيّة) و (أُمَيْمَة بِنْت النُّعْمَان بْن شَرَاحِيل) بوون.

- هەرچەند زانایان بۆچوونیان جیاوازە لەسەر بەرواری ئەم دوو هاوسەرگیرییە و هۆکاری هەڵوەشاندنەوەیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆکن لەسەر ئەوەی کە هیچ کام لەم دوو ئافرەتە بە دایکی باوەڕداران ئەژمار ناکرێن و هیچ کام لەو حوکمانەی کە تایبەتن بە دایکی باوەڕدارانەوە ئەمان ناگرێتەوە، نە لە دونیا و نە لە دوارۆژیشدا.

## ئایا پێغەمبەری خودا ﷺ کەسێکی ئارەزووباز بووە؟!

ئەمانە سەرجەمی ئەو پرۆسە هاوسەرگیرییانە بوون کە پێغەمبەری خودا ﷺلە ژیانی موبارەکی خۆیدا ئەنجامی داون و ئەگەر بەوردی سەرنجی یەکە بەیەکەی ئەو پرۆسانە بدەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەهیچ کام لەو پرۆسانە بێ ئامانج و مەبەستی شەرعی نەبوون و هەموویان بەشێك بوون لەپرۆژە بانگخوازییە فراوان و فرە ڕەهەندەکەی پێغەمبەر ﷺ و هەر یەك لەو پرۆسانەیش خزمەتی بەرچاوی بەئاینی پیرۆزی ئیسلام و بانگەوازەکەی کردوە، لەو کاتانەو لە دواتریشدا.

سەرەڕای ئەوە خەڵکانێکی ناحەز بە ئیسلام و دووڕوو و دڵ بە قین کە چاویان بەجوانییەکانی ئیسلام هەڵ نایەت و دوور لەهەموو بەهاو مۆڕاڵێکی زانستی تیر و توانجەکانیان ئاراستەی ئیسلام و موسوڵمان دەکەن وزۆر نا بەبەتییانە لێکدانەوە بۆ ڕووداوەکان دەکەن، دەیانەوێت وا وێنای بکەن کە ئەم پرۆسە هاوسەرگیرییە زۆرانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەرﷺ کەسێکی ئارەزووباز بووە و هەر بەو پاڵنەرەیش ئەو هەموو خێزانەی هێناوە و بژاردەکانیشی بەڵگەی ئەو ڕاستییەن.

هەرچەندە ئەم قسانە زۆر لەوە لاوازترن کە وەڵآم بدرێنەوە؛ چونکە ئەگەر ئەم بابەتە جێی ڕەخنە و تانە و تەشەر بوایە، ئەوە دەبوو لە سەردەمی خۆیدا بێباوەڕانی مەککە و جولەکە و دووڕووەکانی مەدینە باسیان بکردایە و قسەیان لەسەر هەبوایە، بەڵام لەو سەردەمانەدا هیچ قسەی وا نەکراوە و تۆمەتی وا بۆ پێغەمبەرﷺ هەڵنەبەستراوە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو سەردەمە ئیسلام لەلوتکەی ناکۆکی بووە لە گەڵ نەیارانی ونەیارانی بەشوێن بچوکترین ڕەخنەدا گەڕاون تا خەڵکی لە ئیسلام پێ سارد بکەنەوە؛ بەڵام بیریان بەلای شتی وادا نەچووە و دانەبەزیونەتە ئەو ئاستە لە نابەبەتی بوون، ئەمە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کەنەیارانی ئەمڕۆی ئیسلام زۆر لەنەیارانی دوێنێی دڵ ڕەش تر و بێ مۆڕاڵ ترن؛ بۆیە لەو ئاستە نزمەدا ڕەخنە دەگرن.

بەڵام نەك بۆ ئەوان کە شەمشەمە ئاسا چاویان بەڕووناکی هەڵنایەت، بەڵکو بۆ ئەو خەڵکە سادانەی کە لەوانەیە بەشێوەیەك لە شێوەکان بکەونە ژێر کاریگەری ئەو جۆرە درۆ

و چەواشەکارییانەوە و لە پێناو خستنەڕووی ڕاستییەکان وەکو خۆی ئەم چەند خاڵە لەسەر بابەتەکە دەخەینە ڕوو:

١- پێغەمبەری خودا ﷺ تەمەنی لاوێتی لە شاری مەککە و لەناو قوڕەیشدا بەسەر بردوە و هەمووشمان دەزانین کە شاری مەککە وکۆمەڵگەی قوڕەیش بە سەدەها کۆیلە، و ئافرەتی سۆزانی، وخێمەی لەشفرۆشی، وفرەژنی بێ سنوور، ودەیان دیاردەی دزێوی تری تێدا بووە و قورەیشییەکان هیچ بۆنەو ئاهەنگێکیان بێ مەی و ئافرەتی سۆزانی بەڕێ نەکردوە وهیچ کام لەم کارانە یان دیاردە دزێوانە لەو کۆمەڵگە و سەردەمانەدا بە عەیبە و خراپە ئەژمار نەکراون، بەڵکو بە پێچەوانەوە نەریتێکی باو بووە لەناویاندا و خۆیان پێوە باداوە و بە شانازییەوە باسیان لێوە کردوە.

بەڵام هەرگیز نەبیستراوە و باس نەکراوە کە پێغەمبەری خودا ﷺ بەدرێژایی تەمەنی لاوێتی و هەرزەکاری و لەو کاتەیش کە هیچ خێزانی نەبووە وهیچ پابەندییەکی ئاینیشی نەبووە، رۆژێك لە ڕۆژان قومێك مەی خواردبێتەوە یان سەردانی شوێنێکی خراپەکاری، یان هاوەڵی ئافرەتێکی سۆزانی، یان بەشداری ئاهەنگێکی لەو شێوەیەی کردبێت.

جا ئەگەر کەسێکی سادە لە سەرەتای لاوێتییەوە گوێی بەو شتانە نەدابێت و خولیای نەبووبێت، کە زۆر بەئاسانییش دەستی کەوتبێت و بۆی لوابێت، گەنجێك کە هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە و لەو کۆمەڵگە بەدەدا ناوی بە داوێنپاك و دەستپاك دەرکردبێت و پێشەنگی هەموو ئاکارێکی باش بووبێت و دۆست و دوژمن شایەتی ڕەوشت بەرزییان بۆ دابێت، دەکرێت لە تەمەنی پیری و سەردەمی پێغەمبەرایەتی و سەرقاڵبوون بە باری قورسی بانگەوازەوە ئالودەی ئافرەت و ئارەزووبازی بووبێت؟!!!.

٢- پێغەمبەری خودا ﷺ هەتا تەمەنی (٢٥) ساڵی هیچ ژنی نەهێناوە و یەکەم ژنیش کە هێناویەتی بێوەژنێك بووە تەمەنی (٤٠) ساڵ بووە و (١٥) ساڵ لە خۆی بەتەمەنتر بووە و پێشتر دوو شووی تری کردوە و لەسەر داوای خۆی مارەی کردووە وبۆ ماوەی (٢٥) ساڵ ژیانی لەگەڵ ئەم ژنە بەسەر بردووە و هیچ ژنی تریشی بەسەر نەهێناوە تا کۆچی دوایی کردووە.

پاش ئەویش و لە تەمەنی (٥١) ساڵییدا ژنی دووەمی هێناوە ئەویش دیسان بێوەژن بووە و و (٦)منداڵی هەبووە و (١٥) ساڵ تەمەنی لە خۆی زیاتر بووە تەمەنی (٦٦) ساڵ بووە و نزیكەی (٤) ساڵ لەگەڵ ئەویش ژیاوە و ژنی تری بەسەر نەهێناوە .

جا ئایا دەگونجێت كەسێكی ئارەزووباز تا تەمەنی (٢٥) ساڵی هیچ ژن نەهێنێت و دواتریش كە بڕیاری هاوسەرگیری بدات بەو جۆرە ئافرەتانە رازی بێت كە بێوەژن بن و (١٥) ساڵ لەخۆی بەتەمەنتر بن و ئەو هەموو تەمەنی لاوێتییەیان لەگەڵ بگوزەرێنێت بەبێ ئەوەی بچوكترین خیانەتیان لێ بكات، یان ژنیان بەسەر بهێنێت؟!!.

٣- دواتر هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو عائیشە كردوە كە ئەو كاتەی پێغەمبەری خودا ﷺهاوسەرگیری لەگەڵ كردوە خاتوو عائیشە سەرەتای تەمەنی پێگەیشتنی بووە و ئافرەتیش لەم جۆرە تەمەندا لە رووی ئارەزووبازییەوە هەرگیز جێی سەرنجی پیاو نییە و پیاو تامەزرۆی نابێت، چونكە زۆربەی ئەندامە جنسییە هەستیارەكانی تەواو كامڵ نەبوون و پێ نەگەیشتوون، هەروەها ئافرەتەكە خۆیشی لە لایەنی خۆیەوە لەو تەمەنەدا وەڵامدانەوەی بۆ بزوێنەر و ورێژێنەرە جنسییەكان بەو شێوەیە نییە كە پیاوێكی ئارەزووباز چاوەڕوانی دەكات، كەواتە ئەگەر پیاوەكەیش لە لایەنی خۆیەوە زۆر ئارەزووباز بێت ئەوە بەدڵنیاییەوە ئافرەتەكە لەم تەمەندا ناتوانێت ئەو كەف و كوڵی ئارەزووبازییەی تێر بكات، یان كپی بكاتەوە.

جا ئەگەر پیاوێك زۆر ئارەزووباز بێت ئەوە هەرگیز نایەت ئافرەتێك لەم تەمەنەدا هەڵبژێرێت، بەڵكو ئافرەتێك هەڵدەبژێرێت كە تەواو كامڵ و پێگەیشتوو بێت ولەش و لاریشی لە رووی جنسییەوە زۆر سەرنجڕاكێش بێت وجێی حەز و تاسەی خەڵكی بێت وناوبانگ و شۆرەتی جوانی دەركردبێت.

بەڵام خاتوو عائیشە هیچ كام لەم سیفەتانەی تێدا نەبووە ولە هیچ ریوایەت و شوێنێكیشدا باسی جوانی و هەڵكەوتوویی جەستەیی نەكراوە وئەگەر وابوایە دەبوو باس بكرایە، خۆ ئەگەر دۆستانیش باسیان نەكردایە ئەوە بەدڵنیاییەوە دوژمنان بۆ پشتڕاستكردنەوەی گومانی بەدیان لێی بێدەنگ نەدەبوون و باسیان دەكرد.

بۆیە نەك بە تەنیا خاتوو عائیشە، بەڵکو هیچ کام لەو سێ هاوسەرگیرییەی پێغەمبەر ﷺ کە هەتا ئێستا باسمان کردوون لە ڕووی ئارەزووبازی جەستەییەوە لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ گونجاو نەبوون، خاتوو خەدیجە و خاتوو سەودە لە ڕووی زۆریی تەمەنیانەوە وخاتوو عائیشەیش لە ڕووی کەمی تەمەنیەوەو ئەمەیش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پێغەمبەری خودا ﷺ هیچ کام لەم پرۆسە هاوسەرگیرییانەی بە پاڵنەرێکی غەریزی ئەنجام نەداوە، بەڵکو پاڵنەر و مەبەست و ئامانجی تری هەبووە.

٤- ئەگەر پێغەمبەری خودا ﷺ کەسێکی ئارەزووباز بوایە و بۆ ئەو مەبەستەش خاتوو عائیشەی بهێنایە، ئەوە دەبوو لە پاش خاتوو عائیشە هیچ ژنی تری نەهێنایە وهەموو تواناکان و کاتەکانی بۆ ئەو تەرخان بکردایە وئارەزووەکانی خۆی پێ تێر بکردایە؛ بەڵام بە پێچەوانەوە پێغەمبەری خودا ﷺ لە پاش خاتوو عائیشەیش چەندین خێزانی تری هێناوە وهەموویشیان بێوەژن بوون و زۆرێکیان لە تەمەندا بوون و سەرەڕای ئەمانەیش پێغەمبەری خودا ﷺ زۆر دادپەروەرانە کاتەکان و تواناکانی خۆی لە نێوانیاندا دابەش کردووە و هیچ جیاوازی نەکردووە لە نێوانیاندا و مافی کەسی بۆ کەسی تر پێشێل نەکردووە، تەنانەت ئەگەر سەفەرێکی کردبێت تیروپشکی لە نێوانیاندا کردوە تا بزانێت کامیان لەگەڵ خۆی ببات، نەك بە ئارەزووی خۆی یەکێکیانی هەڵبژاردبێت. کەواتە خاتوو عائیشەیش ﷺ هەر هێندەی هەر خێزانێکی تری بەساڵاچوو کاتی بەرکەوتووە و لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ ژیاوە، لە ماوەی نۆ شەودا تەنها شەوێك پێغەمبەری خودا ﷺ لە لای ماوەتەوە.

٥- ئەگەر سەرنجی بەرواری ئەنجامدانی پرۆسە هاوسەرگیرییەکانی تری بدەین دەبینین زۆربەی پرۆسە هاوسەرگیرییەکانی تری لە پاش تەمەنی (٥٥) ساڵی ئەنجام داوە، واتە (٨) ساڵ پێش وەفاتی خۆی، کە دیارە مرۆڤ لەو تەمەنەدا هەموو توانا و ئارەزووە دەروونی و جەستەییەکانی ڕوو لە دابەزینە نەك هەڵچوون.

جا ئەگەر پێغەمبەری خودا ﷺ کەسێکی ئارەزووباز بوایە، دەبوو لە هەرەتی لاوی و تەمەنی گەنجێتیدا ئەو پرۆسانەی ئەنجام بدایە نەك لەو تەمەنی پیری و بەساڵاچوونەدا.

٦- ئەگەر پێغەمبەری خودا ﷺ کەسێکی ئارەزووباز بوایە و ئەو خێزانانەی بۆ ئارەزوو بازی بهێنایە، ئەوە دەبوو هەموو ئەو خێزانانەی کە لە مەو پاش هێناونی کچی جوان و تازەپێگەیشتوو و ئافرەتی ناودار و هەڵکەوتوو بوونایە، کەچی بەپێچەوانەوە هەموو ئەو خێزانانەی تری کە دوای چوار خێزانی یەکەمی هێناونی هەمووی بێوەژن بوون ویەك کچیشیان تێدا نەبووە و هیچیشیان لەڕووی جوانی و هەڵکەوتنەوە ناودار نەبوون.

٧- کاتێك پێغەمبەری خوداﷺ ئەو پرۆسە هاوسەرگیرییانەی ئەنجام داوە، لە هەموو کات زیاتر سەرقاڵ بووە بەکاری بانگەواز و جێبەجێکردنی ئەرکی پێغەمبەرایەتی و دروستکردنی بنەماکانی دەوڵەت لە مەدینە، تەنانەت خاتوو عائیشە کە باس لەو شەوانە دەکات کە پێغەمبەری خودا ﷺ لای ئەو ماوەتەوە، دەڵێت: (...{أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ ﷺ كَانَ يَقُومُ مِنْ اللَّيْلِ حَتَّى تَتَفَطَّرَ قَدَمَاهُ}..)[١]. واتە: پێغەمبەری خودا ﷺ ئەوەندە شەونوێژی دەکرد، تا قاچەکانی دەئاوسان، ئەمە لە کاتێکدا کە خاتوو عائیشەی زۆر خۆشویستوە.

٨- پێغەمبەری خواﷺ زۆر بە هەژاری ژیاوە و کەم جار تێر سکی خۆی نانی خواردوە و کە وەفاتیشی کردوە بەقەرزاری وەفاتی کردوە، تەنانەت هەندێك جار بەدوو مانگ ئاگر لەماڵی هیچ خێزانێکدا نەکراوەتەوە، و تەنها ئاو و خورمایان خواردوە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو سەرۆکی دەوڵەت بووە و دەیتوانی بە باشترین شێوە بژی؛ بەڵام خۆی ئەم جۆرە ژیانەی پێ خۆش بووە و هەڵبژاردوە، ئەمەیش پێچەوانەی سرووشتی خەڵکانی ئارەزووبازە کە هەمیشە حەزیان لە خواردنی خۆش و خوانی ڕازاوە و باڵەخانەی فراوانە، بەتایبەتی بۆ کەسێك کە ئەو هەموو خێزانەی هەبێت؛ بەڵآم پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ کام لەوانەی نەبووە.

ئەمەیش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ئەو خێزانانە بەمەبەستی ئارەزووبازی و خۆش ڕابواردن نەهاتوون.

بۆیە مرۆڤ کاتێك تەمەنی کەمی پڕ لە فەڕی ئەو زاتە ﷺ بەراورد دەکات لەگەڵ ئەو هەموو بەرهەم و دەستکەوت و دەرئەنجامە گەورانەدا کە بەدەستی هێناون، بۆی

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج٤، كتاب (٦٧) المغازي، باب (٣٢٤) قوله: ﴿لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَاطاً مُّسْتَقِيماً﴾، الحديث (٤٥٥٧)، ص١٨٣٠. مسلم، صحيح مسلم، ج٤،ص٢١٧٢، كتب صفة القيامة والجنة والنار،باب (١٨) باب إكثار الأعمال والاجتهاد في العبادة، الحديث (٢٨٢٠).

دەردەکەوێت کە ئەم زاتە لەپێناو ئامانجی زۆر گەورەدا ژیاوە، هەر بۆیە توانی لەو ماوە کەمەدا نەك تەنها ڕوانگەی مەککە و نیمچە دوورگەی عەرەب؛ بەڵکو هەموو جیهان و شارستانییەت بگۆڕێت، ئەم جۆرە کارانەیش بە مرۆڤی خۆ پەرست و ئارەزووباز ناکرێت.

بۆیە هەڵبەستنی ئەم جۆرە تۆمەتەتانە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ جگە لە درۆیەکی شاخدار شتێکی تر نییە.

## بۆچی پێغەمبەری خودا ﷺ زیاتر لە چوار ژنی هێناوە؟!

ئەمە یەکێکی ترە لەو ڕەخنە و تۆمەتانەی کە ناحەزانی ئیسلام لەسەر پرۆسە هاوسەرگیرییەکانی پێغەمبەر ﷺ باسی دەکەن و دەڵێن: بە پێی ڕێنماییەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام کە پێغەمبەری خودا ﷺ خۆی بەخەڵکی گەیاندوە، پیاو بۆی نییە لە (٤) هاوسەر زیاتری هەبێت لەیەك کاتدا، بەلاّم پێغەمبەری خودا ﷺ ڕێگەی بەخۆی داوە کە لەیەك کاتدا (٩) هاوسەری هەبێت و ئەمەیش پێچەوانەی ڕێنماییەکانی ئاینەکەی خۆیەتی و بەمەیش ئەوەی لەخەڵکی حەرام کردوە بۆ خۆی حەلاڵ کردوە.

ئەم گومانەیش دیسان دوورە لە ڕاستییەوەو هیچ بنەمایەکی زانستی نییە و هەوڵ دەدەین لەم چەند خاڵەدا ڕوونی بکەینەوە:

١- خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم ئاین و پەیامە تەنها خوای گەورە خۆیەتی و هیچ کەس بۆی نییە و نەبووە لەدەرەوەی خواستی ئەو شتێك بڵێت یان بکات، با ئەو کەسە فریشتە یان پێغەمبەریش بێت، خوای گەورە لە زۆر کات و شوێندا ئەوەی بەڕوونی بە گوێی پێغەمبەر ﷺ و بڕواداراندا داوە.

بۆ نموونە لە غەزای ئوحوددا بێ باوەڕانی قورەیش زۆر نامەردانە لاشەی شەهیدەکانی موسوڵمانانیان شێواندبوو وە سوکایەتییان پێ کردبوو، بەتایبەتی لاشەی (حەمزەی) مامی پێغەمبەر ﷺ وبرا شیرییەکەی، پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەو دیمەنانەی بینی زۆری پێ ناخۆش بوو وە بەڵێنی دا ئەگەر ئەم جارە شەڕ ڕوویداتەوە، لە تۆڵەی شەهیدانی ئوحوددا لاشەی (٧٠) لە کوژراوەکانی ئەوان دەشێوێنێت، خوای گەورە لەو کاتە زۆر ناسکەدا کە پێغەمبەر ﷺ زۆر نارەحەت بوو نیگای بۆ پێغەمبەر ﷺ ناردوو و زۆر بە ڕوونی پێی فەرموو: ﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الْأَمْرِ شَيْءٌ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ أَوْ يُعَذِّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَالِمُونَ﴾[1]. واتە: هیچ بڕیارێك سەبارەت چارەنووسی ئەو بێباوەڕانە بەدەستی تۆ نییە، یا ئەوەتا تەوبە دەکەن و دەگەڕێنەوە و خوای گەورە لێیان خۆشدەبێت، یانیش لەسەر بێباوەڕی و ستەمکاری خۆیان بەردەوام دەبن و ئەو کات سزایان دەدات.

---

١ - سورة آل عمران: الآيتان ١٢٨- ١٢٩.

یان لەو کاتەی مامی لەسەرەمەرگدا بوو پێغەمبەری خوا ﷺ زۆری حەز دەکرد باوەڕ بهێنێت و بە بێباوەڕی نەمرێت، خوای گەورە لەو کاتەش کە دیسان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر ناسك و ناڕەحەت بوو پێی فەرموو: ﴿إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ﴾[1]. واتە: هیدایەتدانی هیچ کەس کە خۆشت دەوێت بەدەستی تۆ نییە؛ بەڵکو بەدەستی خوای گەورەیەو هەر کەس کە خۆی بیەوێت هیدایەتی دەدات.

ئەمانە و چەندین نموونەی ترمان هەیە کە تێیدا خوای گەورە بەڕوونی گلەیی لە هەڵوێستی پێغەمبەر ﷺ کردوە وئاراستەی کردوە کە نەدەبوو وای بگوتایە یان بکردایە.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە ئەی بۆچی خوای گەورە بۆ پرۆسە هاوسەرگیرییەکانی پێغەمبەر ﷺ کەچەند زۆر و درێژ خایەنیش بوون گلەیی نەکردوە وڕێگری نەکردوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕەخنەو گلەیی لەوە کردوە کە هەندێك جار نەیویستوە بیکات و پێی خۆش نەبووە، هەر وەك لە پرۆسەی هاوسەرگیری خاتوو زینەبدا باسمان کرد.

خۆ ئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر ئەنجامدانی ئەو پرۆسانە نەبووایە ئەو کات زۆر بەئاسانی دەیتوانی ڕێگەی لێ بگرێت، هەر وەك دواتر ئەوەی لەگەڵ کرد و ڕاشکاوانە پێی فەرموو: ﴿لا يَحِلُّ لَكَ النِّسَاءُ مِنْ بَعْدُ وَلا أَنْ تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنْ أَزْوَاجٍ وَلَوْ أَعْجَبَكَ حُسْنُهُنَّ﴾[2]. واتە: لەمەو پاش بۆت نییە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ ئافرەتێکی تر بکەیت، یان خێزانەکانت تەڵاق بدەیت و خێزانی تر مارە بکەیت با جوانیش بن و جێگەی سەرنجیش بن.

کەواتە کۆی بابەتەکە لەسەر ویست و خواستی خوای گەورە بووە و هەر کەس لەو بارەیەوە ڕەخنە لە پێغەمبەری خوا ﷺ بگرێت ئەوە ڕاستەوخۆ ڕەخنەی لەخوای گەورە گرتوە و ئەوەیش لەگەڵ ئەلف و بێی باوەڕداری یەك ناکاتەوە.

٢- ڕاستە پێغەمبەری خودا ﷺ وەك ئێمە مرۆڤێکی سادە و ئاسایی بووە و لە زۆر ڕووەوە حوکمە شەرعییەکان بۆ ئێمە و ئەویش چوون یەك بوون؛ بەڵام لە هەندێك ڕووەوە پێغەمبەری خوا ﷺ بەحوکمی پێگەو پەیامەکەی تایبەتمەندی خۆی هەبووە نەك تەنها لە

---

١- سورة القصص: الآية: ٥٦.

٢ - سورة الأحزاب: الآية: ٥٢.

ڕووی تەشریع و لە سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا، بەڵکو لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و لەپێش پێغەمبەرایەتیشدا، ئەم تایبەتمەندێتیانەیش دەستی پێغەمبەری ﷺ تێدا نەبووە و بژاردەی خۆیشی نەبووە و هیچ بەرنامەڕێژیی بۆ نەکردووە، بەڵکو ویستی خوای گەورە وا بووە و ئەو قەدەرانەی بەو شێوەیە هێناوەتە پێش، بۆ مەبەستێك کە خۆی ویستویەتی، هەر وەك چۆن بەموسا دەفەرموێت: ﴿وَاصْطَنَعْتُكَ لِنَفْسِي﴾[1]. واتە: من بەتایبەت تۆم بۆ خۆم دروست کردووە و بۆ ئەو مەبەستەی کە دەمەوێت. پێغەمبەری خۆیشمان ﷺ هەر بەو شێوەیە بووە.

ئەم تایبەتمەندێتییەیش ڕەنگدانەوەی لەسەر هەندێك لە پرسە شەرعییەکان هەبووە و زۆرێکیش لەوانە لە بەرژەوەندی پێغەمبەر ﷺ نەبوون، بەڵکو ئەرك و بارقورسی بوون، بەڵام ویستی خوای گەورە وابووە و پێغەمبەری خوایش ﷺ جگە لە گوێڕایەڵی بژاردەیەکی تری لە بەرامبەر ویستەکانی خوای گەورەدا نەبووە.

بۆ نموونە:

١- پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ خۆی چەند ڕۆژ لەسەر یەك بەڕۆژوو بووە و بەشە و ڕۆژ هیچی نەخواردووە، وکاتێك هاوەڵەکانی ویستویانە چاوی لێ بکەن، ڕێگەی نەداون و فەرموویەتی من وەك ئێوە نیم، عەبدوڵڵا کوڕی عومەر لەو بارەیەوە فەرموودەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (...{أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ نَهَى عَنِ الْوِصَالِ} فَقِيلَ لَهُ: إِنَّكَ تُوَاصِلُ. فَقَالَ: {إِنِّ لَسْتُ كَهَيْئَتِكُمْ}[2]. واتە: پێغەمبەری خودا ﷺ ڕێگەی نەدەدا هاوەڵان چەند ڕۆژێك لەسەر یەك بەڕۆژوو بن، پێیان گوت: ئەی تۆ خۆت بۆ چەند ڕۆژ لەسەر یەك بەڕۆژوو دەبیت؟. لەوەڵامدا فەرمووی: من وەك ئێوە نیم.

٢- هەر موسڵمانێك بۆی هەیە لە کاتی هەژاری و نەداریدا پارەی زەکات و خێر لە موسڵمانان وەربگرێت، بەڵام پێغەمبەری خودا ﷺ لەگەڵ ئەو هەموو هەژاری و نەدارییەیش بۆی نەبووە نەخۆی نە خانەوادەکەی بەهیچ شێوەیەك زەکات و خێر و بەخشین لە خەڵکی وەربگرن، یان تەنانەت لێی بخۆن. لەم بارەیەشەوە دەفەرموێت: {إِنَّ

---

١ - سورة طه: الآية: ٤١.

٢ - البخاري، صحيح البخاري، ج٢، كتاب (٣٦) الصوم، باب (٤٧) الوصال ومن قال ليس في الليل صيام، الحديث (١٨٦٢)، ص٦٩٣. مسلم، صحيح مسلم، ج٣، كتاب (١٤) الصيام، باب (١١) النهي عن الوصال في الصوم، الحديث (٢٦٢٧)، ص١٣٤.

هَذِهِ الصَّدَقَاتِ إِنَّمَا هِيَ أَوْسَاخُ النَّاسِ وَإِنَّهَا لاَ تَحِلُّ لِمُحَمَّدٍ وَلاَ لآلِ مُحَمَّدٍ}[(١)]. واتە: ئەو خێر و بەخشینانە چڵکی دەستی خەڵکن بە موحەممەد ﷺ و خانەوادەی موحەممەد ناشێت.

٣- هەر فەرمانڕەوا و کاربەدەستێك ئەگەر بڕیاری شەڕی دا ئاساییە لێی پاشگەز بێتەوە، یان پاشەکشەی لێبکات، بەڵام پێغەمبەری خودا ﷺ هەرکات پۆشاکی شەڕی لەبەر کردبێت بۆی نەبووە دایبنێت تا چارەنووسی شەڕەکەی لەگەڵ دووژمنەکەی یەکلا نەکردبێتەوە، ژمارەی دوژمنەکانی هەر چەند و هەر چۆن بووبن بۆی نەبووە لەبەریان هەڵبێت و پشتیان لێ هەڵکات. لەم بارەیەوە دەفەرموێت: {إِنَّهُ لَيْسَ لِنَبِيّ ﷺ إِذَا لَبِسَ لأْمَتَهُ أَنْ يَضَعَهَا حَتَّى يُقَاتِلَ}[(٢)]. واتە: بۆ هیچ پێغەمبەرێك نییە کە زرێی جەنگی لەبەر کرد دایبنێتەوە تا لەگەڵ دوژمنەکەی چارەنووسی شەڕەکە یەکلا نەکاتەوە.

٤- هەر موسڵمانێك بمرێت هەرچی پارە و پوولی هەیە بۆ خێزان و منداڵ و میراتگرەکانی خۆی دەبێت، تەنها پێغەمبەری خودا ﷺ نەبێت کە پاش وەفاتکردنی هەرچی ماڵ و میراتییەکی جێ هێشتبێت نەدراوە بە خێزان و منداڵ و میراتگرەکانی، بەڵکو بەخشراوەتە موسڵمانان و لەو بارەیەوە خۆی فەرمویەتی: {لَا نُورَثُ مَا تَرَكْنَاهُ صَدَقَةٌ}[(٣)]. واتە: ئێمەی پێغەمبەران کەس میراتمان لێ نابات ئەوەی جێی دەهێڵین بەخێر دابەش دەکرێت بەسەر خەڵکیدا. بۆیە کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ کۆچی دوایی دەکات خاتوو فاطیمە دێت و داوای بەشە میراتییەکەی دەکات، پێشەوا ئەبو بەکر ئەو فەرموودەیەی بیر دەهێنێتەوە و هیچی پێ نادات.

٥- هەر موسڵمانێك بە قەرزداری بمرێت ئەوە ئەرکی ماڵ و منداڵ و خانەوادەکی خۆیەتی قەرزەکانی بۆ بدەنەوە؛ بەڵام لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ هەر کەس بە

---

١ - مسلم، صحيح مسلم، ج٣، كتاب (١٣) الزكاة، باب (٥٢) ترك إستعمال آل النبي على الصدقة، الحديث (٢٥٣١)، ص١١٩. إبن خزيمة (محمد بن إسحاق بن خزيمة)، صحيح إبن خزيمة، ج٤، باب ذكر الدليل على أن الصدقة المحرمة على النبي ﷺ هي الصدقة المفروضة التي أوجبها الله في أموال الأغنياء المكتب الإسلامي، بيروت، ط١٣٩٠، تحقيق: د. محمد مصطفى الأعظمي، الحديث (٢٣٥٢)، ص٦٠.

٢ - إبن الجارود، المنتقى، باب (٢٦) ما جاء في لبس الدرع، الحديث (١٠٦١)، ص٢٦٦. النسائي، سنن النسائي الكبرى، ج٤، الحديث (٧٦٤٧)، ص٣٨٩.

٣ - مسلم، صحيح مسلم، ج٥، كتاب (٣٣) الجهاد والسير، باب (١٥) حكم الفيء، الحديث (٤٦٧٦)، ص١٥١. إبن خزيمة، صحيح إبن خزيمة، ج٤، باب الوصية بالحبس من الضياع والأرضين، الحديث (٢٤٨٨)، ص١٢٠.

قەرزداری مردبێت و کەسێکی وای نەبووبێت کە قەرزەکەی بۆ بداتەوە، پێغەمبەر ﷺ قەرزەکەی خستۆتە سەر شانی خۆی و خۆی قەرزەکەی بۆ داوەتەوە. لەو بارەیەشەوە فەرمویەتی: {أَنَا أَوْلَى بِكُلِّ مُؤْمِنٍ مِنْ نَفْسِهِ، مَنْ تَرَكَ مَالاً فَلأَهْلِهِ، وَمَنْ تَرَكَ دَيْنًا أَوْ ضَيَاعًا فَإِلَيَّ وَعَلَيَّ}[1]. واتە: من بۆ هەر موسوڵمانێك لەخۆی لەپێشترم، هەر ماڵ و میراتێکی لێ جێما بۆ خێزان و منداڵەکانی خۆی، هەر قەرزێك یان منداڵێکی بێ سەرپەشتیاری لێ جێما ئەوە لەئەستۆی منە و خۆم قەرزەکەی بۆ دەدەمەوە و سەرپەشتیاری منداڵەکانیشی دەکەم.

٦- هەر کەسێك ئازار و ئێشی بەشێوەیەکی ئاساییە؛ بەڵام پێغەمبەری خودا ﷺ ئازار و ئێشی نەخۆشی و تەنانەت گیانکێشانیشی دوو هێندەی ئازار و ئێشی خەڵکی تر بووە، لەم بارەیەشەوە فەرمویەتی: {إِنِّي أُوعَكُ كَمَا يُوعَكُ رَجُلاَنِ مِنْكُمْ}[2]. واتە: من دوو هێندەی هەر یەکێك لەئێوە ئازارم هەیە و ناڕەحەت دەبم.

٧- شەونوێژ کردن بۆ هەر موسوڵمانێك کە بیکات خێرەو سوننەتە؛ بەڵام لەسەر پێغەمبەری خودا ﷺ فەرز بووە.

ئەمانە و دەیەها تایبەتمەندی تر هەیە کە هەموویان بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ ئەرك و بارقورسی بوون و لە بەرژەوەندی دونیایی ئەو نەبوون، بەڵام ناحەزان خۆیانی لێ لە گێلی دەدەن وهەر هیچ باسیان ناکەن، و تەنها باسی پرۆسە هاوسەرگیرییەکانی دەکەن، وەك ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ تەنها لەو ڕووەوە تایبەتمەندی هەبووبێت و ئەو حوکمەی بۆ خۆی قۆرخ کردبێت، ئەم جۆرە هەڵسەنگاندن و تێڕوانینەیش دوورە لە ڕۆحی بابەتیبوون و ڕەوشتی زانستییەوە، و هەر کەس بەشوێن ڕاستییدا وێڵ بێت پێویستە کە قسە لە سەر بابەتێك دەکات، لە هەموو ڕووویەکەوە قسەی لەسەر بکات وەك چۆن لە واقیعدا هەیە، نەك وەك ئەوەی خۆی دەیەوێت.

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج٢، كتاب (٤٨) الاستقراض وأداء الديون والحجر والتفليس، باب (١١) الصلاة على من ترك دنيا، الحديث (٢٢٦٨)، ص٨٤٥. إبن حبان، صحيح إبن حبان، ج٧، الحديث (٣٠٦٣)، ص٣٣٢.

٢ - البخاري، صحيح البخاري، ج٥، كتاب (٧٨) المرضى، باب (٣) أشد الناس بلاء الأنبياء ثم الأول فالأول، الحديث (٥٣٢٤)، ص٢١٣٩. مسلم، صحيح مسلم، ج٨، كتاب (٤٦) البر، والصلة، والأدب، باب (١٤) ثواب المؤمن فيما يصيبه من مرض أو حزن أو نحو ذلك حتى الشوكة يشاكها، الحديث (٦٧٢٤)، ص١٤.

ئەمە لە کاتێکدا کەتەنانەت ئەم تایبەتمەندییەیشی لە هەندێك کاتدا هەر بار قورسی بووە بۆ ئەو و بەحەزی خۆی نەیکردوە، بە تایبەتی هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ خاتوو زەینەب کە لە رووی چەندێتییەوە بە پێنجەم خێزانی ئەژمار دەکرێت، کە بەپێی دەقی قورئان پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم هاوسەرگیرییەی زۆر بەلاوە قورس بووە و هەوڵیشی داوە خۆی لێ لابدات؛ بەڵام سەرەنجام فەرمانەکەی خوای پەروەردگاری لە قسەی خەڵکیی پێ لە پێشتر بووە و هاوسەرگیرییەکەی کردوە.

هەر بۆیە تایبەتمەندی پێغەمبەری خودا ﷺ لە بابەتی هاوسەرگیریدا لەسەر ویستی خوای گەورە بووە نەوەك پێغەمبەر ﷺ و بابەتەکەیش لە پێناو بەرژەوەندی بانگەوازی ئیسلامیدا بووە نەوەك تێرکردنی حەز وئارەزووەکانی ئەو ﷺ.

# باسی دووەم
# فەرمووودەکان

**فەرموودەی یەکەم:** {اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ، فَإِنَّ الْمَرْأَةَ خُلِقَتْ مِنْ ضِلَعٍ.....}.

**فەرموودەی دووەم:** {يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ تَصَدَّقْنَ، فَإِنِّي أُرِيتُكُنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ}.

**فەرموودەی سێیەم:** {لَوْ كُنْتُ آمِرًا أَحَدًا أَنْ يَسْجُدَ لِغَيْرِ اللَّهِ لأَمَرْتُ الْمَرْأَةَ أَنْ تَسْجُدَ لِزَوْجِهَا}.

**فەرموودەی چوارەم:** {يَقْطَعُ الصَّلاَةَ الْمَرْأَةُ، وَالْحِمَارُ، وَالْكَلْبُ....}.

**فەرموودەی پێنجەم:** {لاَ عَدوى، وَلاَ طِيَرَةَ، وَإِنَّمَا الشُّؤْمُ فِي ثَلاَثَةٍ: الْمَرْأَةِ، وَالْفَرَسِ، وَالدَّارِ}.

**فەرموودەی شەشەم:** {إِنَّ الْمَرْأَةَ تُقْبِلُ فِي صُورَةِ شَيْطَانٍ، وَتُدْبِرُ فِي صُورَةِ شَيْطَانٍ....}.

## دەسپێک:

بەر لەوەی بچمە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئەم بەشە کە پەیوەستە بەپرس و پێگەی ئافرەت لە ئیسلامدا، پێم خۆشە سەرەتا باسی تێڕوانینێکی گشتی ئیسلام دەربارەی پرسەکانی ئافرەت بکەم وئەو دەقانەی لەو بارەیەوە هاتون لەچەند خاڵێکدا بیانخەمە ڕوو:

١- لەدیدی ئیسلامدا مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی بەهەردوو ڕەگەزەکەیەوە وبێ جیاوازی باشترین وجوانترینی دروستکراوی خوای گەورەن وخوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾[١]. واتە: ئێمە مرۆڤمان لەسەر جوانترین وباشترین شێوە دروستکردوە. دواتریش هەر بە شێوەیەکی گشتی و بێ جیاوازی باس لەوە دەکات کە ئێمە ڕێزمان لە نەوەکانی ئادەم گرتوەو دەفەرموێت: ﴿ولَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾[٢]. واتە ئێمە ڕێزمان لەنەوەکانی ئادەم گرتوە.

کاتێکیش باس لەکانزای دروستکردنیان دەکات هەردووکیان بێ جیاوازی دەگێڕێتەوە بۆ یەك سەرچاوە کە خۆڵە ولەبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ إِذَا أَنتُم بَشَرٌ تَنتَشِرُونَ﴾[٣]. واتە: یەکێك لە نیشانەکانی دەسەڵاتی خوای گەورە ئەوەیە کە ئێوەی لە خۆڵ دروست کردوە وپاشان ئێوە بوونەتە مرۆڤ و بەسەر زەوییدا بڵاو بونەتەوە. ئەگەر سەرنجی ئەم دەقەیش بدەین دەبینین کە خوای گەورە بێ جیاوازی کانزای دروستبوونی هەموو مرۆڤەکان بە نێر و مێیانەوە دەگێڕێتەوە بۆ یەك سەرچاوە، کە ئەویش خاکە و بەم پێیەیش دیسانەوە هیچ ڕەگەزێك لەوی تر زیاتر نییە.

دواتریش کە باس لەشێوازی دروستبونیان دەکات نا فەرموێت پیاومان باشتر لەژن دروستکردوە؛ بەڵکو بەشێوازێکی یەکسان دەربارەی دروستکردنی هەردووکیان دەفەرمووێت: ﴿وَاللَّهُ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَاجاً﴾[٤]. واتە: خوای باڵا دەست ئێوەی لە خۆڵ دروست کردووە وپاشان لە تنۆکێك ئاو وپاشانیش کردوونی بە دوو ڕەگەزی جیاواز لە نێر و لە مێ، وە دەفەرموێت: ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ

---

١- سورة التين: الآية ٤.

٢- سورة الإسراء: الآية ٧٠.

٣- سورة الروم: الآية ٢٠.

٤- سورة فاطر: الآية ١١.

طِفْلاً﴾[١]. واتە: خوای گەورە ئێوەی لە خۆڵ دروست کردووە، پاشان لە تنۆکێك ئاو و پاشان لە تۆزێك ئاوەنمەی هەڵواسراو بە دیواری رەحمدا، پاشان دەتانکاتە منداڵ و دەتانهێنێتە ژیان.

کۆی ئەم دەقانەیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەلەڕووی دروستبوونەوە هیچ رەگەزێك لەوی تر زیاتر وباشتر نییە.

٢ - ئیسلام زۆر جەخت لەسەر یەکسانی تەواوی ژن وپیاو دەکاتەوە لەپرسە گشتی وچارەنووس سازەکاندا، وەك بنەماکانی باوەڕبوون وخواناسی وسزاوپاداشت کردن لەسەر کردەوەکان.

خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾[٢]. واتە: باوەڕداران نێر ومێیان پشتیوان وهاوکاری یەکترن فەرمان دەکەن بەچاکە ورێگری دەکەن لەخراپە ونوێژەکانیان دەکەن وزەکاتی ماڵەکانیان دەردەکەن وگوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی ﷺ دەکەن ئەوانە بەزەیی خوای گەورە دەیانگرێتەوە وخوای گەورەیش دانا وبەتوانایە.

سەبارەت بەپاداشتی کردەوە چاکەکانیان دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾[٣]. واتە: موسوڵمانان نێر ومێیان، باوەڕداران نێر ومێیان، خواناسان نێر ومێیان، ڕاستگۆیان نێر ومێیان، ئارامگران نێر ومێیان، ملکەچانی فەرمانی خوای گەورە نێر ومێیان، بەخشندەکان نێر ومێیان، ڕۆژوگران نێر ومێیان، ئەوانەی داوێنیان پاك ڕادەگرن نێر ومێیان، ئەوانەی یادی خوا زۆر دەکەن نێر ومێیان خوای گەورە لێخۆشبوون وپاداشتی گەورەی بۆ ئامادەکردون.

١ - سورة غافر: الآية: ٦٧.
٢ - سورة التوبة: الآية ٧١.
٣- سورة الأحزاب: الآية ٣٥.

وه دەفەرمویێت: ﴿وَمَنْ يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا﴾[1]. واته: هەرکەسێك باوەڕدار بێت و کردەوەی چاك بکات جا نێر بێت یان مێ ئەوانه دەچنه بەهەشتەوه وئەوەندەی گەردیلەیەك ستەمیان لێ ناکرێت.

هەروەها دەفەرمویێت: ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحاً مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[2]. واته: هەر کەس باوەڕدار بێت وکردەوەی باش بکات له نێر ولەمێ ئەوه ژیانێکی پڕ له ئارامی وئاسودەیی پێ دەبەخشین وبەباشترین شێوه پاداشتی کردەوەکانیان دەدەینەوه.

وه سەبارەت بەسزای کردەوه خراپەکانیشیان دەفەرمویێت: ﴿مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلَا يُجْزَى إِلَّا مِثْلَهَا وَمَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾[3]. واته: هەرکەس خراپەیەك بکات هەر هێندەی خراپەکەی سزا دەدرێت وهەرکەسیش چاکە بکات وباوەڕدار بێت له نێر ولەمێ ئەوانه دەچنه بەهەشتەوه وبەبێ ئەژمار وئەندازه پێیان دەبەخشرێت و ڕزق و ڕۆزی دەدرێن.

٣- لەژێر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی سەرەوەدایه که خوای گەوره لەقورئاندا ولەسەر مافەکانی ئافرەت بەگژ هەموو ئەو داب ونەریت وکلتوره دواکەوتوەکانی عەرەبدا دەچێتەوه کەتێیدا بێڕێزی بەرامبەر ئافرەت کراوه ومافەکانی تێیدا پێشێل کراوه لەوانه:

- بەسوك سەیرکردنی ئافرەت وتەماشاکردنی وەك پەڵەیەکی شەرم وتاوان وهەوڵدان بۆ لەنابردن وزیندەبەچاڵکرنی، خوای گەوره لەو بارەیەوه دەفەرمویێت: ﴿وإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالْأُنْثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ. يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِن سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ أَلاَ سَاء مَا يَحْكُمُونَ﴾[4]. واته: ئەگەر هەر یەکێکیان مژدەی ئەوەی پێ بدرایه که کچی بووه دەموچاوی ڕەش هەڵدەگەڕا وخەم دایدەگرت ولەشەرم ولەخەجاڵەتی ئەو مژدەیەی که پێی دراوه خۆی لەخەڵکی دەشاردەوه وپێی نەنگی بوو بچێته ناو کۆڕ وکۆمەڵیان ونەیدەزانی که ئەو سوکایەتییه قبوڵ بکات وبیهێڵێتەوه یان بیکات بەژێر

---

١- سوره النساء: الآية ١٢٤.
٢- سورة النحل: الآية ٩٧.
٣- سورة غافر: الآية ٤٠.
٤- سورة النحل: الآيتان: ٥٨- ٥٩.

خۆڵەوە ولەناوی ببات، پاشان خوای گەورە دەفەرموویت ئەوە چ حوکمێکی بەد وخراپ ونابەجێیە کە ئەوانە دەیکەن.

- بێبەش کردنی ئافرەت لە میرات ولە هەموو ڕزق ورۆزییەکی باش وداهاتێکی بەبەها ولەو بارەیەوە دەفەرمویت: ﴿وقالوا مَا فِي بُطُونِ هَذِهِ الأَنْعَامِ خَالِصَةٌ لِذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ على أَزْوَاجِنَا وَإِن يَكُن مَّيْتَةً فَهُمْ فِيهِ شُرَكَاء سَيَجْزِيهِمْ وَصْفَهُمْ إِنَّهُ حِكِيمٌ عَلِيمٌ﴾[1]. واتە: دەیانگوت ئەو کۆرپەلەو بەرهەمەی لەسکی ئاژەڵەکانماندایە تەنها بۆ نێرینە وپیاوەکانمانە ولەسەر مێینە وخێزانەکانمان قەدەغە ویاساغە، خۆ ئەگەریش ئاژەڵەکە یان کۆرپەکەی ناو سکی بمردایە ئەوە خێزانەکانیشیان لەو زیانەدا هاوبەش دەکرد، خوای گەورە سزای ئەو هەڵوێست وشێوازی دابەش کردنەیان دەداتەوە خوای گەورە دانا وزانایە بەوردەکاری کار ونیەتەکانیان.

٤- وێڕای ئەمانە هەمووی نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە ئەم دوو ڕەگەزە هەر لەسەرەتا خاڵی دروستبونیانەوە پێکهاتەکەیان جیاوازە وئەم جیاوازییەش کاریگەری ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو بەشەکانی دەرونی وجەستەی وسۆزداریان هەیە وناکرێت ئەو جیاوازیانەیش لەکاتی دابەشکردنی ئەرك ومافەکاندا فەرامۆش بکرێن، ئەم جیاوازیەیش بەمەبەستی دابینکردنی بەرژەوەندی هەردوو ڕەگەزەکەیە نەك تەنها ڕەگەزێك لەسەر حیسابی ڕەگەزەکەی تر؛ بۆیە هەر جیاوازییەك لەحوکمە شەرعییەکاندا هەیە لەم سۆنگەیەوەیە وهیچ پەیوەندی بەسەنگ و کەسایەتی کەسەکان وپێگە وڕێزیانەوە نییە.

ئێستا و پاش ئەوەی ئەو بنەما گشتیانەمان ڕوون کردەوە گرنگە هەمووان ئەو ڕاستییە بزانین کە کاتێك مرۆڤ بڕیار دەربارەی هەر بابەتێك دەدات پێویستە بەپێی پێودانگی زانستی ولەسەر بنەمای بێلایەنی وبابەتیبوون وگەڕان بەدوای ڕاستی و دوور لەدەمارگیری وبڕیاری پێشوەختە بڕیار بدات، بەمەیش هەم خۆی وهەم خەڵکانی تریش لەهەڵە وهەڵدێر دەپارێزێت.

بەتایبەتی لە ڕاڤەکردن وهەڵسەنگاندنی ئەو فەرموودە و دەقە شەرعییانەی کە قسەی ئاسایی نین و وتەی خەڵکانی سادە نین وبۆ هەڵسەنگاندیان بەشێوەیەکی زانستییانە مرۆڤ

---

١- سورة الأنعام: الآية ١٣٩.

پێویستی بەدەیەها زانستی فرە ڕەهەند هەیە کە شارەزایی لەبارەیانەوە هەبێت تابتوانێت لە ڕاستی واتا ومەبەستەکانیان تێبگات.

بۆیە کاتێك قسە لەسەر ڕاڤەی فەرموودەیەك دەکەین دەبێت ڕەچاوی کۆمەڵێك خاڵ بکەین لەوانە:

- تێگەیشتنی وشەکانی فەرموودەکە وهەموو واتاکانی لەڕووی زمانەوانی وزاراوەییەوە.

- زانین وبەدواداچوون بۆ هەموو ئەو دەق و فەرموودانەی کە لەسەر ئەو بابەتە هاتوون وپشت نەبەستن بەتەنها دەقێك یان دووان لەو ڕووەوە.

- زانینی هۆکاری هاتنی فەرموودەکە وئەو هەل و مەرجەی تێیدا گوتراوە و ئەو کەسانەیش کە گێڕاویانەتەوە.

- زانینی کاتی هاتنی فەرموودەکان؛ چونکە لەوانەیە هەندێکیان حوکمی ئەوانی تریان سڕیبێتەوە بەتایبەتی ئەگەر پاش ئەوان هاتبن.

- زانینی ئەو ڕێکارە زانستییانەی کە بۆ گونجاندنی ئەو فەرموودانە بەکاردێت کە لەڕوکەشدا ناتەبا وجیاوازن.

- هەڵسەنگاندنی فەرموودەکان لە ڕێی هەڵسەنگاندنی ئەو کەسانەی کە گێڕاویانەتەوە و بە چەند ڕێگە گێڕاویانەتەوە و ئەو کەسانەی گێڕاویانەتەوە تا چەند متمانەیان پێ دەکرێت و پشت بە قسەیان دەبەسترێت.

- هەڵسەنگاندنی فەرموودەکان لە ڕووی واتاوە و تاچەند واتاکەیان دروستە و لەگەڵ واتای فەرموودەکانی تر یەك دەکاتەوە و لەگەڵ هێڵە گشتییەکانی شەرعدا دەگونجێت و ساز دەبێت.

بۆیە بەڕێزان بەزانینی هەموو ئەم خاڵانە پێکەوە ئەوجا دەتوانین قسە لەسەر فەرموودەیەك بکەین یان بڕیاری لە بارەوە بدەین، زانایانی پێشین لە پێناو هەڵە نەکردن لە هەڵسەنگاندنی فەرموودەکانی پێغەمبەردا ﷺ زیاتر لە (١٣) زانستی تایبەتیان بە فەرموودە دارشتوە لەوانە: (علم الجرح والتعديل أو علم الرجال، علم الإسناد، علم الطبقات والأنساب والألقاب والكنى، علم مصطلح الحديث دراية ورواية، أو قواعد الحديث، أو أصول الحديث،

علم علل الحديث، علم دراسة الأسانيد والحكم على الحديث، علم غريب الحديث، علم مختلف الحديث ومشكله، علم مناهج المحدثين، علم ناسخ الحديث ومنسوخه، علم أسباب ورود الحديث، علم فقه الحديث، أو أحكام الحديث). هەریەکە و لەم زانستانەیش بۆ خۆی جیهانێکی فراوانە و دەیەها لقی تری لێ دەبێتەوە.

کەچی ئێستا بەداخەوە خەڵکانێکی زۆر بەنەشارەزایی کەوتونەتە شەن وکەو کردنی فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ ونەزانانە هەڵسەنگاندیان بۆ دەکەن وبڕیاریان لەبارەوە دەدەن و وای وێنا دەکەن کە هەندێك لەو فەرموودانە بێڕێزی یان سوکایەتی بەئافرەت دەکەن، یاخود لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ یەك ناگرنەوە، یاخود لەگەڵ زانستی سەردەم جۆر وتەبا نین، یاخود لەگەڵ لێکدانەوەی عەقڵی ئەوان یەك ناگرنەوە، کە ئەمانە هیچیان پێوەری زانستی نین بۆ حوکمدان لەسەر ڕاستی یان لاوازی فەرموودەکان.

سەرباری ئەوانەیش زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئەم جۆرە ڕەخنەو تۆمەتانە دەبەخشنەوە، خەڵکانی ناشی و نەشارەزان و هیچ شتێك دەربارەی هیچ کام لە زانستە شەرعییەکان بە گشتی و زانستەکانی تایبەت بە فەرموودە نازانن وبگرە زۆر بەزەحمەت لەزمانێکی عەرەبی سادە تێدەگەن کەچی بە پێ خاوسی دەکەونە ناو بابەتەکە و خۆیشیان و خەڵکیش گومرا و لاڕێ دەکەن.

بۆیە ئێمە لەم بەشەدا و پشت بەست بەو خاڵانەی باسمان کردن هەوڵ دەدەین ڕاڤەکردنێکی زانستییانە بۆ چەند فەرموودەیەك بکەین، کە ئەگەر بەسەرپێی وڕوکەش ڕاڤەیان بکەین، واتای خراپیان لێ دەخوێنرێتەوە؛ بەڵام ئەگەر بەوردی وپێودانگی زانستی خوێندنەوەیان بۆ بکەین واتاکان پێچەوانەوە دەبنەوە.

هەموو ئەو فەرموودانەی تریش کە ئێمە لەبەر کەمی کات و شوێن باسمان نەکردون و وێنەو واتاکانیان شێوێنراوە ئەگەر بە وردی بەدواداچونیان بۆ بکرێت هاوشێوەی ئەمانە هەموویان واتای جوان وزۆر ناوازەیان هەیە.

کەواتە ئەرکی ئێمەیە بەر لەهەر بڕیارێك بەدواداچوونی تەواو بۆ فەرموودەکان بکەین و پاشان بڕیاریان لە بارەوە بدەین.

ئێستاش دەچینە سەر ڕاڤەکردنی هەندێك لەو فەرموودانە.

## فەرموودەی یەکەم

{اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ، فَإِنَّ الْمَرْأَةَ خُلِقَتْ مِنْ ضِلَعٍ، وَإِنَّ أَعْوَجَ شَيْءٍ فِي الضِّلَعِ أَعْلَاهُ، فَإِنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهُ كَسَرْتَهُ، وَإِنْ تَرَكْتَهُ لَمْ يَزَلْ أَعْوَجَ فَاسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ}.

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: {وَإِنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهَا كَسَرْتَهَا، وَكَسْرُهَا طَلَاقُهَا}[(١)].

ئەم فەرموودەیە یەکێکە لەو فەرموودانەی کە ئەگەر هەر بە ڕووکەش و بە شێوەیەکی سەرپێیی ڕاڤەی بکەین ڕەنگە ئاڵۆزییەکی زۆری تێدا بەدی بکرێت و قسەو باسی زۆر هەڵبگرێت، هەر بۆیە هەندێك لە موسڵمانان بۆ خۆلادان لە ڕاڤەکردنی فەرموودەکە بە لاواز لەقەڵەمی دەدەن و لەکۆڵ خۆیانی دەکەنەوە، هەندێکی تریش دەڵێن مەبەست لەفەرموودەکە تەنها (تشبیە) و لێکچواندنە نەك لە بنەڕەتدا وابێت؛ بەڵام ئەم دوو بۆچوونە هەردووکی لاوازە وئەصل ئەوەیە کە فەرموودەکە دروستە و واتاکەیشی حەقیقیە وهیچ لێکچواندن (تشبیە) ومەجازێکی تێدا نییە ولەم ڕووەوە فەرموودەکە هیچ قسە هەڵناگرێت ولەپەراوێزدا ئەو ڕاستییەمان خستۆتە ڕوو.

ئەوانەیشی کە فەرموودەکە بە دروست لە قەڵەم ئەدەن هەندێك جار وەکو پێویست ڕاڤەی تەواوی بۆ ناکەن بە شێوەیەك کە هەموو ئەو ڕەخنە و گومانانە بڕەوێنێتەوە کە لەسەری باس دەکرێت. هەر بۆیە زۆر جار خەڵکانی ناحەز بۆ مەبەستی خراپی خۆیان بە شێوەی جیا جیا و دوور لە ڕاستیی ڕاڤەی فەرموودەکە دەکەن.

جا من لێرەدا و لە ڕێی چەند خاڵێکەوە هەوڵ دەدەم کە ڕاڤەیەکی تەواو و شیاو لەسەر فەرموودەکە بخەمە ڕوو، بەو هیوایەی کە بتوانم هەموو ئەو ئاڵۆزییانە بڕەوێنمەوە کە لای خوێنەر لەسەر فەرموودەکە دروست دەبێت.

**یەکەم:** سەرەتا با لەڕاڤەی فەرموودەکەوە دەستپێبکەین کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: وەسییەت و ڕاسپاردەی من بۆ ئێوە ئەوەیە کە ئاگاتان لە ئافرەتان بێت و باش بن بۆیان و خراپ مامەڵەیان لەگەڵ مەکەن؛ چونکە ئافرەت لە پەراسوو دروست بووە،

---

١ - البخاري، صحيح البخاري،ج٣، كتاب (٦٤) الأنبياء، باب (٢) قول الله تعالى: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾، الحديث (٣١٥٣)، ص١٢١٢. مسلم، صحيح مسلم، ج٤، كتاب (١٨) الرضاع، باب (١٨) الوصية بالنساء، الحديث (٣٧٢٠)، ص١٧٨.

وچەماوەترین بەشی پەراسوویش لای سەرەوەیەتی، پاشان دەفەرمویێت: ئەگەر بتەوێ راستی بکەیتەوە دەیشکێنیت و شکاندنیشی تەڵاقدانیێتی، ئەگەریش وازی لێبهێنی هەر بە چەماوەیی دەمێنیێتەوە، هەر بۆیە ئاگاتان لە ئافرەتان بێت.

**دووەم:** ئەم فەرموودەیە باس لە سەرەتا و سەرچاوەی دروست بوون دەکات کە دایکە حەوا لە پەراسوویەکی ئادەم دروست بووە، قورئانیش بەهەمان شێوە و لە چەندین شوێندا جەخت لە سەر واتای ئەم فەرموودەیە دەکاتەوە و پشتڕاستی دەکاتەوە لەوانە:

- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجاً﴾[١]. واتە: یەکێك لە بەڵگە و نیشانەکانی دەسەڵات و بەتوانایی خوای گەورە ئەوەیە کە لە خودی خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون.

- لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجاً﴾[٢]. واتە: خوای باڵادەست لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون.

- وە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا﴾[٣]. واتە: ئەی خەڵکینە پارێزکاری سنورەکانی ئەو خوایە بکەن کە ئێوەی لەیەك کەس دروست کردوە پاشان هەرلەو کەسە خۆی هاوسەری بۆ دروست کردوە.

کەواتە ئەم ئایەتانە هەمان واتای فەرموودەکە پشتڕاست دەکەنەوە، کە خوای گەورە لە خودی ئادەم خۆی هاوسەری بۆ دروست کردووە.

**سێیەم:** زۆربەی زۆری ڕاڤەکارانی قورئانیش هەمان بۆچوونیان هەیە وئەو دەقانە بەو شێوەیە ڕاڤە دەکەن کە دایکە حەوا لەپەراسوی چەپی ئادەم دروستبووە لەوانە: (الطبري، القرطبي، ابن كثير، الزمخشري، الآلوسي، إبن العربي، الرازي، ابن الجوزي، البيضاوي، ابن عاشور، السمرقندي، ابن عادل، النسفي، السيوطي، الخازن، الثعالبي، أبو السعود، النيسابوري، جلال

---

١ - سورة الروم: الآية: ٢١.

٢ - سورة النحل: الآية: ٧٢.

٣- سورة النساء: الآية ١.

الدين المحلي، مقاتل بن سليمان البلخي، ابن عجيبة، السمرقندي، الواحدي، ابن عطية، السمعاني، الشوكاني، الشنقيطي، الماوردي، أبو بكر الجزائري، سيد طنطاوي[1].

---

١- بڕوانە: الطبري (محمد بن جرير)، تفسير الطبري (جامع البيان في تأويل آي القرآن)، ج٧، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط١، ١٤٢٠، تحقيق: أحمد محمد شاكر، ص٥١٦. القرطبي (محمد بن أحمد)، الجامع لأحكام القرآن، ج٥، دار عالم الكتب، الرياض، ط١٤٢٣هـ، تحقيق: هشام سمير البخاري، ص٢. إبن كثير (إسماعيل بن عمر)، تفسير ابن كثير (تفسير القرآن العظيم)، ج٢، دار طيبة للنشر والتوزيع، ط٢، ١٩٩٩، تحقيق: سامي بن محمد سلامة، ص٢٠٦. الزمخشري (محمود بن عمر الزمخشري)، الكشاف (الكشاف عن حقائق التنزيل وعيون الأقاويل في وجوه التأويل)، ج١، دار إحياء التراث العربي، بيروت، تحقيق: عبد الرزاق المهدي، ص٤٩١. الآلوسي (محمود عبدالله الحسيني)، تفسير الألوسي (روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني)، ج٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤١٥، تحقيق: علي عبد الباري، ص٣٩٢. إبن العربي (محمد بن عبد الله الأندلسي)، أحكام القرآن، ج٣، دار الكتب العلمية، بيروت، ص٢٠٩. الرازي (محمد بن عمر)، تفسير الرازي (مفاتيح الغيب)، ج٩، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ص٤٧٥. إبن الجوزي (عبد الرحمن بن علي)، زاد المسير في علوم التفسير، ج٢، المكتب الإسلامي، بيروت، ط٣، ١٤٠٤، ص٢. البيضاوي، تفسير البيضاوي، ج٢، دار الفكر، بيروت، ص١٣٨. إبن عاشور (محمد الطاهر بن عاشور)، التحرير والتنوير، ج٧، دار سحنون للنشر والتوزيع، تونس، ١٩٩٧م، ص١٢٧. السمرقندي (نصر بن محمد)، بحر العلوم، ج١، دار الفكر، بيروت، تحقيق: محمود مطرجي، ص٣٠٣. إبن عادل (عمر بن علي)، اللباب في علوم الكتاب، ج٥، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٩٨، تحقيق: عادل أحمد، وعلي محمد معوض، ص٢٧٨. النسفي (عبد الله بن أحمد بن محمود النسفي)، تفسير النسفي، ج١، دار النفائس، بيروت، تحقيق: مروان محمد الشعار، ص٣٠٤. السيوطي (عبد الرحمن بن الكمال)، الدر المنثور، ج٣، دار الفكر، بيروت، ١٩٩٣، ص١٩١. الخازن (علي بن محمد بن إبراهيم البغدادي)، تفسير الخازن (لباب التأويل في معاني التنزيل)، ج١، دار الفكر، بيروت، ط١٩٧٩، ص٤٧٣. الثعالبي (عبد الرحمن بن محمد)، تفسير الثعالبي (الجواهر الحسان في تفسير القرآن) ج٢، ط١، ١٤١٨، دار إحياء التراث العربي، بيروت، تحقيق: محمد علي معوض، وعادل أحمد، ص١٥٩. إبن أبي السعود (محمد بن محمد العمادي)، تفسير أبي السعود (إرشاد العقل السليم إلى مزايا القرآن الكريم)، ج٢، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ص١٣٨. النيسابوري (أحمد بن محمد)، تفسير النيسابوري (الكشف والبيان)، ج٣، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط١، ٢٠٠٢، تحقيق : أبي محمد بن عاشور.جلال الدين محمد بن أحمد المحلى، ص٢٤١. جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي، تفسير الجلالين، ج١، دار الحديث، القاهرة، ط١، ص٤٩٠. مقاتل (مقاتل بن سليمان بن بشير الأزدي)، تفسير مقاتل، ج١، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ٢٠٠٣، تحقيق: أحمد فريد، ص٢١٣. إبن عجيبة (أحمد بن محمد)، البحر المديد، ج٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ط٢، ٢٠٠٢، ص٣. الواحدي (علي بن أحمد الواحدي)، الوجيز في تفسير الكتاب العزيز، دار القلم، بيروت، ط١، ١٤١٥، تحقيق: صفوان عدنان داوودي، ص٤٨٥. إبن عطية (عبد الحق بن غالب)، المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز، ج١، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٩٣، تحقيق: عبد السلام عبد الشافي محمد، ص١١٠. السمعاني (منصور بن محمد بن عبد الجبار)، تفسير السمعاني، ج٢، دار الوطن، الرياض، ط١، ١٤١٨، تحقيق: ياسر بن إبراهيم وغنيم بن عباس، ص٤. الشوكاني (محمد بن علي)، تفسير الشوكاني (فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية من علم التفسير)، ج١، دار الفكر، بيروت، ص٤٢٢. الشنقيطي (محمد الأمين بن محمد)، أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن ، ج٧، دار الفكر للطباعة والنشر، بيروت، ١٤١٥هـ، تحقيق : مكتب البحوث والدراسات، ص٤١٤. الماوردي (علي بن محمد)، النكت والعيون، ج١، دار الكتب العلمية، بيروت، تحقيق: السيد بن عبد المقصود، ص٤٤٦. أبوبكر الجزائري (جابر بن موسى)، أيسر التفاسير، ج٢، مكتبة العلوم والحكم، المدينة المنورة، ط٥، ١٤٢٤هـ، ص٥٠. الطنطاوي (محمد سيد)، الوسيط، ج٣، دار النهضة، القاهرة، ط١، ص١٩.

جا تۆ بڵێی هەموو ئەو زانا وبلیمەتانە لەو دەقانە تێنەگەیشتبن؟!!!!.

**چوارەم:** نەك تەنها ئەوەندە بەڵکو تەورات وئینجیل وسەرجەم پەڕتووکە ئاسمانییەکانی تریش جەخت لەسەر هەمان ڕاستی دەکەنەوە، کە خاتوو حەوا لە پەراسووی چەپی ئادەم دروستبووە، لەوانە لە سفری تەکویندا هاتووە: (وَقَالَ الرَّبُّ الإِلهُ: لَيْسَ جَيِّدًا أَنْ يَكُونَ آدَمُ وَحْدَهُ، فَأَصْنَعَ لَهُ مُعِينًا نَظِيرَهُ (٢١) فَأَوْقَعَ الرَّبُّ الإِلهُ سُبَاتًا عَلَى آدَمَ فَنَامَ، فَأَخَذَ وَاحِدَةً مِنْ أَضْلاَعِهِ وَمَلأَ مَكَانَهَا لَحْمًا (٢٢) وَبَنَى الرَّبُّ الإِلهُ الضِّلْعَ الَّتِي أَخَذَهَا مِنْ آدَمَ امْرَأَةً وَأَحْضَرَهَا إِلَى آدَمَ)[١]. واتە: خوای گەورە فەرمووی: باش نییە ئادەم بەتەنها بمێنێتەوە، کەسێکی هاوشێوەی خۆی بۆ دروست دەکەم، پاشان خوای گەورە ئادەمی خەواند ویەکێك لەپەراسووەکانی دەرهێناو شوێنەکەی بەگۆشت پڕکردەوە ولەو پەراسوەی لەئادەمی وەرگرت ئافرەتێکی دروستکرد وهێنای بۆلای ئادەم.

**پێنجەم:** کۆی ئەو دەقانە باس لە سەرەتاکانی بوون دەکەن نەك کۆی ئادەمیزاد ویەکە بەیەکەی مرۆڤەکان، ڕوونتر بڵێین ئەم فەرموودانە تەنها ئادەم و حەوا دەگرنەوە وگشتگیر ناکرێن؛ بۆیە جگە لە خاتوو حەوا هیچ ئافرەتێکی تر لەپەراسوو دروست نەبووە، هەر وەك چۆن جگە لەئادەم هیچ پیاوێکی تر لەخۆڵ دروست نەبووە.

**شەشەم:** بەدەر لەو دەقانەی باسمان کرد خوای گەورە لە چەندین ئایەت و دەقی دیکەدا کاتێك ئاماژە بە دروستبوونی مرۆڤەکان دەکات و بۆ ئەوەی ئەو گومانە برەوێنێتەوە کە ئەو شێوازی دروستکردنە بنەمایەکە بۆ ماف و ڕێز باس لە یەکسانبوونی مرۆڤەکان دەکات و سەرەتای دروستبوویان دەگێڕێتەوە بۆ یەك سەرچاوە وکانزا کە ئەویش خۆڵە، بێ جیاوازیکردن لە نێوان ڕەگەزەکانیاندا، هەر بۆیە کاتێك دەڵێین ئافرەت لە بەشێکی پیاو دروست بووە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پیاو لە ئافرەت گەورەترە، یان پیاو لە ئافرەت بەڕێزترە، یان باشترە؛ چونکە هیچ مرۆڤێك دەستی نەبووە لە بژاردەکردنی ڕەگەزی خۆیدا، هەر بۆیە هیچ بەرپرسیارێتییەکی ئەو بژاردەیەش ناگرێتە ئەستۆ، هەر وەك چۆن بەرپرسیارێتی جیاوازی ڕەنگ و نەتەوە و نەژاد و زمانی ناگرێتە ئەستۆ

---

١- سفر التكوين: إصحاح ٢، عدد ٢١- ٢٣.

جیاوازی ڕەگەزیش هەر بەهەمان شێوەیە؛ بۆیە ئەوە تەنها باسە لە شێوازی دروست بوون وناكرێتە بنەما بۆ باش بوون یان خراپ بوون.

خۆ ئەگەر ئەوە ڕاست بێت ئەوە هەموو پیاوانی پاش ئادەم لەئافرەت دروستبوون ولەدایك بوون كەواتە دەرەنجامەكە پێچەوانە دەبێتەوە.

**حەوتەم:** خوای گەورە لەنێوان هەموو ئەندامانی جەستەی ئادەم پەراسووی هەڵبژاردوە كە خاتوو حەوای لێ دروست بكات؛ چونكە پەراسوو نزیكترین ئەندامی جەستەیە لەدڵەوە وهەر ئەویش قەڵغانی پاراستنی دڵە، وهەر بۆیەیش چەماوەیە تا بتوانێت بەتەواوی پارێزگاری لە دڵ بكات، كەواتە چەمانەوەكەی نەك هەر خراپ نییە بەڵكو زۆر پێویست و ناوازەیشە، خۆ ئەگەر ڕێك بوایە ئەو كات سوودێكی ئەوتۆی نەدەبوو.

هەر بۆیە پێغەمبەری خوایش ﷺ چەمانەوەی ئافرەت وەك چەمانەوەی پەراسوو وێنا دەكات؛ چونكە چەمانەوەی ئافرەتیش هاوشێوەی چەمانەوەی پەراسوو مەبەست لێی پاراستن و پێگەیاندنی هەستیارترین خانەكانی كۆمەڵگەیە كە منداڵ و خێزانە.

**هەشتەم:** كاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ ئاماژە بەوە دەكات كە ئافرەت لە پەراسوو درست كراوە و سروشتی پەراسویش وایە كە چەماوەیە، وشەی {أَعْوَجَ} بۆ ئەو مەبەستە بەكار دەهێنێت وشارەزایانی زمانی عەرەبیش دەڵێن: ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبیدا بۆ واتاكانی: (حنو)، (عطف)، (میل) بەكار دێت، و هەرسێكیشان بە مەبەستی سۆز و خۆشەویستی و چەمانەوە دێت بەلای كەسی خۆشەویستدا و لە واقیعیشدا ئافرەت وایە و هەمیشە عاتیفە زاڵە بەسەر بیركردنەوە و بڕیارەكانیدا و لەو سۆنگەیەیشەوە مامەڵە لەگەڵ مێرد و منداڵ و كەسانی چواردەوریدا دەكات.

**نۆیەم:** هۆكاری سەرەكی هاتنی فەرموودەكە وەك لەسەرەتا وكۆتاییەكەیدا دەردەكەوێت {اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ} ە. واتە فەرمان كردنە بە پیاوان بەوەی كە نەك هەر باش بن لەگەڵ ئافرەتاندا، بەڵكو دەبێت ئامۆژگاری وڕێنمووی یەكتریش بكەن لەم پێناوەدا و ئاگاداركردنەوەیانە لەوەی كە پێویستە لەلایەنی سۆزداری ودەروونی وجەستەیی وشێوازی بیركردنەوە وبڕیاردان وگشت لایەنەكانی تری پێكهاتەی ئافرەت تێبگەن وجیاوازییەكانی نێوانیان قبوڵ بكەن وبەوریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بكەن ولەو ڕاستییە تێ بگەن كە

ئافرەتان وەك ئەوان بیر ناکەنەوە و بڕیارەکانیان هەمیشە سۆز و عاتیفە بەسەریدا زاڵە و ئەوەیش بەدەستی خۆیان نییە؛ بەڵکو سروشتی ئافرەت وایە وزۆریش پێویستە کە وابێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە ڕۆڵی پەروەردەکاری خۆی هەستێت لە ژیاندا، هەر بۆیەش پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەکەدا هۆشداری دەداتە پیاوان ودەفەرموێت: {وَإِنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهَا كَسَرْتَهَا، وَكَسْرُهَا طَلاَقُهَا} واتە: ئەگەر بتەوێت بەزۆر ڕاستی بکەیتەوە و ئەو چەمانەوە و سۆزەی تێدا نەهێڵیت وشێوازی بیرکردنەوە وسروشتی دروستبوونی بگۆڕیت ئەوە دەبێت بیشکێنیت وهەستی بریندار بکەیت وبێڕێزی بەرامبەر بکەیت و سەرەنجامی ئەو هەوڵانەیش بێ هوودە دەبێت و کێشەکان بەتەڵاق کۆتاییان دێت؛ چونکە مەحاڵە پیاو بتوانێت سروشتی ئافرەت بگۆڕێت.

کەواتە ئەوەی تۆ بە بۆچوونی خۆت پێت وایە ڕاستکردنەوەیە بۆ ئافرەت لە ڕاستییدا شکاندنە.

**دەیەم:** ئەگەر خەڵکانێك بیانەوێت ئەم فەرموودەیە وا ڕاڤە بکەن کە مەبەست لێی باسکردنی خواریی و خراپیی ئافرەتانە، ئەوە دەکەونە کێشە لەگەڵ چەندین فەرموودەی تر کە ئەم جۆرە لێکدانەوە و بۆچوونانە بەرامبەر ئافرەت ڕەت دەکەنەوە، لەوانە:

- پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: {إِنَّمَا حُبِّبَ إِلَيَّ مِنْ دُنْيَاكُمُ النِّسَاءُ، وَالطِّيبُ، وَجُعِلَتْ قُرَّةُ عَيْنِي فِي الصَّلاَةِ}[١]. واتە: سێ شت لە دونیادا خۆشەویست کراون بەلامەوە، یەکەمیان ئافرەتە، جا ئەگەر بەوردی سەرنجی فەرموودەکە بدەین دەبینین پێغەمبەری خوا ﷺ ئافرەتی لەگەڵ بۆنی خۆش و نوێژدا باس کردوە و لە ڕیزبەندیشدا ئافرەتی پێش ئەوانی تر خستوە، وە دەفەرموێت خۆشەویست کراوە بەلامەوە نەك خۆشم دەوێت، دیارە ئەو کەسەیش کە خۆشەویستی کردوە بەلایەوە خوای گەورەیە نەك کەسێکی تر، ئێستا جێی خۆیەتی بپرسین: ئایا دەگونجێت خوای گەورە شتی خراپ خۆشەویست بکات بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ؟!، یان ئایا لە پێغەمبەری خودا ﷺ دەوەشێتەوە شتی خراپی

---

١ - النسائي، سنن النسائي الكبرى، ج٥، كتاب (٧٩) عشرة النساء، باب (١) حب النساء، الحديث (٨٨٨٧)، ص٢٨٠. البيهقي (أحمد بن الحسين بن علي)، سنن البيهقي الكبرى، ج٧، كتاب (٤٦) النكاح، باب (٥٩) الرغبة في النكاح، مكتبة دار الباز، مكة المكرمة، ط،١٤١٤، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، الحديث (١٣٢٣٢)، ص٧٨.

خۆشویستبێت؟! ئەی ئایا دەگونجێت پێغەمبەری خودا ﷺ بە خراپیش ناویان ببات ولەهەمان کاتدا خۆشیشی بوێن؟! بەدڵنیاییەوە نەخێر.

- پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: {خَيْرُ مَتَاعِ الدُّنْيَا الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ}[1]. واتە: ئافرەتی باش و گونجاو باشترین و چاکترین خۆشیی دونیایە، جا گەر ئافرەت خوار و نالەبارە، چۆن پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: باشترین خۆشییەکانی دونیایە؟!، یان چۆن دەکرێت لە فەرموودەیەکدا پێیان بڵێت خوارو خراپ و دواتریش پێیان بڵێت باشترین خۆشییەکانی دونیا؟!! ئەمانە هەڵوێستی پێچەوانەو دژ بەیەکن و لە پێغەمبەری خودا ﷺ ناوەشێنەوە.

هەر بۆیە ئەم فەرموودانە و چەندین فەرموودەی تری هاوشێوەی ئەمانە ئەو گومانانە ڕەت دەکەنەوە کە پێغەمبەر ﷺ لێرەدا ویستبێتی تەشهیر بە ئافرەتات بکات و بە خوار ناویان ببات؛ بەڵکو بە پێچەوانەوە پێغەمبەر ﷺ لێرەدا دەیەوێت ڕێز لە ئافرەتان بنێت و سروشتی بیرکردنەوە و هەست و سۆزیان ڕوون بکاتەوە و ئامۆژگاری ڕاسپاردەی پیاوان بکات کە لێی تێبگەن و وەك خۆی قبوڵی بکەن وباش بن لەگەڵیاندا.

---

١ - مسلم، صحيح مسلم، ج٤، كتاب (١٨) الرضاع، باب (١٧) خير متاع الدنيا المرأة الصالحة، الحديث (٣٧١٦)، ص١٧٨.
إبن حبان، صحيح إبن حبان، ج٩، ذكر البيان بأن المرأة الصالحة للمؤمن خير متاع الدنيا، الحديث (٤٠٣١)، ص٣٤٠.

## فەرموودەی دووەم

عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ: (خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فِي أَضْحًى – أَوْ فِطْرٍ – إِلَى الْمُصَلَّى، فَمَرَّ عَلَى النِّسَاءِ فَقَالَ: {يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ تَصَدَّقْنَ، فَإِنِّي أُرِيتُكُنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ}. فَقُلْنَ: وَبِمَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: {تُكْثِرْنَ اللَّعْنَ، وَتَكْفُرْنَ الْعَشِيرَ، مَا رَأَيْتُ مِنْ نَاقِصَاتِ عَقْلٍ وَدِينٍ أَذْهَبَ لِلُبِّ الرَّجُلِ الْحَازِمِ مِنْ إِحْدَاكُنَّ}. قُلْنَ: وَمَا نُقْصَانُ دِينِنَا وَعَقْلِنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ؟. قَالَ: {أَلَيْسَ شَهَادَةُ الْمَرْأَةِ مِثْلَ نِصْفِ شَهَادَةِ الرَّجُلِ}. قُلْنَ: بَلَى. قَالَ: {فَذَلِكَ مِنْ نُقْصَانِ عَقْلِهَا، أَلَيْسَ إِذَا حَاضَتْ لَمْ تُصَلِّ وَلَمْ تَصُمْ}. قُلْنَ: بَلَى. قَالَ: {فَذَلِكَ مِنْ نُقْصَانِ دِينِهَا}..)[1].

ئەم فەرموودەیە یەکێکی ترە لە فەرموودە دروستەکان، هەرچەند خەڵکانێك بۆ خۆ لادان لەواتا وچەمکەکانی هەوڵیان داوە بەلاواز لەقەڵەمی بدەن؛ بەڵام بەهەڵەدا چوون ولەڕووی دروستییەوە فەرموودەکە هیچ کێشەی نییە، لەبەرامبەریشدا خەڵکانێکی نەزان بەهەڵە کەوتونەتە گیانی فەرموودەکە و واتای نەشیاویان بۆ داتاشیوە کە گوایە پێغەمبەری خودا ﷺلەم فەرموودەیەدا بێڕێزی بەرامبەر بە ئافرەت کردوە، کە ئەمەیش پێچەوانەی ڕاستییەکان وڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ وواتای ڕاستەقینەی فەرموودەکەیە.

بۆیە ئێمە لێرەدا ولەپێناو ڕەواندنەوەی ئەو گومانانە لەچەند خاڵێکدا تیشك دەخەینە سەر فەرموودەکە وسەرەتا لە واتاکەیەوە دەست پێ دەکەین:

**یەکەم:** ئەبی سەعیدی خودری دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژی جەژنی قوربان، یان ڕەمەزان بوو، دەڕۆشت بەرەو شوێنی نوێژکردن وبەلای ئافرەتەکاندا تێپەڕی و پێی فەرموون: ئەی کۆمەڵی ئافرەتان خێر و چاکە زۆر بکەن؛ چونکە وام نیشان دراوە کە ئێوە زۆرینەی ئەهلی ئاگر بن. ئافرەتەکان گوتیان: لە بەر چی ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ؟ فەرمووی: لەبەر ئەوەی ئێوە زۆر کات زمانتان بە شێوەی نەشیاو بەکاردەهێنن و قسە بە خەڵکی دەڵێن و خراپ باسیان دەکەن و چاکە و باشەی بەرامبەر لە بیر دەکەن، کەسێکم

---

١- البخاري، صحيح البخاري، ج٢، كتاب (٣٠) الزكاة، باب (٤٣) الزكاة على الأقارب، الحديث (١٣٩٣)، ص٥٣١. مسلم، صحيح مسلم، ج١، كتاب (٢) الإيمان، باب (٣٦) بيان نقصان الإيمان بنقص الطاعات وبيان إطلاق لفظ الكفر على غير الكفر بالله ككفر النعمة والحقوق، الحديث (٢٥٠)، ص٦١.

نەدیوە هاوشێوەی ئێوە کە خۆی دین و ژیریی ناتەواو بێت؛ بەڵام توانای بردنی بیر و ژیریی پیاوێکی زۆر دانای هەبێت.

ئافرەتەکان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ بۆچی دین و ژیرییمان ناتەواوە؟ فەرمووی: ئایا گەواهی ئافرەتێك نیوەی گەواهی پیاوێك نییە؟ گوتیان: بەڵێ. فەرمووی: دە ئەوە بەهۆی ناتەواوی ژیرییەوەیەتی. پاشانیش فەرمووی: ئەی کە دەکەوێتە سوڕی مانگانەوە واز لە نوێژ و ڕۆژوو ناهێنێت؟ گوتیان: بەڵێ. فەرمووی: ئەوەیش لە ناتەواوی دینییەوەیەتی.

ئەمە واتای زمانەوانی و ڕوکەشی فەرموودەکەیە.

**دووەم:** کاتێك ئێمە دەمانەوێت بە شێوەیەکی زانستی و دروست ڕاڤەی فەرموودەیەك یان هەر دەقێك بکەین، دەبێت سەرەتا کۆمەڵێك خاڵی سەرەتایی لەبارەوە بزانین لەوانە: بێژەری قسەکە و کات و شوێن و مەبەستەکەی وئەو کەسانەی کە قسەکەیان ئاراستە کراوە؛ چونکە زانینی ئەمانە زۆر شتمان بۆ ڕوون دەکەنەوە ولەزۆر هەڵە وهەڵدێر لە تێگەیشتنی فەرموودەکە دەمانپارێزن بۆ نموونە لەم دەقەی بەردەستماندا:

١- بێژەری فەرموودەکە پێغەمبەری خودایە ﷺ کە خوای گەورە خۆی شایەتی ڕەوشتبەرزی بۆ دەدات وپێی دەفەرموویت: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾[(١)]. واتە: بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشتێکی زۆر گەورە وناوازەیت، هەر بۆیەیش بوو کە هاوەڵەکانی پێغەمبەریان ﷺ لەخۆیان وماڵ ومنداڵ وهەموو کەس وکاریان زیاتر خۆش دەویست. جا کەسێك خوای گەورە بەو شێوەیە شایەتی ڕەوشت بەرزی بۆ بدات بڵێی لێی بوەشێتەوە بێڕێزی بەرامبەر دۆست وشوێنکەوتوەکانی خۆی بکات؟!!.

٢- کاتی فەرموودەکە وەکو باسمان کرد لە ڕۆژی جەژندا بووە کە ڕۆژێکی پیرۆزە وڕۆژی گەردن ئازادیی و لێبوردەیی و دڵنەوایی کردنی یەکترە، نەك بێڕێزی کردن ودڵ شکاندن.

---

١- سورة القلم: الآية (٤).

٣- شوێنی فەرموودەکە: شوێنی پەرستش و کڕنووشبردن و خوا لەخۆ رازیکردن بووە، نەك بێڕێزی وسەرکۆنە کردن.

٤- بابەتی قسەکان ئامۆژگاری وهەڵنان بووە بەرەو بەخشین وچاکە کردن ودوورکەوتنەوە لەخراپە، جا ئایا لەهیچ مامۆستایەکی ژیر دەوەشێتەوە کە بیەوێت کەسێك ئامۆژگاری بکات لەبری ئامۆژگاری بێڕێزی بەرامبەر بکات وسەرکۆنەی بکات؟!!. ئەی ئەگەر ئەو کەس ومامۆستایە پێغەمبەری خودا بێت ﷺ؟!!.

٥- قسە بۆ کراوەکان زۆرینەیان ئافرەتانی پشتیوانان وخەڵکی مەدینە بوون کە زۆر پێغەمبەری خودایان ﷺ خۆشویستوە وبەرامبەری بەئەمەك بوون وپێغەمبەری خودایش ﷺزۆر ڕێزی لێ گرتون ولەزۆر فەرمودەدا ستایشی کردون.

جا بەپێی خوێندنەوەی ئەم هەل ومەرجانە ئایا دەگونجێت پێغەمبەرێکی ئاوا ﷺ کات و شوێن وخەڵکێکی ئاوای هەڵبژاردبێت بۆ بێڕێزی کردن بە ئافرەتان و بێ هیوا کردنیان و بەکەم نیشاندانیان بەرامبەر بە پیاوان؟.!!!

خۆ ئەگەر ئەم فەرموودەیە لەکاتی دادگای کردنی ئافرەتێك یان سزادانی لەسەر هەڵەیەکی گەورە بهاتایە بۆ نموونە زینای بکردایە، یان دزی بکردایە، دەمانگوت لەوانەیە وابێت، بەڵام ئەم کەسە ولەم کات و شوێنە پیرۆزە وبەرامبەر بەم توێژە خواناس وبۆ خوا صولحاوەی کۆمەڵگە هەرگیز ڕێی تێ ناچێت وهیچ پاساوێکی نییە، بۆیە ناکرێت مەبەستی فەرموودەکە ئەوە بێت.

**سێیەم:** ئەم فەرموودەیە بەڵگەیەکی زۆر روون و ئاشکرایە لە سەر رێز و ماف و پێگەی ئافرەت لە ئیسلامدا؛ چونکە وەك دەبینین پێغەمبەری خودا ﷺ لەو رۆژە پیرۆزەدا بەر لە پیاوان ئەوانی بەسەرکردۆتەوە وقسەی بۆ کردوون و ئامۆژگاریی کردوون، لەملایشەوە ئافرەتان بوێرانە و راشکاوانە پرسیار و بۆچوونەکانیان عەرزی پێغەمبەری خودا ﷺ کردووە و ئەویش بە سنگێکی فراوانەوە قسەکانی لێ قبوڵ کردوون و بۆچوونەکانی خۆی و حوکمە شەرعییەکانی بۆ روون کردوونەتەوە، ئایا لە رۆژگارەکانی سەدەی بیست و یەك و بانگەشەی ماف و ئازادی ژناندا کەس ئەو مافەی هەیە ئاوا قسە لە

قسەی سەرکردەیەکدا بکات و قسەکانی پێ ببڕێت و ئەویش بەو شێوەیە بە سنگێکی فراوان و گیانی بەزەیی و لەخۆبوردەییەوە قسەکان وەربگرێت و ڕوونکردنەوەیان لەسەر بدات؟!.

**چوارەم:** مەبەستی سەرەکی فەرموودەکە و ئامۆژگارییەکان هەوڵدانە بۆ هەڵنانی زیاتری ئافرەتان بۆ کاری چاکە و ئەنجامدانی پەرستشی زیاتر بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکورتیانەی کە بە هۆی هەندێك تایبەتمەندیی جەستەیی و دەروونی ئافرەتەوە لە مامەڵەو پەرستشەکاندا ڕوو دەدات، هەروەها ئاگادارکردنەوە و دوور خستنەوەیانە لەو ئاکار و ڕەفتارە خراپانەی کە زیاتر ئافرەتان ئالوودە و تووشی دەبن، بە مەبەستی ئەوەی کە خۆیان چاکەن، نەك سوکایەتیان پێ بکات.

ئەمەش بەڵگەی دڵسۆزیی و پەرۆشی پێغەمبەری خودایە ﷺ بەرامبەر بە ئافرەتان، نەك ڕق لێبوونەوە و بەسووك سەیرکردن؛ چونکە ئەگەر یەکێك ڕقی لە یەکێك بێت و بەسووك سەیری بکات نایەت ئامۆژگاری بکات و قسەی خێری بۆ بکات.

ئەم جۆرە هەڵوێست و هەڵنانەی پێغەمبەری خودایش ﷺ تەنها بەرامبەر بە ئافرەت نەبووە؛ بەڵکو زۆر جار پیاوانیشی گرتۆتەوە. بۆ نموونە کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺدەفەرموێت: {إِنَّا أُمَّةٌ أُمِّيَّةٌ لاَ نَكْتُبُ وَلاَ نَحْسُبُ}[1]. واتە: ئێمە ئوممەتێکی نەخوێندەوارین، نووسین و ئەژماردەکردن نازانین، مەبەستی نییە گیانی نەخوێندەوارییمان تێدا قوڵ بکاتەوە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە هەڵمان بنێت کە خوێندەوار بین و خۆمان چاکەین؛ چونکە ئێمە ئوممەتی (إقرأ) و خوێندەوارین، ناکرێت نەخوێندەوار و نەفام بین.

**پێنجەم:** مەبەستێکی تری فەرموودەکە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی چەند حوکمێکی شەرعی بۆ ئافرەتان، لەوانە: هەڵنانیان بۆ کاری چاکە و دوورخستنەوەیان لە خراپە وحوکمی شایەتیدانی ئافرەت و هەڵگرتنی نوێژو ڕۆژوو لە کاتی سووڕی مانگانەدا و کاریگەری ژنان لەسەر پیاوان.

**شەشەم:** پێغەمبەری خودا ﷺ نەیفەرمووە ئافرەتان کەم عەقڵ وکەم دینن، بەڵکو بەپێچەوانەوە باس لەهێزی کاریگەرییان دەکات لەسەر پیاوان، بەڵام ئەو شێوازەی

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج٢،ص٦٧٥، كتاب (٣٦) الصوم، باب (١٣) قول النبي ﷺ لا نكتب ولا نحسب، الحديث (١٨١٤). مسلم، صحيح مسلم، ج٢،ص٧٥٩، كتاب (١٣) الصيام، باب (١) فضل شهر رمضان، الحديث (١٥).

هەڵیبژاردووە بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی جۆرێکە لەبوێژی ولەزمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێت: (ستایش کردن بە گلەیی). بۆیە لێرەدا وەك بەشێك لەپیاهەڵدان سەرسامی خۆی نیشانداوە بەرامبەر بە هێز وکاریگەریی ئەوان لەسەر پیاوان، کەچۆن توانای لەخشتەبردنی پیاوی زۆر دانا وژیریان هەیە.

جا ئەگەر بەسەرپێی فەرموودەکەمان ڕاڤە کرد و گوتمان ئافرەت کەم عەقڵە و بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانای لە خشتەبردنی پیاوێکی زۆر دانا و ژیری هەیە وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەی پێ دەکات، ئایا لەم هاوکێشەیەدا کێ کەم عەقڵە و کێ زۆر عاقڵە؟ بەدڵنیاییەوە لە خشتە براو کەم عەقڵە نەك لە خشتەبەر.

**حەوتەم:** وشەی (عقل) لەزمانی عەرەبیدا بەواتای بەستنەوە و گرتنەوە وزاڵبوون دێت بەسەر حەز وسۆز وئارەزووەکاندا وپیاو بەوپێیەی کەکاری دابینکردنی بژێوی وڕووبەڕووبونەوەی سەختێکانی ژیانە لایەنی ژیری زیاتر زاڵە بەسەر بڕیارەکانیدا لەبەرامبەریشدا ئافرەت بەو پێیەی کەکاری بەخێوکردنی منداڵە وپەروەردە وپێگەیاندنە زیاتر لایەنی سۆزداری زاڵە بەسەر بڕیارەکانیدا، ئەمەیش پەیوەندی بەوەوە نییە کە کێ لە کێ باشترە؟ بەڵکو پەیوەندی بە ڕۆڵ و ئەرکی ئەم دوو ڕەگەزەوە هەیە لە ژیاندا، پیاو کە ئەرکی دابینکردنی بژێویی ژیانی بەسەردا دراوە پێویستی زیاتری بە ژیریی و بیرکردنەوەیە، لە بەرامبەریشدا ئافرەت کە بەخێوکەر و پەروەردەکارە لە کۆمەڵگەدا پێویستییەکی زۆری بە سۆز و خۆشەویستی هەیە، بۆیە خوای کاربەجێ هەریەکەیان بەپێی پێویستی خۆیان بەهرەی پێداون[(١)].

**هەشتەم:** وشەی (نقص) یش لە زمانی عەرەبیدا واتە: (کەمی) ومەبەست پێی کەمی ژمارە و کەرەتە نەك کەسایەتی وڕێز، وەك دوایی پێغەمبەری خوداﷺ خۆی راڤەی دەکات و دەفەرموێت: لە شایەتیدا شایەتی دوو ئافرەت بەرامبەر یەك پیاوە ولە کاتی سوڕی مانگانەدا کۆمەڵێك لە نوێژ و پەرستشەکانیان دەفەوتێت، ئەمانەیش کەمییە لە ژمارە و

---

١- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی خاڵە جیاواز و لەیەکچووەکانی نێوان ژن و پیاو سەیری پەڕتووکی: أ. د. خالد محمد صالح، المساواة بين الرجل والمرأة في الشريعة الإسلامية، وبنود المواثيق والإتفاقيات الدولية. بکە.

حوکمدا، نەك سوکییە لە کەسایەتی و ناخ و بونیاددا، جیاوازییەکی زۆریش هەیە لە نێوان کەمیی ژمارە و حوکم لەگەڵ سووکایەتی کردن بە کەسایەتی و ناخ و بونیاد.

**نۆیەم:** سەبارەت بەو هۆکارە زانستیانەیش کە وادەکەن لەهەندێك بابەتی فیقهیدا شایەتی دوو ژن بەیەك پیاو بچێت زانایان دەڵێن جیاوازییەکی زۆر لەنێوان مێشکی پیاو وئافرەتدا هەیە لەوانە:

١- بەشێوەیەکی گشتی مێشکی ئافرەت لەمێشکی پیاو بچوکترە و ڕێژەی خانەکانی مێشکیشیان بەراورد بە پیاوان کەمترە ومێشکی پیاو لە (٢٢.٨) خانە پێك هاتووە، بەڵام مێشکی ئافرەت لە (١٩.٣) خانە پێك هاتووە. هەر بۆیە ئەگەری توشبوونی ئافرەتان بەنەخۆشی زهایمەر وخەڵەفان ولەبیرچونەوە دوو هێندەی پیاوان زیاترە.

٢- مێشکی ئافرەت توانای هەڵکردنی لەگەڵ بارودۆخی قورس وناهەموار کەمترە وئەرك وکاری ڕۆژانە وفشارە دەروونیەکان زیاتر کاری تێدەکەن وئەگەری تووشبونی بەدڵەڕاوکە وخەمۆکی وترس زیاترە.

٣- ئافرەت کۆمەڵێك تایبەتمەنی جەستەیی هەیە کەئەوانەیش دیسانەوە کاریگەری لەسەر ئەرکەکانی مێشك ویادەوەریەکانی دروست دەکەن لەوانە سوڕی مانگانە ومنداڵبوون و وشیردان وپەروەردەی منداڵ وهەموو ئەوانەیش کەهەندێکیان بەردەوام دووبارە دەبنەوە کاریگەری خراپ لەسەر باری دەروونی ئافرەت بەجێ دەهێڵن.

کۆی ئەم هۆکارانەیش وا دەکەن ئافرەت ئەگەری لەبیرچونەوەی زۆرتر بێت لە پیاوان بەتایبەتیش لەو بوارانەدا کەزۆر جێی بایەخ نییە بەلایەوە وئایەتەکەی قورئانیش باس لە هەمان هۆکار دەکات ودەفەرموویێت: ﴿أَن تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَى﴾[1]. واتە: نەبا یەکێکیان بیری بچێتەوە و ئەگەر بیری چوو با ئەوی تریان بیری بخاتەوە. ئیتر ئەمە چ پەیوەندیەکی بە ڕێز وبێرێزیەوە هەیە؟!!.

**دەیەم:** ڕوونکردنەوەی هەر یەك لەو حوکمە شەرعییانەی کە لەفەرموودەکەدا هاتووە قسەی زۆر هەڵدەگرێت و ڕوونکردنەوەی زیاتری دەوێت وەك لەوەی لەم فەرموودەیەدا هاتووە و لە شەرعیشدا حوکم تەنها لە فەرموودەیەکەوە وەرناگیرێت؛ بەڵکو

---

١- سورة البقرة: الآية (٢٨٢).

پێویستە بگەڕێینەوە سەر کۆی ئەو دەقە شەرعییانەی کە لەسەر ئەو بابەتە هاتووە و خوێندنەوەیەکی زانستیی و بابەتییانەیان بۆ بکەین و ئەوجا و لەکۆی ئەو بەڵگانە حوکمە شەرعییەکان وەربگرین و دارشتنەوەیان بۆ بکەین، نەك تەنها لە روانگەی فەرموودەیەکەوە و بە پێی تێگەیشتنی خۆمان چۆن بمانەوێت ئاوا راڤەی بکەین.

بۆ نموونە حوکمی شایەتی ئافرەت کە فەرموودەکە ئاماژەی پێدەکات کە شایەتی دوو ئافرەت بە پیاوێك دەچێت، هەموو کەس دەزانێت کە ئەو حوکمە ڕەها نییە و لەگشت کایە شەرعییەکاندا شایەتی ئافرەت بەم شێوەیە نییە؛ بەڵکو بەپێی بواری شایەتێکە و بابەتەکەی حوکمی شایەتێکە دەگۆڕێت بۆ نموونە:

- لە هەندێك کار ومامەڵەی تایبەت ولاوەکی وبەرتەسکدا، بەتایبەتی ئەو بوارانەی کە دوورن لەئەرك وتایبەتمەندی ئافرەتەوە وەکو: بواری بازرگانی کە ئافرەت زۆر خەمی پێوە هەڵناگرێت ودەکرێت زوویش لەبیری بچێتەوە شایەتی دوو ئافرەت بە پیاوێك وەرگیراوە.

- لە هەندێك بواری تردا وەك لە گێرانەوەی فەرموودە کە نیوەی دینە ڕیوایەتی ئافرەت وەکو پیاو تەماشا کراوە وهیچ جیاوازی لەنێوانیاندا نەکراوە.

- لە هەندێك بواری دیکەدا کە تایبەتن بە ئافرەتانەوە شایەتی ئافرەت لە شایەتی پیاو بەهێزتر سەیر کراوە و وەرگیراوە، وەکو: مەسەلەی شیر پیدان، کچێنی ئافرەت، عیددە، نەسەب و کۆمەڵێ مەسەلەی هەستیاری دیکە.

پێشەوا بوخاری دەربارەی شایەتیدانی ئافرەت لەم جۆرە بوارانەدا فەرموودەیەکمان لە عوقبەی کوڕی حاریسەوە بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: تَزَوَّجْتُ امْرَأَةً، فَجَاءَتْنَا امْرَأَةٌ سَوْدَاءُ فَقَالَتْ أَرْضَعْتُكُمَا. فَأَتَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ فَقُلْتُ: تَزَوَّجْتُ فُلاَنَةَ بِنْتَ فُلاَنٍ فَجَاءَتْنَا امْرَأَةٌ سَوْدَاءُ فَقَالَتْ لِي إِنِّي قَدْ أَرْضَعْتُكُمَا. وَهْيَ كَاذِبَةٌ فَأَعْرَضَ، فَأَتَيْتُهُ مِنْ قِبَلِ وَجْهِهِ، قُلْتُ إِنَّهَا كَاذِبَةٌ، قَالَ: {كَيْفَ بِهَا وَقَدْ زَعَمَتْ أَنَّهَا قَدْ أَرْضَعَتْكُمَا، دَعْهَا عَنْكَ}[1]. واتە: لەگەڵ ئافرەتێکدا هاوسەرگیریم کرد و ئافرەتێکی ڕەشمان لێ پەیدا بوو گوتی: من شیرم بەهەردووکتان داوە و ئێوە پێك ناشێن و دەبێت

---

١ - البخاري، مصدر سابق، ج٢، كتاب (٥٦) الشهادات، باب (١٤) شهادة المرضعة، الحديث (٢٥١٧)، ص٩٤١. النسائي، سنن النسائي، ج٦، كتاب (٢٦) النكاح، باب (٥٧) الشهادة في الرضاع، الحديث (٣٣٣٠)، ص١٠٩.

هاوسەرگیرییەکەتان هەڵبوەشێننەوە، منیش چوومە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و عەرزم کرد کە من فلآنی کچی فلآنم هێناوە وئێستا ئافرەتێکی ڕەشمان لێ پەیدا بووە و دەڵێت من شیرم بەهەردوکتان داوە و من دەشزانم کە ئەو ئافرەتە درۆ دەکات. عوقبە دەڵێت: کە قسەکانم عەرز کرد پێغەمبەر ﷺ پشتی تێکردم، دواتر چوومە بەردەمی و عەرزم کرد ئەو ژنە درۆ دەکات. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: چۆن دەبێت لە گەڵی بمێنیتەوە لە کاتێکدا ئەو دەڵێت شیرم پێ داون، لێی جیا بەرەوە.

ئێ ئەمە هەر ئەو پێغەمبەرەیە ﷺ کە فەرموودەی پێشووی فەرمووە و ئەوەتا خۆی بە شایەتی ئافرەتێك کە هەر نەیبینیوە و نایناسێت شایەتی ئەو پیاوە کە هاوەڵی خۆیشێتی ڕەت دەکاتەوە و گرێبەستەکەی پێ هەڵدەوەشێنێتەوە.

بۆیە ئەم حوکمەی ناو فەرموودەکە زۆر ڕێژەییە وەرها نییە و بەو شێوەیە نییە کە ناحەزان وێنای دەکەن کە ئەمە پەیوەندی بە تێڕوانینی ئیسلامەوە هەیە بۆ کەسایەتی ئافرەت؛ خۆ ئەگەر بابەتەکە بەو شێوەیە بوایە کەئەوان وێنای دەکەن ئەو کات دەبوو لە سەرجەم کایە شەرعییەکاندا شایەتی ئافرەت هەر بەو شێوەیە بوایە کە لە فەرموودەکەدا ئاماژەی پێ کراوە؛ بەڵام وەکو گوتمان ئەوە ڕاست نییە و بابەتەکە پەیوەندی بەبواری تایبەتمەندی کەسەکانەوە هەیە نەك ڕەگەز و کەسایەتییان.

**یازدەیەم:** ئافرەت هیچ بەرپرسیارێتیەکی شەرعی ئەو کەم وکورتییانە ناگرێتە ئەستۆ کە لەفەرموودەکەدا باس کراون؛ چونکە شایەتی ئافرەت یان پەرستشی هەرچەند و هەرچۆن بێت پەروەردگار وای دیاری کردووە وپابەند بوونی کەسەکان بە حوکمە شەرعییەکانەوە بەو شێوازەی شەرع بۆی دیاری کردون لە کاتە جیاوازەکاندا، هیچ کات جێگەی ڕەخنەگرتن و نەنگی نییە بۆ خاوەنەکانیان، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێغەمبەری خودا ﷺ لەوبارەیەوە دەفەرموێت: {إِنَّ الله تعالى يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى رُخَصُهُ كَمَا يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى عَزَائِمُهُ}[1]. واتە: خوای گەورە چەندی پێخۆشە کە فەرمانەکانی وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت لە کاتە ئاساییەکاندا، ئەوەندەیشی پێ خۆشە کە مۆڵەت و ئاسانکارییەکانی جێبەجێ بکرێت لە کاتە نائاساییەکاندا؛ بۆیە کاتێك نەخۆشێك لەبەر نەخۆشیی ڕۆژووی

---

١ - إبن حبان، صحيح إبن حبان، ج٢، الحديث (٣٥٤)، ص٦٩، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح.

ڕەمەزانی پێ ناگیرێت، یان کەسێکی گەشتیار کە نوێژەکانی کورت دەکاتەوە، یان ئافرەتێك لە سووڕی مانگانەدا کە واز لە نوێژ و رۆژوو دەهێنێت، ئەمانە هەمووی ویست و ڕەزامەندی خوای گەورەیان لەسەرە و بەپێی فەرمانی ئەون ئیتر چۆن دەبنە مایەی کەمی یان سووکی بۆ خاوەنەکانیان وچۆن پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمە وەك بێ دینی بۆ ئەوان ئەژمار دەکات ولەسەر ئەوە ڕەخنەیان لێ دەگرێت و سەرکۆنەیان دەکات؟! خۆ ئەگەر ئەم قسەیە وابێت، ئەو کات دەبێت هەموو ئەو کەسانەی کە سوود لە ئاسانکارییە شەرعییەکان وەردەگرن لە کاتە نائاسییەکاندا بەسووك سەیر بکرێن و ڕەخنەیان لێ بگیرێت، ئەمەیش پێچەوانەی دەقە شەرعییەکان و مەبەستەکانی شارعە، هەر بۆیە ئەو جۆرە ڕاڤەکردن و تێنەگەیشتنە دوورە لە مەبەست و واتای ڕاستەقینەی دەقەکە.

**دوازدەیەم:** فەرموودەکە نەیفەرمووە زۆربەی خەڵکی دۆزەخ ئافرەتن لەبەر ئەوەی کە لەڕەگەزی مێیینەن بەڵکو لەبەر ئەو خوە خراپانەیە کە ئاماژەی پێکردوە، خۆ ئەگەر ئەو خوانە لەپیاویشدا هەبن هەر هەمان چارەنووسی دەبێت.

**سیازدەیەم:** لە کۆتاییدا پێویستە ئێمە ئەو ڕاستییە لە یاد نەکەین کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێزی تەواوی لە هەموو پێکهاتەکانی ئەم بونەوەرە و تایبەتمەندییەکانیان گرتووە و پاراستووە وهەریەکە ئەرك ورۆڵێکی پێ سپێردراوە کە لەگەڵ بونیاتی جەستەی و دەروونی ئەو بونەوەرەدا گونجاو بێت. نەنگی و سووکی لەوەدایە کە مرۆڤ ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ نەکات و ڕێز لە تایبەتمەندییەکانی خۆی و بەرامبەرەکەی نەگرێت نەك بە پێچەوانەوە.

## فەرموودەی سێیەم

لَمَّا قَدِمَ مُعَاذٌ مِنْ الشَّامِ سَجَدَ لِلنَّبِيِّ ﷺ قَالَ: {مَا هَذَا يَا مُعَاذُ؟} قَالَ: أَتَيْتُ الشَّامَ فَوَافَقْتُهُمْ يَسْجُدُونَ لِأَسَاقِفَتِهِمْ وَبَطَارِقَتِهِمْ، فَوَدِدْتُ فِي نَفْسِي أَنْ نَفْعَلَ ذَلِكَ بِكَ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: {فَلَا تَفْعَلُوا؛ فَإِنِّي لَوْ كُنْتُ آمِرًا أَحَدًا أَنْ يَسْجُدَ لِغَيْرِ اللَّهِ لَأَمَرْتُ الْمَرْأَةَ أَنْ تَسْجُدَ لِزَوْجِهَا} [(١)].

ئەم فەرموودەیە یەکێکی ترە لەو فەرمووودانەی کە ناحەزان زۆر سەرپێیی ڕاڤەی دەکەن و زۆرکات دەیکەنە بەڵگە بۆ پشتیوانی کردنی بۆچوونە لەرزۆك و ژەهراوییەکانیان و گومان لەسەر ناوەڕۆك و مەبەستی فەرمووودەکە دروست دەکەن؛ بۆیە ئێمە لێرەدا ولە پێناو خستنە ڕووی ڕاستییەکان وەکو خۆی و ڕەواندنەوەی ئەو جۆرە ئاڵۆزی و گومانانە ئەم چەند خاڵە لە سەر فەرمووودەکە دەخەینە ڕوو و سەرەتا لە ڕاڤەی فەرمووودەکەوە دەست پێ دەکەین:

**یەکەم:** کاتێك موعازی کوڕی جەبەل لە شام گەڕایەوە کڕنووشی بۆ پێغەمبەر ﷺ برد، پێغەمبەر ﷺ کە ئەم کارەی لە موعاز بینی پێی سەیر بوو فەرمووی: ئەمە چییە ئەی موعاز؟. موعاز لەوەڵامدا گوتی: چووم بۆ شام دەمبینی ئەوان ـ ئەهلی شام ـ کڕنووشیان بۆ پیاوە ئاینییەکانیان دەبرد، منیش پێم خۆش بوو کڕنووشت بۆ ببەین و بەم شێوەیە ڕێزت لێ بگرین. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: کاری وامەکەن؛ چونکە گەر بگونجایە و دروست بوایە فەرمان بە کەسێك بکەم کڕنووش بۆ کەسێکی تر ببات، ئەوا فەرمانم بە ئافرەت دەکرد کڕنووش بۆ هاوسەرەکەی ببات.

**دووەم:** ئەم فەرمووودەیە لە ڕووی ڕێگەکانی گێڕانەوەیەوە بە کۆمەڵێك ڕێگە هاتووە کە جیاوازن لە یەکتر و هەر یەکەیان هۆکاری هاتنی فەرمووودەکە بۆ شتێك دەگێڕێتەوە کە جیاوازە لەوی تر ودەکرێت فەرمووودەکە لە چەند بۆنەیەکدا گوترابێت و باس کرابێت.

---

١- إبن ماجة (محمد بن يزيد)، ج١، كتاب (٩) النكاح، باب (٤) حق الزوج على المرأة، دار الفكر، بيروت، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، الحديث (١٨٥٣)، ص٥٩٥. البيهقي، سنن البيهقي الكبرى، ج٧، كتاب (٥٢) القسم والنشوز، باب (٢) ما جاءفي بيان حقه عليها، الحديث (١٤٤٨٨)، ص٢٩٢. إبن حبان، صحيح إبن حبان، ج٩، الحديث (٤١٧١)، ص٤٧٩، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده حسن.

هەندێك لەوانە هۆکاری فەرموودەکە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە لە سەرەوە باسمان کرد، کە گوایە کاتێك موعاز لە شام گەڕاوەتەوە کڕنووشی بۆ پێغەمبەر ﷺ بردووە و پێغەمبەریش ﷺ ئەم فەرموودەیەی فەرمووە.

هەندێکی تر بۆ ئەوەی دەگێڕنەوە کە گوایە ڕۆژێکیان پێغەمبەری خودا ﷺ لە ناو کۆمەڵێك لە هاوەڵەکانیدا بووە و وشترێك هاتووە کڕنووشی بۆ بردووە، هاوەڵەکانی کە ئەوەیان بینیوە گوتویانە: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەگەر ئاژەڵ و رووەك کڕنووشت بۆ ببەن؟! ئەی ئێمە لەوان لە پێشتر نین کە کڕنووشت بۆ ببەین؟!، ئەویش لە وەڵامدا ئەو فەرموودەیەی فەرمووە[(١)].

هەندێکی تر بۆ ئەوەی دەگێڕنەوە کە گوایە ئافرەتێك هاتووەتە لای پێغەمبەری خودا ﷺو لێی پرسیوە: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ فلان کەسی ئامۆزام هاتۆتە داوام، جا حەز دەکەم بزانم مافی پیاو بەسەر خێزانەکەیەوە چییە؟ ئەگەر زانیم دەتوانم جێبەجێی بکەم شووی پێ دەکەم، ئەگەریش بزانم ناتوانم جێبەجێی بکەم شوو ناکەم، پێغەمبەریش ﷺ لە وەڵامدا وای فەرمووە[(٢)].

هەندێکی دیکە بۆ ئەوەی دەگێڕنەوە: کە گوایە هاوەڵێکی پێغەمبەر ﷺ وشتری دەبێت و وشترەکەی لە ناو باخێکدا بەرەڵا دەکات، جا بە هۆی ئەوەی کە وشترەکە لەوەڕ و جێگەکەی باش دەبێت هار دەبێت و ئیتر کەس ناتوانێت نزیکی بکەوێت و ناتوانن بەکاری بهێنن، هەتا بە پێغەمبەری خودا ﷺ دەڵێن: پێغەمبەری خودایش ﷺ لەگەڵیان دەچێتە باخەکەوە و وشترەکە کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەبینێت دێت بەرەو رووی و کڕنووشی بۆ دەبات، هاوەڵەکانیش کە ئەمە دەبینن دەڵێن: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەگەر ئەو بێزمانە کڕنووشت بۆ بەرێت ئێمە لە پێشترین بەوەی کە کڕنووشت بۆ ببەین، پێغەمبەریش ﷺ لە وەڵامدا ئەم فەرموودەیە دەفەرموێت[(٣)].

ئەمانە و چەندین هۆکاری تر دەربارەی هاتنی فەرموودەکە باس کراون.

---

١ - الهيثمي، مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، ج٨، الحديث (١٤١٦٣)، إسناده حسن، ص٢٨٧.

٢ - البيهقي، سنن البيهقي الكبرى، ج٧، كتاب (٤٦) النكاح، باب (٦٥) من تخلى لعبادة الله إذا لم تتق نفسه إلى النكاح، الحديث (١٣٢٦٣)، ص٨٤.

٣ - الإمام أحمد، المسند، ج٢٠، الحديث (١٢٦١٤)، ص٦٤.

**سێیەم:** بەدەر لە هۆکارەکان دەقی فەرموودەکە خۆی دروستە و لە چەندین ڕێگەوە هاتووە و ڕێگەکانی یەکتر پشتڕاست دەکەنەوە.

**چوارەم:** پێغەمبەری خودا ﷺ لە فەرموودەکەدا بەهیچ شێویەك نە فەرمانی کردوە ونەرێگەیشی داوە کەژن کڕنووش بۆ هاوسەرەکەی ببات؛ چونکە کڕنووش بردن بۆ غەیری خوای گەورە بەهەر پاساوێك ولەژێر هەر ناونیشانێکدا بێت مرۆڤ لە بازنەی باوەڕ وئیسلام دەباتە دەرەوە وئیسلامیش بۆ ئەوە هاتووە تا مرۆڤەکان لە کۆتی کۆیلایەتی و بەندایەتی یەکتر ڕزگار بکات وهەموو خەڵکی بەرەو بەندایەتی ڕاستەقینە ویەکتا پەرستی ببات، جا چۆن دەگونجێت ئێستا بێت ڕەگەزێك بکاتە کۆیلەی ڕەگەزەکەی تر و بە کۆیلە بینرخێنێ، ئەمە زۆر دوورە لە ڕاستی و لە بنەماکانی ئاایینی پیرۆزی ئیسلامەوە؛ بۆیە ئەگەر بە وردی سەرنجی فەرموودەکە بدەین دەبینین پێغەمبەری خودا ﷺ پیتی (لو) بەکار دەهێنێت کە لە زمانی عەرەبیدا ئامێری مەرج دانانە وپێی دەگوترێت (حرف إمتناع لإمتناع) واتە: (لو) لە هەر ڕستەیەکدا بێت وەڵامی مەرجەکە (جواب الشرط) مەحاڵە وڕێگە پێدراو نییە لەبەر ئەوەی کاری مەرجەکە (فعل الشرط) خۆی لەخۆیدا مەحاڵە وڕێگە پێدراو نییە.

بۆ نموونە پێشەوا عەلی کوڕی طالیب گوتویەتی: (لو كان الفقر رجلا لقتلته). واتە: ئەگەر هەژاری مرۆڤێك بوایە دەمکوشت ولەناوم دەبرد وخەڵکیم لەدەستی ڕزگار دەکرد؛ بەڵام ئەمە هەرگیز نایەتەدی چونکە هەژاری مرۆڤ نییە تا بگونجێت بکوژرێت ولەناو ببرێت.

لێرەیشدا پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: {لَوْ كُنْتُ آمِرًا أَحَدًا أَنْ يَسْجُدَ لِغَيْرِ اللَّهِ}. واتە: ئەگەر دروست بوایە فەرمانی لەو جۆرە بکەم؛ بەڵام بەهۆی ئەوەی کە فەرمانی لەو جۆرە دروست نییە وڕێگە پێدراو نییە تەنانەت بۆ پێغەمبەریش ﷺ ئەوا فەرمان بەکاری واناکەم وڕێگەی پێ نادەم.

**پێنجەم:** ئیسلام ئاینی سیستەم ویاسا وڕێکخستنە وهەرگیز شپرزەیی و پشێوی وبێ سەروبەری قبوڵ ناکات، یەکەم قوتابخانەیش کەپێویستە تاکەکان لێوەی فێری یاسا وڕێز ببن قوتابخانەی خێزانە کە خشتی بناغەکەی لە دوو هاوسەر پێك دێت وپێکەوە بڕیاری

پێکهێنانی ژیانێکی هاوبەش دەدەن وپێکیشەوە ئەرك وماف و بەرپرسیارێتییەکانی دەگرنە ئەستۆ، هەر لەو سۆنگەیەوەیە ئیسلام گرنگییەکی زۆری بەخانەی خێزان داوە وئەرك ومافەکانی نێوان هاوسەرەکان وتەنانەت نەوەکانیشیانی بەشێوەیەکی شیاو وگونجاو لەگەڵ پێکهاتە جەستەی ودەروونیەکەی هەر یەکەیان دیاری کردوە تا ڕێگر بێت لەهەر بشێوی وسەرکێشیەك کەئارامی خێزان بشێوێنێت وپەیوەندی وپەروەردەی تاکەکانی تێك بدات وئاڵۆز بکات.

دیارە هاوسەرەکانیش بۆ جێبەجێکردنی ئەرك وبەرپرسیارێتییەکانی سەرشانیان پێویستیان بە دەستبار وهاوکاری یەکتر هەیە لەگشت ڕویەکەوە، بەتایبەتی پیاو کە پشکی شێری لەو ئەرك وبەرپرسیارێتییە دەکەوێتە ئەستۆ.

ئەم بنەمایەیش نەك تەنها لەچوارچێوەی خێزاندا- کەگرنگترین خشتی بناغەی بونیادی کۆمەڵگەیە- بوونی هەیە وپێویستە بەڵکو بۆ هەموو یەکەیەکی بەڕێوەبردن هەر وایە، ئەوەتا ئێمە لەهەر فەرمانگەیەکی دونیا بەڕێوبەرێکمان هەیە کە دەبێت سەرجەم کارمەندەکان ڕێز لەبریارەکانی بگرن وگوێڕایەڵی بکەن، ئەمەیش پەیوەستە بە پۆستی کەسی بەڕێوبەر نەك خودی خۆی یان ڕەگەزەکەی پیاویش لەپرۆسەی خێزاندا ڕۆڵی ئەو بەڕێوەبەرەی هەیە.

جا مەبەستی سەرەکی فەرموودەکە ئاراستەکردنی ئافرەتانە بۆ ئەوەی هاوکار ویاریدەدەرێکی باش بن بۆ پیاوەکانیان تا پێکەوە خێزانێکی تەندروست وتەبا وتۆکمە پێك بهێنن وخۆیان ونەوەکانیان لەسەر بنەمای ڕێز وخۆشەویستی پەروەردە بکەن .

ئەم خاڵەیش خاڵێکی ڕێژەییە و رەها نییە ووەك گوتمان پەیوەستە بە رۆڵی ئەندامەکان لە چوارچێوەی خێزاندا، نەك بە رەگەزەکانیانەوە کە نێرن، یان مێ .

بەڵگەی ڕاستی ئەم بۆچونەیش ئەوەیە کە ئیسلام ئەم ئاراستەیەی تەنها بۆ ئەو کاتانەیە کەباس لەڕۆڵ وپەیوەندی ئافرەت دەکات لەگەڵ پیاودا وەکو هاوسەر، بەڵام هەر هەمان ئافرەت کاتێك وەك دایك قسەی لەسەر دەکات لە چوارچێوەی هەمان خێزاندا ئاراستەکە پێچەوانە دەکاتەوە و ڕێزی زیاتر بە ئافرەتەکە دەدات. هەر بۆیە پێغەمبەری

خودا ﷺ زۆر لێزانانە وشە و دەستەواژەکانی بەکار هێناوە کە دەفەرموێت: ژن بەرامبەر بە هاوسەر و مێردەکەی ونافەرموێت مێینە بەرامبەر بە نێرینە.

لە چەندین فەرموودەدا پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم جیاوازییەی زۆر راشکاوانە روونکردۆتەوە، بۆ نموونە دایکی باوەڕداران عائیشە دەفەرموێت: (سَأَلْت النَّبِيّ ﷺ: أَيّ النَّاس أَعْظَم حَقًّا عَلَى الْمَرْأَة؟ قَالَ: {زَوْجهَا} قُلْت: فَأَيّ النَّاس أَعْظَم حَقًّا عَلَى الرَّجُل؟ قَالَ: {أُمّه}..)[١]. واتە: لە پێغەمبەری خودام ﷺ پرسی کێ زۆر مافی لەسەر ئافرەت هەیە؟ فەرمووی: هاوسەرەکەی. وتم: ئەی کێ زۆر مافی بەسەر پیاوەوە هەیە؟ فەرمووی: دایکی.

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو لەبەراوردکرنی دایك بە باوك کە هەر پیاوە ورەگەزی نێرە ورۆڵی بەرچاویشی هەبووە لەبەخێو کردن وپەروەردەکردنی منداڵەکانیدا، ئیسلام سێ هێندەی باوك ڕێزی لە دایك ناوە ورۆڵی بەرز نرخاندوە، ئەوەتا ئەبو هورەیرە بۆمان دەگێرێتەوە ودەڵێت: (جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَنْ أَحَقُّ النَّاسِ بِحُسْنِ صَحَابَتِي؟. قَالَ: {أُمُّكَ}. قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟. قَالَ: {ثُمَّ أُمُّكَ}. قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟. قَالَ: {ثُمَّ أُمُّكَ}. قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟. قَالَ: {ثُمَّ أَبُوكَ}...)[٢]. واتە: پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ وگوتی: کێ لەهەموو کەس لەپێشترە کە من چاکەی لەگەڵ بکەم وباش بم لەگەڵی؟. فەرمووی: دایکت. گوتی: پاش ئەو؟. فەرمووی: پاش ئەو دایکت. گوتی پاش ئەو؟. فەرمووی: پاش ئەو دایکت. گوتی پاش ئەو؟. فەرمووی: پاش ئەو باوکت .

جا بۆیە ئەم جۆرە هەڵوێست و فەرمودانە لە ئیسلامدا پەیوەندی بە رەگەزی تاکەکانەوە نییە؛ بەڵکو پەیوەندی بە ڕۆڵ و ئەرکەکانیانەوە هەیە، کێ لەهەر بوارێکدا ئەرك و ڕۆڵی زیاتر و گرانترە ماف و ڕێزیشی زیاترە.

**شەشەم:** مانای کڕنووش بردن لە فەرموودەکەدا مانایەکی خوازراوە (مجاز)یە نەك ڕاستەقینە (حقيقة) ومەبەست لێی ئەنجامدانی کاری پەرستش نییە بەرامبەر بە پیاو؛ بەڵکو ئاماژەیە بەوەی کە پیاو مافی زۆری بەسەر خێزانەکەیەوە هەیە وپێویستە خێزانەکەی ئەو مافە لەیاد نەکات. هاوشێوەی ئەم حوکم و فەرموودەیە بە روونی لە

---

١- النسائي، سنن النسائي الكبرى، ج٥، كتاب (٧٩) عشرة النساء، باب (٦٣) حق الرجل على المرأة، الحديث (٩١٤٨)، ص٣٦٣. الهيثمي، مجمع الزوائد، ج٤، الحديث (٧٦٤٥)، ص٣٥٧.

٢- البخاري، صحيح البخاري، ج٨، ص٢. مسلم، صحيح مسلم، ج٤، ص ١٩٧٤.

قورئاندا و لە سورەتی یوسوفدا دەبینین کاتێك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ وَخَرُوا لَهُ سُجَّداً وَقَالَ يَا أَبَتِ هَذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِنْ قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقّاً﴾[1]. واتە: کاتێك باوك و زڕدایك و براکانی یوسف چوون بۆ لای یوسف بۆ میسر، باوك و زڕدایکەکەی لە سەر کورسییەکە و لە جێگەی خۆی دانا، ئەوانیش کڕنووشیان بۆ یوسف برد و پاشان یوسف گوتی: باوکە گیان ئەمە شرۆڤەی ئەو خەوە بوو کە کاتی خۆی بینیم و بۆم گێڕایەوە، ئێستا خوای گەورە ئەو خەوەی کردە واقیع و ڕاستی.

جا کڕنووش بردنی یەعقوب و کوڕەکانی بۆ یوسف هەرگیز ئەوەی لێ ناخوێنرێتەوە کە ئەمان کڕنووشی بەندایەتیان بۆ یوسف بردبێت، بەڵکو ئەمە وەکو ڕێزگرتنێك بوو لە یوسف وله ئایینی ئەوانیشدا ئەم جۆرە کڕنووشبردنە بۆ ڕێزلێنان دروست بووە.

هەر بۆیە ئەو کڕنووشەیش کە پێغەمبەری خودا ﷺ لە فەرموودەکەدا باسی دەکات مەبەست پێی ڕێز و پێزانینە و هیچی تر و پێویستە ئێمە جیاوازی بکەین لەنێوان بەهای ڕێزگرتن لەگەڵ بەکەم سەیرکردن وبەکۆیلە کردن.

**حەوتەم:** دیاریکردنی ئەم ئەرك و مافانە بەو شێوەیەی کە لە ئیسلامدا باسیان لێوە کراوە تەنها پەیوەندییان بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی دونیاوە هەیە و مەرج نییە لای خوای گەورە، یان بۆ قیامەت هەر وابێت، لەوانەیە ئەو پیاوەی کە دەڵێین مافی لە سەر ژنەکەی زیاترە، لای خوا ژنەکەی سەد ئەوەندەی پیاوەکەی بەڕێز و ئازیزتر بێت، ئەوەیش سەنگی مەحەکە و ڕێز و بەرزیی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لەلای پەروەردگار بێت وبۆ ئەو ژیانە نەبڕاوەیە بێت نەك بۆ دونیا.

---

١ - سورة يوسف: الآية: ١٠٠.

## فەرموودەی چوارەم

{يَقْطَعُ الصَّلَاةَ الْمَرْأَةُ، وَالْحِمَارُ، وَالْكَلْبُ، وَيَقِي ذَلِكَ مِثْلُ مُؤْخِرَةِ الرَّحْلِ}[١].

ئەمە یەکێکی دیکەیە لەو فەرموودانەی کە قسەی زۆری لەسەرە و راڤەی جیاوازی بۆ دەکرێت و زۆر کات ناحەزان ڕەخنەی لێ دەگرن و زۆر سەرپێیێ ڕاڤەی دەکەن؛ بۆیە پێم خۆشە هەڵوێستەی لەسەر بکەین و چەمك و واتاکانی ڕوون بکەینەوە و وەڵامی ئەو ڕەخنەو گومانانە بدەینەوە کە ناحەزان لەسەری دروست دەکەن و سەرەتا لە ڕاڤەی فەرموودەکەوە دەست پێ دەکەین:

**یەکەم:** واتای فەرموودەکە ئەوەیە کە: ژن و گوێدرێژ و سەگ نوێژ دەبڕن و بەتاڵی دەکەنەوە و بۆ خۆپاراستن لەوە با نوێژخوێن شتێك لە بەردەمیدا دابنێت کە بەرزییەکەی هێندەی ئەوە ببێت کە بە کۆتایی کورتانی سەرپشتی وشترەوەیە -دیارە مەبەستی پێغەمبەر ﷺ دانانی سوترەیە لە کاتی نوێژکردندا-.

**دووەم:** هەر وەك لە پێشەکی ئەم بەشەدا ئاماژەمان پێدا پێویستە بەر لە بڕیاردان لەسەر هەر فەرموودەیەك تەواو لەواتاکەی تێبگەین و سەرجەم ئەو فەرموودانەی پەیوەستن بەو بابەتەوە بیانهێنین و پێکەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین و ئەوجا بڕیاریان لەبارەوە بدەین؛ چونکە هەندێك فەرموودە هەیە لە ڕووی گێڕانەوەوە (سند) و ئەو کەسانەی گێڕاویانەوتەوە دروستە و هیچ کێشەی نییە؛ بەڵام لە ڕووی واتاوە کێشەی هەیە ولەوانەیە ئەو کەسەی کە فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە وەکو پێویست لێی تێنەگەیشتبێت، یان بۆی لەبەر نەکرابێت، یان حوکمی ئەو فەرموودەیەی ئەو بیستویەتی هەڵوەشێنرابێتەوە وئەو پێی نەزانیبێت، یان کە گێڕاویەتییەوە بەشێوەیەك گێڕاویەتییەوە هەڵەی تێ کەوتووە و دژ وەستاوەتەوە لەگەڵ هەندێك فەرموودەی تردا، هەموو ئەم ئەگەرانە ڕێیان تێ دەچێت.

هەر بۆیە زانایانی شاەزای ئەو بوارە گرنگییەکی تەواویان بەم لایەنەی فەرموودە داوە و لەژێر ناوی (علم دراية الحديث) قسەی زۆریان لەسەر کردووە.

---

١ - مسلم، صحيح مسلم، ج٢، كتاب (٥) الصلاة، باب (٥٠) قدر ما يستر المصلي، الحديث (١١٦٧)، ص٥٩. الإمام أحمد، المسند، ج٣٤، الحديث (٢٠٥٧٢)، ص١٨٢.

یەکەم کەس کە لەسەر ئەم بابەتە نوسیوویەتی پیاوێك بووە بە ناوی (أبو منصور) (عبد المحسن بن محمد بن على البغدادی) (٤١١-٤٨٩هـ)، کە پەڕتووکێکی نوسیووە تێیدا (٢٥) فەرموودەی هێناوە کە دایکی باوەڕداران خاتوو عائیشە قسەی لەسەر کردوون و ڕەتی کردوونەتەوە، یان ڕاستی کردوونەتەوە.

پاش ئەم پیاوێکی تر هاتووە بە ناوی (أبو عبد الله) (بدر الدين الزركشی) (٧٤٥-٧٩٤هـ) و لەسەر هەمان بوار پەڕتووکێکی نووسیوە لەژێر ناوی (الإجابة لإيراد ما استدركته عائشة على الصحابة) کە بە شێوەیەکی فراوانتر قسەی لەسەر ئەو جۆرە فەرمودانە کردووە.

پاش ئەوانیش پێشەوا (سیوطی) هاتووە و ئەو فەرموودانەی کە دایکی باوەڕداران خاتوو عائیشە قسەی لەسەر کردووە کۆی کردۆتەوە لە پەڕتوکێکدا و ناوی ناوە بە (عين الإجابة في استدراك عائشة على الصحابة).

دیارە بابەتی ئەم پەڕتووکانەش کۆمەڵێك فەرموودەن کە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ گێڕاویانەتەوە، بەڵام کە خاتوو عائیشە بیستونی ڕەتی کردونەتەوە، یان ڕەخنەی لێ گرتوون و ڕاستی کردونەتەوە.

بۆ نموونە کاتێك بیستویەتی کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر فەرموودەیەك لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ باس دەکات کە گوایە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمویەتی: {إِنَّ الْمَيِّتَ لَيُعَذَّبُ بِبُكَاءِ أَهْلِهِ عَلَيْهِ}. واتە: مردوو بەهۆی گریانی کەس و کارەکەیەوە سزا دەدرێت ڕەخنەی لێ گرتووە و ڕاستی کردۆتەوە و وگوتویەتی نەخێر پێغەمبەری خودا ﷺ وای نەفەرمووە بەڵکو فەرموویەتی: {وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّهُمْ لَيَبْكُونَ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَيُعَذَّبُ فِي قَبْرِهِ بِذَنْبِهِ}[(١)]. واتە: بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەو مردووە ئێستا سزا دەدرێت بەهۆی تاوان و سەرپێچیەکانییەوە و کەس و کارەکەیشی بۆی دەگرین.

فەرموودەکەیش بەو واتایەی کە خاتوو عائیشە دەیگێڕێتەوە دروستترە و گونجاوترە لەگەڵ کۆی بەڵگە و دەقە شەرعییەکاندا؛ چونکە لە شەرعی خوادا کەس بە تاوانی کەس

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج٤، كتاب (٦٧) المغازي، باب (٧) قتل أبي جهل، الحديث (٣٧٥٩)، ص١٤٦٢. مسلم، صحيح مسلم، ج٣، كتاب (١٢) الجنائز، باب (٩) الميت يعذب ببكاء أهله عليه، الحديث (٢١٩٧)، ص٤٤.

سزا نادرێت، تاوانی مردوو نییە کە کەس و کارەکەی شین و گریان، یان هەر کارێکی ناشەرعی تری بۆ دەکەن، بەمەرجێك خۆی وەسیەتی نەکردبێت.

**سێیەم:** ئەم فەرموودەیە باس لەوە دەکات کە ڕۆیشتنی ئافرەت بەبەردەم نوێژدا نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە وئەمەیش یەکێکە لەو فەرموودانەی کە لەگەڵ چەندین فەرموودەی دروستی تردا لەسەر هەمان بابەت دژ دەوەستێتەوە و خاتوو عائیشەی دایکی باوەڕداران کاتێك بیستویەتی زۆری پێ ناخۆش بووە و قسەی لەسەر کردووە و ڕوونکردنەوەی لەسەر داوە، تەنانەت گلەیی کردووە لەو کەسانەی کە گێڕاویانەتەوە و گوتویەتی: {شَبَّهْتُمُونَا بالْحُمُر وَالْكِلاَب، وَاللهِ لَقَدْ رَأَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ يُصَلِّي وَإِنِّي عَلَى السَرِيرِ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْقِبْلَةِ مُضْطَجِعَةً، فَتَبْدو لِي الْحَاجَةُ، فَأَكْرَهُ أَنْ أَجْلِسَ فأُوذِيَ النَّبِيَّ ﷺ، فَأَنْسَلُّ مِنْ عِنْد رِجْلَيْهِ}[١]. واتە: ئێمەتان بە گوێدرێژ و سەگ چواندووە، وەڵاهی پێغەمبەری خوام ﷺ بینیوە نوێژی کردووە و منیش لەسەر جێگەکەی خۆم بووم و لە نێوان ئەو و قیبلەدا ڕاکشاوم، ئەگەر پێویستم بە شتێك بوایە پێم ناخۆش بوو هەستم و پێغەمبەری خوا ﷺ ئازار بدەم، بۆیە لە لای قاچەکانییەوە خۆم دەکێشایەوە و لە جێگەکەم دەهاتمە دەرەوە.

لە فەرموودەیەکی تردا گوتویەتی: {كُنْتُ أَنَامُ بَيْنَ يَدَىْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَرِجْلاَىَ فِى قِبْلَتِهِ، فَإِذَا سَجَدَ غَمَزَنِى فَقَبَضْتُ رِجْلَىَّ، فَإِذَا قَامَ بَسَطْتُهُمَا، قَالَتْ: وَالْبُيُوتُ يَوْمَئِذٍ لَيْسَ فِيهَا مَصَابِيحُ}[٢]. واتە: لەبەردەم پێغەمبەری خوادا ﷺ دەنوستم -دیارە مەبەستی لەو کاتانەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ شەونوێژی تێدا دەکرد- قاچەکانم دەکەوتە بەردەم قیبلەکەی، ئەگەر بیویستایە کڕنووش ببات دەستێکی دەدا لە قاچمەوە و ئاگاداری دەکردمەوە و قاچەکانم هەڵدەکێشا و کە هەڵدەستایەوە قاچەکانم درێژ دەکردەوە، ماڵەکانیش ئەو کات چرایان تێدانەبوو - تا پێغەمبەری خوا ﷺ قاچەکانی ببینێت.-

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج١، كتاب (١٢) أبواب سترة المصلي، باب (١٥) من قال لا يقطع الصلاة شيء، الحديث (٤٩٢)، ص١٩٢. مسلم، صحيح مسلم، ج٢، كتاب (٥) الصلاة،باب (٥١) الإعتراض بين يدي المصلي، الحديث (١١٧١)، ص٦٠.

٢ - البخاري، صحيح البخاري، ج١، كتاب (١٢) أبواب سترة المصلي، باب (١٤) التطوع خلف المرأة، الحديث (٣٧٥)، ص١٩٢. مسلم، صحيح مسلم، ج٢، كتاب (٥) الصلاة، باب (٥١) الإعتراض بين يدي المصلي، الحديث (١١٧٣)، ص٦٠.

لە فەرموودەیەکی دیکەدا دەفەرمویێت: {كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُصَلِّي صَلاَتَهُ مِنَ اللَّيْلِ، وَأَنَا مُعْتَرِضَةٌ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْقِبْلَةِ كَاعْتِرَاضِ الْجِنَازَةِ}(١). واتە: پێغەمبەری خودا ﷺ شەونوێژی دەکرد و منیش لە بەینی ئەو و قیبلەدا وەکو جەنازە رادەکشام.

جا بۆیە خاتوو عائیشە پێی سەیرە چۆن دەبێت هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بەو شێوەیە لە فەرموودەیەك حاڵی بن کە گوایە ئافرەت نوێژ دەبڕێت و بەتاڵی دەکاتەوە! لە کاتێکدا پێغەمبەری خودا ﷺ خۆی بەم شێوەیە نوێژی کردووە و لە بەردەم قیبلەکەیدا ئافرەتێك راکشاوە و نوێژەکەیشی نەبڕیوە.

دیارە نووستنی خاتوو عائیشە بەم شێوەیە لەبەر نوێژی پێغەمبەردا ﷺ لە ناچاریدا بووە؛ چونکە ژورەکەیان هەر ئەوەندە بووە وماڵەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ هەموویان وا بوون.

**چوارەم:** لە نێوان خێزانەکانی پێغەمبەردا ﷺ تەنها خاتوو عائیشە قسەی لەسەر ئەم فەرموودەیە نەکردووە، بەڵکو خاتوو مەیمونەیش هەمان بۆچوونی هەبووە و لەو بارەیەوە گوتویەتی: {كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُصَلِّي وَأَنَا حِذَاءَهُ، وَأَنَا حَائِضٌ وَرُبَّمَا أَصَابَنِي ثَوْبُهُ إِذَا سَجَدَ}(٢). واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی دەکرد و منیش لە سووڕی مانگانەدا بووم و لە پاڵیدا بووم، هەندێکجار کە کڕنووشی ببردایە جلەکانی بەرم دەکەوت.

جا ئەگەر ئافرەت نوێژ ببڕێت ئایا چۆن ئەم لە پاڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بووە و لە سووڕی مانگانەشدا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خودا ﷺ نوێژەکەی نەبڕیوە.

تەنانەت پێشەوا بوخاری بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە، لە صەحیحەکەیدا بابێکی سەربەخۆی داناوە لە ژێر ناونیشانی: (إذا صلى إلى فراش فيه حائض)(٣).. واتە: ئەگەر نوێژخوێن نوێژی کرد رووەو جێگەیەك کە ئافرەتێکی لەسەر بوو لەسووڕی مانگانەدا بوو. ئیبن حەجەری عەسقەلانی کاتێك دەست بە راڤەکردنی ئەم بابەی صەحیحی بوخاری

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج١، كتاب (٩) أبواب الصلاة في الثياب، باب (٢١) الصلاة على الفراش، الحديث (٣٧٦)، ص١٥٠. مسلم، صحيح مسلم، ج٢، كتاب (٥) الصلاة،باب (٥١) الإعتراض بين يدي المصلي، الحديث (١١٦٨)، ص٦٠.

٢ - البخاري، صحيح البخاري، ج١، كتاب (١٢) أبواب سترة المصلي، باب (١٧) إذا صلى إلى فراش فيه حائض، الحديث (٤٩٥)، ص١٩٣. مسلم، صحيح مسلم، ج٢، كتاب (٥) الصلاة،باب (٥١) الإعتراض بين يدي المصلي، الحديث (١١٧٤)، ص٦١.

٣ - البخاري، صحيح البخاري، ج١، كتاب (١٢) أبواب سترة المصلي، باب (١٧) إذا صلى إلى فراش فيه حائض، ص١٩٣.

دەکات دەڵێت: (أي هل يكره أو لا؟ وحديث الباب يدل على أن لاكراهة)[١]. واتە: ئایا باش نییە نوێژ بکرێت ڕووەو جێگەیەك ئافرەتێکی تێدا بێت لە سوڕی مانگانەدا بێت، یان دروستە و هیچ کێشەی نییە؟ ئەم فەرموودەیە -دیارە مەبەستی ئەو فەرموودەیەیە کە خاتوو مەیمونە ریوایەتی دەکات- بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە دروستە و هیچ کێشەی نییە.

هەروەها پێشەوا بەیهەقییش بابێکی تەواوی لە سونەنەکەی خۆیدا لەسەر ئەو بابەتە هێناوە لە ژێر ناونیشانی (الدليل على أن مرور المرأة بين يديه لا يفسد الصلاة)[٢]. واتە: بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ڕۆیشتنی ئافرەت بە بەردەم نوێژدا نوێژ بەتاڵ ناکاتەوە وئەم فەرموودەیەی وەکو بەڵگە هێناوە.

**پێنجەم:** ئەم فەرموودەیە نەك تەنها لەگەڵ لێکدانەوە و تێگەیشتنی خێزانەکانی پێغەمبەردا ﷺ یەك ناکاتەوە، بەڵکو لەگەڵ لێکدانەوەی زۆرێك لە هاوەڵانیش یەك ناکاتەوە، لەوانە: هەر سێ جێنشینەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبوبەکری صدیق و عوسمانی کوڕی عەففان و عەلی کوڕی ئەبی طالیب، جگە لەوانیش:

١- عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەڵێت: {جِئْتُ أَنَا وَالْفَضْلُ بْنُ الْعَبَّاسِ يَوْمَ عَرَفَةَ، وَرَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُصَلِّي بِالنَّاسِ، وَنَحْنُ عَلَى أَتَانٍ لَنَا، فَمَرَرْنَا بِبَعْضِ الصَّفِّ فَنَزَلْنَا عَنْهَا، وَتَرَكْنَاهَا تَرْتَعُ، وَلَمْ يَقُلْ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ شَيْئًا}[٣]. واتە: من و فەضڵی کوڕی عەبباس گوێدرێژێکی مێیینەمان پێ بوو، ڕۆژی عەرەفە کە هاتین پێغەمبەری خوا ﷺ پێش نوێژی دەکرد، بەپێش نوێژەکەدا هاتین هەندێك لە ڕیزەکانی نوێژەکەمان تێپەڕاند، پاشان لە گوێدرێژەکە دابەزین و گوێدرێژەکەمان بەردا تا بلەوەڕێت، پاشانیش پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ ڕەخنەی لێ نەگرتین وهیچی پێ نەگوتین.

جا دیارە مەبەستی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسیش لە گێڕانەوەی ئەم فەرموودەیە وەڵامدانەوەی ئەو فەرموودەیەیە کە گوایە ئەو شتانە نوێژ دەبڕن، بۆیە دەڵێت: پێغەمبەری

---

١ - إبن الحجر، فتح الباري شرح صحيح البخاري، ج١، ص٥٩٣.

٢ - البيهقي، سنن البيهقي الكبرى، ج٢، باب (٣٩٤) الدليل على أن مرور المرأة بين يديه لا يفسد الصلاة، ص٢٧٥.

٣ - إبن خزيمة، صحيح إبن خزيمة، ج٢، الحديث (٨٣٣)، ص٢٢. النسائي، سنن النسائي الكبرى، ج١، الحديث (٨٢٨)، ص٢٧٢. البيهقي، سنن البيهقي الكبرى، ج٢، كتاب (٢) الحيض، باب (٣٩٥) الدليل على أن مرور الحمار بين يديه لا يفسد الصلاة، الحديث (٣٣١٤)، ص٢٧٦. الترمذي، سنن الترمذي، ج٢، أبواب الطهارة، باب (٢٥٢) ما جاء لا يقطع الصلاة شيء، الحديث (٣٣٧)، ص١٦٠، وقال الألباني: حديث صحيح.

خوا ﷺ نەیفەرمووە بۆ ئەو کارەتان کرد؟ یان بۆ بەبەر نوێژەکەدا هاتن؟ یان نوێژەکەی نەگێڕایەوە، کەواتە هیچ کام لەوانەی کە لە فەرموودەکەدا هاتوون نوێژ نابڕن وبەتاڵی ناکەنەوە.

پێشەوا (ترمذی) ش لە پاشکۆی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت: (وحديث ابن عباس حديث حسن صحيح، والعمل عليه عند أكثر أهل العلم من أصحاب النبي ﷺ، ومن بعدهم من التابعين قالوا: لا يقطع الصلاة شيء)[1].. واتە: فەرموودەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دروستە و زۆربەی زانایان لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ و شوێنکەوتوانیشیان کاریان پێکردووە و گوتویانە: کە هیچ شتێك نوێژ نابڕێت .

٢- عەبدوڵڵای کوڕی عومەریش وەڵامی ئەو جۆرە تێگەیشتنەی لەو فەرموودەیە داوەتەوە و پێی پەسەند نەبووە و سالم لەو بارەیەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (قِيلَ لاِبْنِ عُمَرَ: إِنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَيَّاشِ بْنِ أَبِي رَبِيعَةَ يَقُولُ: يَقْطَعُ الصَّلاَةَ الْكَلْبُ وَالْحِمَارُ. فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ: لاَ يَقْطَعُ صَلاَةَ الْمُسْلِمِ شَىْءٌ)[2]. واتە: بە عەبدوڵڵای کوڕی عومەریان گوت: عەبدوڵڵای کوڕی عەییاشی کوڕی ڕەبیعە دەڵێت: سەگ و گوێدرێژ نوێژ دەبڕن و بەتاڵی دەکەنەوە؟. عەبدوڵڵای کوڕی عومەریش گوتی: هیچ شتێك نوێژی موسڵمان نابڕێ و بەتاڵی ناکاتەوە .

٣- زۆرێکی تریش لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ئەم جۆرە بۆچوون و لێکدانەوەیەیان ڕەتکردۆتەوە کە لەبەر کەمی جێگە ناویان نابەین.

٤- هەروەها هەر چوار پێشەوا و سەرمەزهەبەکانی فیقهی ئیسلامییش: (ئەبو حەنیفە، مالیك، شافیعی، ئەحمەد) بەکۆی دەنگ ئەم جۆرە ڕاڤەکردنەیان بۆ فەرموودەکە ڕەت کردۆتەوە و(موبارەکفوری) لەم بارەیەوە دەڵێت: (وقال مالك وأبو حنيفة والشافعي، وجمهور من السلف والخلف لا تبطل الصلاة بمرور شيء من هؤلاء)[3]. واتە: پێشەوا مالیك و ئەبوحەنیفە و شافیعی و زۆرینەی زانایانی پێشین و پاشینیش گوتویانە: هیچ کام لەو شتانە نوێژ نابڕن وبەتاڵی ناکەنەوە.

١ - الترمذي، سنن الترمذي، ج٢، ص١٦٠.

٢ - البيهقي، سنن البيهقي الكبرى، ج٢، ص٢٧٨.

٣ - المباركفوري، تحفة الأحوذي، ج٢، ص٢٥٩.

**شەشەم:** سەبارەت بە لێکدانەوەی زانایان بۆ مەبەست و ئامانجی سەرەکی فەرموودەکە چەند بۆچونێك هەیە دیارترینیان دووانە:

١- هەندێك لە زانایان پێیان وایە کە حوکمی ئەم فەرموودەیە سڕدراوەتەوە و هەڵوەشاوەتەوە و کاری پێ ناکرێت (منسوخ)ە، بە بەڵگەی ئەو هەموو فەرموودانەی کە دژی دەوەستنەوە و لەگەڵی یەك ناکەنەوە، بەڵام ئەم بۆچوونە زۆر پەسەند نییە، لە بەر چەند هۆیەك:

أ- لە بەر ئەوەی سڕینەوە (نسخ) پێویستی بەوەیە کە مێژووی هاتنی هەردوو حوکم و فەرموودەکە بزانیت تا بتوانیت بڵێیت فەرموودەی پاشتر ئەوەی پێش خۆی سڕیوەتەوە و هەڵوەشاندۆتەوە، لێرەشدا مێژووی هاتنی فەرموودەکان دیار نین، بۆیە ناتوانین بڕیاری نەسخ بدەین.

ب ـ لەبەر ئەوەی بڕیاری (نسخ) دوا بڕیارە بۆ چارەسەرکردنی دژوەستانەوەی دوو فەرموودە لەگەڵ یەکتر، بەڵام لێرەدا دەکرێت چارەسەری ئەو دژیی و گرژییە بکرێت بە ڕێگەی ئاسانتر بۆیە بڕیاری نەسخ نادرێت.

٢- ئەم بۆچوونەیان پەسەندتر و گونجاوترە و بۆچوونی زۆربەی زانایانی لە سەرە، و بریتییە لەوەی: کە مەبەست لەو فەرموودەیە ئەوەنییە کە ڕۆیشتنی ئافرەت بە بەردەم نوێژخوێندا نوێژەکەی ببڕێت، یان بەتاڵی بکاتەوە، بەڵکو مەبەست پێی ئەوەیە کە ئافرەت هەمیشە جێی سەرنجی پیاوە، جا ئەگەر بەبەر نوێژەکەیدا بڕوات ئەوا لەوانەیە سەرنجی بەلای خۆیدا رابکێشێت و کەم تا زۆر ئاگای لە نوێژەکەی نەمێنێت و بەمەش پاداشتی نوێژەکەی کەم دەکاتەوە، کەواتە مەبەست لە (قطع) لە فەرموودەکەدا بڕینی شێوە تەواوەکەیەتی (نفي الكمال)، نەك بەتاڵکردنەوە (نفي الصحة).

بەمەیش دەتوانین هەموو فەرموودەکان و واتاکانیان کۆ بکەینەوە؛ چونکە هەموو ئەو فەرموودانەی کە خێزانەکانی پێغەمبەر گێڕاویانەتەوە باس لەوە دەکەن کە ئەمان لەو کاتەی کە پێغەمبەری خودا ﷺ نوێژی کردووە نوستوون و خۆیان داپۆشیوە، لە هیچ فەرموودەیەکدا نەهاتووە کە بە بەردەم نوێژەکەدا هاتبن یان چووبن.

**حەوتەم:** باسکردنی ئافرەت لە فەرموودەکەدا لەگەڵ گوێدرێژ وسەگ خوا نەکردە بۆ لێکچواندن و هاوتا کردن نییە و دیدی ئیسلام بەرامبەر ڕێزی مرۆڤ و پێگەی ئافرەت لەو ڕووەوە دیارە و پێویست بەبەڵگە هێنانەوە ناکات، بەڵکو لەڕووی یەك خاڵی هاوبەشیانەوەیە لەم حوکمەدا کە ئەویش دروستکردنی کاریگەری نەرێنییە لەسەر کەسی نوێژخوێن و سەرنجڕاکێشانییەتی بەلای خۆیدا، ئافرەت لەڕووی غەریزەی حەزو ئارەزووەوە و ئەوانی تریش لەڕووی غەریزەی ترسەوە کە نەبا زیانی پێ بگەیەنن.

**هەشتەم:** ئەم حوکمەیش تایبەت نییە بە ئافرەتانەوە، بەڵکو گشتگیرە و هەموو نوێژ و نوێژخوێنێك دەگرێتەوە کە شتێکی سەرنج ڕاکێش بەبەر نوێژەکەیدا تێپەڕێت و گوزەر بکات و سەرنجی ڕابکێشێت لە پاداشتی نوێژەکەی کەم دەکاتەوە؛ هەر بۆیە پێویستە هەموو نوێژخوێنێك کە نوێژی کرد سوترە دابنێت لە کاتی نوێژەکەیدا وچاو ببڕێتە ئەو شوێنەی کە ناوچاوانی لەسەر دادەنێت وچاوی بەملاولادا نەگێڕێت و پێویستیشە کەسیش بە نێوانی ئەم و سوترەکەیدا تێپەڕ نەبێت و نەڕوات.

خۆ ئەگەر نوێژخوێن سوترەی دانەنا و کەسێك یان شتێك بەبەردەمیدا تێپەڕی وسەرنجی ڕاکێشا ئەوە بەدڵنیاییەوە لە پاداشتی نوێژەکەی کەم دەکاتەوە ئیتر ئەو کەسە پیاو بێت یان ژن جیاوازی نییە.

## فەرموودەی پێنجەم

{لاَ عَدوى، وَلاَ طِيَرَةَ، وَإِنَّمَا الشُّؤْمُ فِي ثَلاَثَةٍ: الْمَرْأَةِ، وَالْفَرَسِ، وَالدَّارِ}[(١)].

له ریوایەتێکی تری فەرموودەکەدا هاتووە کە: {إِنْ كَانَ الشُّؤْمُ فِي شَيْءٍ، فَفِي الْفَرَسِ، وَالْمَسْكَنِ، وَالْمَرْأَةِ}[(٢)].

ئەمە یەکێکی ترە لەو فەرموودانەی کە ئەگەر بەوردی لێکدانەوە و ڕاڤەی بۆ نەکرێت، لەکۆمەڵێك ڕووەوە گومان و گرفتمان بۆ دروست دەکات؛ چونکە ڕووکەشی فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە ئافرەت یەکێکە لەو شتانەی کە دەکرێت ببێتە مایەی شوومی و نەگبەتی مرۆڤ، لە کاتێکدا مەبەستی فەرموودەکە بە پێچەوانەوەیە.

بۆیە هەوڵ دەدەین لەچەند خاڵێکدا تیشك بخەینە سەر فەرموودەکە و وەڵامی ئەو گومان و گرفتانە بدەینەوە کە لەسەری دروست دەبن و سەرەتا لەواتای فەرموودەکە و شرۆڤەی ئەو زاراوانەوە دەست پێ دەکەین کە تێیدا بەکار هاتوون.

**یەکەم:** واتای ڕووکەشی فەرموودەکە ئەوەیە: کە هیچ نەخۆشی و پەتایەك لە کەسێکەوە ناگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر و هیچ شتێك نابێتە مایەی نەگبەتی و بەدبەختی مرۆڤ و نەگبەتی و شومی تەنها لە سێ شتدایە، لە: ئافرەت و ئەسپ و خانوودا.

لە ریوایەتەکەی تردا دەفەرموێت: ئەگەر نەگبەتی و شوومی لە شتێکدا هەبێت، ئەوە لە: ئەسپ وخانو ئافرەتدایە.

بۆیە پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم سێ شتە پێکەوە باس دەکات؛ چونکە لەسەردەمی نەفامیدا خەڵکی پێیان وابوو کە ئەو سێ شتە دەکرێت ببنە مایەی نەگبەتی و بەدبەختی مرۆڤ.

**دووەم:** بەر لەوەی تێبینییەکان لەسەر فەرموودەکە بخەینە ڕوو، هەندێ وشە و دەستەواژەی نامۆی تێدایە سەرەتا ڕاڤەیان دەکەین؛ چونکە زۆربەی ئەو ئالۆزییانەی

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج٥، كتاب (٧٩) الطب، باب (٤٢) الطيرة، الحديث (٥٤٢١)، ص٢١٧١. مسلم، صحيح مسلم، ج٧، كتاب (٤٠) السلام، باب (٣٤) الطيرة والفأل وما يكون فيه الشؤم، الحديث (٥٩٣٨)، ص٣٤.

٢ - البخاري، صحيح البخاري، ج٥، كتاب (٧٠) النكاح، باب (١٨) ما يتقى من شؤم المرأة، الحديث (٤٨٠٦)، ص١٩٥٩. مسلم، صحيح مسلم، ج٧، كتاب (٤٠) السلام، باب (٣٤) الطيرة والفأل وما يكون فيه الشؤم، الحديث (٥٩٣٨)، ص٣٤.

لەفەرموودەکەدا دروست دەبن پەیوەندییان بەوانەوە هەیە و زۆرێك لەو حوکمە شەرعییانەیش کە تێیدا باسکراون هەر پەیوەستن بەوانەوە؛ بۆیە پێویستە خوێنەر لێیان بە ئاگا بێت، وشەکانیش بریرتین لە:

- لاَ عَدوی: واتە هیچ نەخۆشی و پەتایەك لە کەسێکەوە ناگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر، مەبەستی فەرموودەکە لێرەدا قسەکردنە لە سەر لایەنی دەروونی مرۆڤی باوەڕدار، بەوەی کە دەبێت مرۆڤی باوەڕدار دەروونی ئارام و دڵنیا بێت و باوەڕی وابێت بەوەی کە هەرچی ویستی خوای لەسەر نەبێت نابێت و هیچ نەخۆشییەکیش بێ ویستی خوا ناگوازرێتەوە و تووشی کەس نابێت، ئەوەیش کە ویستی خوای لەسەر بێت گەڕانەوە و ڕەتبوونەوەی نییە.

دیارە ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤ خۆی لەو نەخۆش و نەخۆشییانە نەپارێزێت کە ئەگەری گواستنەوەیان لێ دەکرێت؛ چونکە لە بەرامبەر ئەم فەرموودەیەدا چەندین فەرموودەی ترمان هەیە داوای ئەوە دەکەن کە مرۆڤی باوەڕدار خۆی لەو نەخۆشییانە بپارێزێت کە ئەگەری گواستنەوەیان لێ دەکرێت و داوایشی کردوە کەمرۆڤ نەچێتە شوێنێك کە پەتا تێیدا بڵاوە و ئەگەریش لەشوێنێك بوو پەتای تێدا بڵاو بوو با لەو شوێنە دەرنەچێت.

لە کۆکردنەوە و کارکردن بە کۆی فەرموودەکان دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە پێویستە مرۆڤی باوەڕدار خۆی لە هەموو ئەو شتانە بەدوور بگرێت کە ئەگەری زیان، یان نەخۆشییان لێ دەکرێت، هەر کاتێکیش توشی نەخۆشی، یان نارەحتییەك هات دەبێت باوەڕی وابێت کە ئەو نەخۆشییە لەلایەن خوای گەورەوەیە و ویستی ئەوی لە سەرە و نابێت بڵێت فلاَن کەس، یان فلاَن شت توشی کردم.

- وَلاَ طِيَرَةَ: کاتی خۆی عەرەب عادەتیان وابوو ئەگەر بیانویستایە سەفەرێك بکەن، یان کارێکی گرنگ ئەنجام بدەن، بەلای باڵندەیەکی نیشتوودا دەڕۆیشتن و هەڵیان دەفڕاند، جا ئەگەر باڵندەکە بە لای چەپدا بفڕیایە ئەوە سەفەرەکە یان کارەکەیان واز لێ دەهێنا و نەیاندەکرد؛ بەڵام ئەگەر باڵندەکە بەلای ڕاستدا بفڕیایە ئەوە سەفەرەکە یان کارەکەیان دەکرد، ئەم جۆرە بیروباوەڕە زۆربەی کات پەکی کارەکانی دەخستن و نەیاندەکرد.

پاشتر ئەم زاراوەیە شێوەیەکی گشتگیرتری وەرگرتووە و بە هەموو ئەو شتانە گوتراوە کە مرۆڤ بە چاوی نەگبەتی، یان شوومی سەیریان دەکات، جا کاتێك ئیسلام هاتووە ئەمانەی هەموو هەڵوەشاندۆتەوە وپێغەمبەری خوداش ﷺ لێرەدا باس لە بنەبڕکردن و نەهێشتنی ئەم خووە خراپانەی عەرەب دەکات.

- الشُّؤْمُ: بە واتای خراپە و زیان و نەگبەتی بەکار دێت.

**سێیەم:** بەپێی ئەم فەرموودەیەو واتا ڕووکەشەکەی بێت دەکرێت ئافرەت ببێتە مایەی نەگبەتی و شوومی و ئەمەیش واتایەکی نەخوازراوە و دوورە لە چەمکی دادوەری و خودی فەرموودەکەیش ئەو جۆرە واتایە ڕەت دەکاتەوە؛ چونکە سەرەتای فەرموودەکە بەوە دەست پێ دەکات کە {لاَ طِيَرَةَ} واتە: هیچ شتێك نابێتە مایەی نەگبەتی و شوومی مرۆڤ و کۆتاییەکەیشی دەڵێت: {وَإِنَّمَا الشُّؤْمُ فِي ثَلاَثَةٍ}. واتە: شوومی لە سێ شتدا هەیە، جا ئایا دەگونجێت سەرەتای فەرموودەیەك باس لە نەبوونی شتێك بکات، وکۆتاییەکەی پشتڕاستی هەبوونی بکاتەوە؟!.

**چوارەم:** ئەم جۆرە ڕاڤەکردنە سەرپێیە جگە لەوەی لە خودی فەرموودەکەدا تووشی گرفت وئاڵۆزیمان دەکات، لەگەڵ چەندین فەرموودەی تر لەو بارەوە و لەسەر هەمان بابەت دیسان تووشی گرفتمان دەکات. لەوانە:

- پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: {الطِّيَرَةُ شِرْك، الطِّيرَةُ شِرْك، الطِّيَرَةُ شرك، الطِّيَرَةُ شِرْك (ثلاثا)..ولكنَّ اللَّه يُذهبُه بالتوكل}[1]. واتە: ناوزەدکردنی شتێك بەوەی کە مایەی نەگبەتییە، یان بەدبەختییە و زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت، هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردانە، پێغەمبەری خودا ﷺ سێ جار ئەمەی دووبارە کردەوە، پاشان فەرمووی: پشت بە خوابەستن ئەو جۆرە گومان و ڕەشبینییانە دەڕەوێنێتەوە.

- لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: {مَنْ رَدَّتْهُ الطِّيَرَةُ مِنْ حَاجَةٍ فَقَدْ أَشْرَكَ}. قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا كَفَّارَةُ ذَلِكَ؟. قَالَ: {أَنْ يَقُولَ أَحَدُهُمْ: اللَّهُمَّ لاَ خَيْرَ إِلاَّ خَيْرُكَ، وَلاَ طَيْرَ إِلاَّ طَيْرُكَ، وَلاَ

---

١ - أبو داود، سنن أبي داود، ج٢، كتاب (٢٩) الطب، باب (٢٤) في الطيرة، الحديث (٣٩١٠)، ص٤٠٩. وقال الألباني: حديث صحيح. إبن ماجة، سنن إبن ماجة، ج٢، كتاب (٣١) الطب، باب (٤٣) باب من كان يعجه الفأل ويكره الطيرة، الحديث (٣٥٣٨)، ص١١٧٠.

**إِلَهَ غَيْرُكَ}[١]. واتە: هەر کەسێك ڕەشبینی وبە شووم سەیرکردنی شتێك وای لێ بکات واز لە کارەکەی بهێنێت، ئەوە وەك ئەوەیە هاوەڵی بۆ خوای گەورە بڕیار دابێت[٢]. هاوەڵەکانی پرسییان: ئەی چ شتێك تاوانێکی لەو جۆرە دەسڕێتەوە؟ فەرمووی: با ئەو کەسە بڵێت: خوایە هیچ سوودێك نییە مەگەر ئەوە نەبێت کە لای تۆوە دێت وهیچ نەهامەتی و بەڵایەکیش نییە و نابێت مەگەر ئەوە نەبێت کە لە لای تۆوە دێت، هیچ پەرستراوێکیش بە حەق نییە جگە لە زاتی تۆ نەبێت.**

**کەواتە لەم فەرموودەیەشدا پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم جۆرە بۆچوونە بە هاوەڵبڕیاردان و بێباوەڕی لە قەڵەم دەدات، ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ڕێی تێ دەچێت پێغەمبەری خودا ﷺ خۆی بفەرموێت ئەمانە شیرك و بێ باوەڕیین و لەو لایشەوە خۆی ئافرەت بە مایەی نەگبەتی و شوومی لە قەڵەم بدات و سەیر بکات؟!.**

**پێنجەم: بە پێچەوانەی ئەم جۆرە تێگەیشتنە هەڵانەوە لەو فەرموودانەی پێشوو، چەند فەرموودەیەکی تری ڕوون و ڕەوانمان هەیە کە ئافرەت بەمایەی خێر وئاسودەیی وخۆشگوزەرانی ناو دەبات، لەوانە:**

**- پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت: {لَاشُؤْمَ. وَقَدْ يَكُونُ الْيُمْنُ فِي الدَّارِ، وَالْمَرْأَةِ، وَالْفَرَسِ}[٣]. واتە: هیچ شتێك نییە ببێتە مایەی نەگبەتی و بەدبەختی مرۆڤ، ئەگەر خێر و چاکە لە شتێکدا هەبێت، ئەوە لە خانوو، ئافرەت و ئەسپدایە.**

**- لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: {الدُّنْيَا مَتَاعٌ وَخَيْرُ مَتَاعِ الدُّنْيَا الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ}[٤]. واتە: دونیا هەمووی خۆشییەکی کەمە وباشترین و چاکترین خۆشی دونیاش ژنێکی باش و گونجاوە.**

---

١ - الإمام أحمد، المسند، ج١١، الحديث (٧٠٤٥)، ص٦٢٣. حسنه الأرناؤوط وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم ٦٢٦٤.

٢- چونکە سوود و زیان تەنها بە دەستی خوای گەورەیە و هەر کەس پێی وابێت شتێکی تر دەتوانێت زیان، یان سوودی پێ بگەیەنێت، وەك ئەوە وایە کە هاوەڵی بۆ خوای گەورە بڕیار دابێت.

٣ - الترمذي، سنن الترمذي، ج٥، كتاب (٤٥) العلم، باب (٥٨) ما جاء في الشؤم، الحديث (٢٨٢٤)، ص١٢٦. وصححه الألباني: في صحيح الجامع حديث رقم (٧٥٠٠). إبن ماجة، سنن إبن ماجة، ج١، كتاب (٩) النكاح، باب (٥٥) ما يكون فيه اليمن والشؤم، الحديث (١٩٩٣)، ص٦٤٢.

٤ - مسلم، صحيح مسلم، ج٤، كتاب (١٨) الرضاع، باب (١٧) خير متاع الدنيا المرأة الصالحة، الحديث (٣٧١٦)، ص١٧٨. إبن حبان، صحيح إبن حبان، ج٩، ذكر البيان بأن المرأة الصالحة للمؤمن خير متاع الدنيا، الحديث (٤٠٣١)، ص٣٤٠.

**شەشەم:** بە کۆکردنەوەو لێکدانی واتای کۆی ئەو فەرموودانە هەڵەیە ئێمە بڵێین ئافرەت خۆی بۆ خۆی دەبێتە مایەی خراپە وشومی یاخود خۆشگوزەرانی و بەختەوەری؛ چونکە وەکو گوتمان خوای گەورە هیچ دروستکراوێکی خۆی نەکردۆتە مایەی نەگبەتی و شوومی بۆ خەڵکی تر؛ بەڵام دەتوانین بڵێین ئاکار و ڕەفتارەکانی ئافرەت دەکرێت هەندێك جار وای لێ بکەن ببێتە مایەی خۆشبەختی، یان بەدبەختی بۆ خۆی و خەڵکانی تریش وئەم خاڵەیش لەنێوان پیاوان وئافرەتاندا هاوبەشە وچۆن ژنێکی بەدخوو و خراپ دەبێتە مایەی نەگبەتی و سەرگەردانی بۆ پیاو وخێزان، بەهەمان شێوە پیاوێکی بەدخوو و خراپیش دەبێتە مایەی نەگبەتی و سەرگەردانی بۆ ژن و خێزان، هەر وەك چۆن ئەسپێکی سەرکێش و نالەبار یان خانوو بەهۆی دراوسێی خراپەوە دەکرێت ببنە مایەی بەدبەختی مرۆڤ، مرۆڤەکان خۆیشیان بەهۆی ئاکاری بەدیانەوە دەکرێت ببنە مایەی بەڵاو ناڕەحەتی بۆ گیانی یەکتر. شێخ تەقیەددینی سوبوکی لە ڕاڤەی ئەو فەرموودانەدا دەڵێت: (إشارة إلى تخصيص الشؤم بالمرأة التي تحصل منها العداوة والفتنة، لا كما يفهمه بعض الناس من التشاؤم بكعبها، وإن لها تأثيرا في ذلك وهو شيء لا يقول به أحد من العلماء، ومن قال ذلك فهو جاهل، وقد أطلق الشارع على من نسب المطر إلى النوء الكفر، فكيف من نسب ما يقع من الشر إلى المرأة)[١]. واتە: ئەم فەرموودانە ئاماژەن بە تایبەتکردنی شومی و نەگبەتی بەو ئافرەتانەی کە بەهۆی کردەوە بەد و خراپەکانیانەوە دەبنە مایەی بەڵا و نەگبەتی بۆ مرۆڤ، نەك وەکو ئەوەی کە خەڵکانێك تێی دەگەن کە خودی ئافرەتەکە خۆی ببێتە مایەی شومی و نەگبەتی، یان خودی ئافرەت کاریگەری هەبێت لەسەر ئەوە، هیچ زانایەکیش ئەوەی نەگوتوە و هەرکەس ئەوە بڵێت ئەوە نەزانە؛ چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو کەسەی بە کافر و بێباوەڕ لە قەڵەم داوە کە بارینی باران دەداتە پاڵ ئەستێرە ودەڵێت: فلاَن ئەستێرە بارانمان بۆ دەبارێنێت، ئەی دەبێت حاڵی ئەوانە چۆن بێت کە هەرچی خراپەیەك ڕوو دەدات دەیدەنە پاڵ ئافرەت و دەڵێن: مایەی شەڕە.

**حەوتەم:** هەر وەك چۆن ئەم جۆرە ڕاڤەکردنە کێشە و ئاڵۆزییمان لەگەڵ فەرموودەکانی تردا بۆ دروست دەکات، بە هەمان شێوە لەگەڵ خودی قورئانیش ئاڵۆزیمان

---

١ - إبن الحجر، فتح الباري، ج٩، ص١٣٨.

بۆ دروست دەکات؛ چونکە هەمیشە قورئان ئەو جۆرە ڕەشبینی و بیر و باوەڕە بەد و گوماناوییانەی وەك ئاکاری بێباوەڕان باس کردوە و هەمیشە ئەوان تۆمەتی نەگبەتی و شوومییان داوەتە پاڵ خەڵکانی تر، هەر بۆ نموونە:

- خوای گەورە دەربارەی هەڵوێستی گەلی موسا (سەلامی خوای لێ بێت) لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا جَاءَتْهُمُ الْحَسَنَةُ قَالُوا لَنَا هَذِهِ وَإِنْ تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَطَّيَّرُوا بِمُوسَى وَمَنْ مَعَهُ أَلَا إِنَّمَا طَائِرُهُمْ عِنْدَ اللَّهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لا يَعْلَمُونَ﴾[١].واتە: ئەگەر تووشی خێر و خۆشییەك بهاتنایە دەیانگوت: ئەوە هی چاکی و باشی خۆمانە و دیارە شان و باڵمان هەڵی دەگرێت؛ بەڵام ئەگەر تووشی ناخۆشی، یان زیانێك بهاتنایە، دەیانگوت ئەمە هەمووی شومی و نەگبەتی موسا و شوێنکەوتووەکانێتی ئێمەیشی گرتۆتەوە، خوای گەورە وەڵامی ئەو بێباوەڕییەیان دەداتەوە و دەفەرموێت: هەموو ئەو نەگبەتی و نەهامەتییانەی کە توشیان دێت لای خوای گەورەوەیە و بە هۆی کردەوەی بەدی خۆیانەوەیە، بەڵام زۆرێکیان نەفامن و تێ ناگەن.

- دەربارەی هەڵوێستی گەلی ثەموودیش بەرامبەر صالح پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ﴿قَالُوا اطَّيَّرْنَا بِكَ وَبِمَنْ مَعَكَ قَالَ طَائِرُكُمْ عِنْدَ اللَّهِ بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ تُفْتَنُونَ﴾[٢]. واتە: تۆ و شوێنکەوتوانت بوونەتە مایەی شوومی و نەگبەتی بۆ ئێمە - دیارە ئەمانیش لە سزای بێباوەڕییەکەیاندا خوای باڵادەست تووشی قات و قڕی و ناڕەحەتی کردبوون- صالحیش (سەلامی خوای لێ بێت) پێی دەگوتن، هەرچی بەڵا و نەگبەتیتان بەسەر دێت لە لای خوای گەورەوەیە وئەو تاقیتان دەکاتەوە و هیچ تاوان ودەسەڵاتی ئێمەی تێدا نییە.

- دەربارەی هەڵوێستی گەلێکی تری بێ باوەڕ بەرامبەر پێغەمبەرەکانیان لە سورەتی یاسیندا دەفەرموێت: ﴿قَالُوا إِنَّا تَطَيَّرْنَا بِكُمْ لَئِنْ لَمْ تَنْتَهُوا لَنَرْجُمَنَّكُمْ وَلَيَمَسَّنَّكُمْ مِنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾[٣].

---

١ - سورة الأعراف: الآية: ١٣١.

٢ - سورة النمل: الآية: ٤٧.

٣ - سورة يـس: الآية: ١٨.

واتە: ئێوە بوونەتە مایەی شوومی و نەگبەتی بۆ ئێمە[١] و ئەگەر ئێوە دەست لەم بیر و بانگەوازە هەڵنەگرن دەتانکوژین و تووشی سزای سەخت و دژوارتان دەکەین.

کەواتە وەك دەبینین هەمیشە خەڵکانی بێ باوەڕ ئەو جۆرە گومان و ڕەشبینییانەیان هەبووە بەرامبەر خەڵکانی تر، ئەم جۆرە بیرکردنەوانە دوورن لە خەڵکی باوەڕدار؛ چونکە خەڵکی باوەڕدار هەمیشە پێی وایە کە جگە لە خوای باڵادەست هیچ کەسی تر توانای ئەوەی نییە کە سوود، یان زیان بە مرۆڤەکان بگەیەنێت وخودی مرۆڤ خۆی نابێتە مایەی نەگبەتی، یان شوومی و حەرامیشە وا سەیری کەس بکرێت؛ بەڵام دەکرێت مرۆڤ بەهۆی کردەوەی بەدی خۆیەوە توشی ناڕەحەتی و نەگبەتی بێت.

ئێستا دەپرسین ئایا دەگونجێت پێغەمبەری ئیسلام ﷺ بێت و ئەم کولتوورە بەد و خراپەی میللەتانی بێباوەڕ لەناو موسڵماناندا زیندوو بکاتەوە وپێکهاتەیەکی سەرەکی ژیان و بوون کە ئافرەتە بە نەگبەتی و شوومی بناسێنێت؟!.

**هەشتەم:** بەهۆی ئەو هۆکارانەی کە باسمان کرد خاتوو عائیشە بە توندی ڕەخنەی لە شێوازی گێڕانەوەی ئەم فەرموودەیە گرتووە و تێیدا گلەیی لە ئەبوهورەیرە کردووە کە فەرموودەکەی بەو شێوەیە گێڕاوەتەوە ولەو بارەیەوە پێشەوا ئەحمەد فەرموودەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (أَنَّ رَجُلَيْنِ مِنْ بَنِي عَامِرٍ دَخَلاَ عَلَى عَائِشَةَ فَقَالاَ: إِنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ قَال: الطِّيَرَةُ فِي الْفَرَسِ، وَالْمَرْأَةِ، وَالدَّارِ، فَغَضِبَتْ غَضَبًا شَدِيدًا، وَقَالَتْ: (مَا قَالَهُ). وَإِنَّمَا قَال: إِنَّ أَهْلَ الْجَاهِلِيَّةِ كَانُوا يَتَطَيَّرُونَ مِنْ ذَلِكَ)[٢]. واتە: دوو پیاو چونە لای خاتوو عائیشە وگوتیان: ئەبو هورەیرە دەڵێت: ئەسپ و ئافرەت و خانوو دەکرێت ببنە مایەی بەدبەختی و شوومی بۆ مرۆڤ. خاتوو عائیشە کە گوێی لەمە بوو زۆر تورە بوو گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ شتی وای نەفەرمووە، بەڵکو فەرموویەتی: خەڵکی لە سەردەمی نەفامییدا ئەم شتانەیان بە مایەی بەدبەختی و شومی سەیر دەکرد.

---

١- خوای گەورە لە سزای بێباوەڕی و کەللە ڕەقییاندا کۆمەڵێك دەرد و ناڕەحەتی بۆ ناردبوون تا بیر بکەنەوە و بگەڕێنەوە؛ بەڵام ئەوان بە پێچەوانەوە زیاتر گومڕا دەبوون و بە پێغەمبەرەکانیان دەگوت: هی نەگبەتی و شوومی ئێوەیە ئێمە ئەمانەمان بەسەر دێت.

٢ – الإمام أحمد، المسند، ج٤٢، الحديث (٢٥١٦٨)، ص٨٨.

کەواتە ئەبو هورەیرە ئەو بەشەی فەرموودەکەی بیر چووە یان هەر ئاگا لێ نەبووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو قسەیەی وەك نەریتی سەردەمی نەفامی باس کردوە نەك وەك بۆچوونی خەڵکانی موسوڵمان.

**نۆیەم:** ئامانجی سەرەکی ئەم فەرموودانەی پێغەمبەر ﷺ ڕەواندنەوە و ڕیشەکێشکردنی ئەو بیر و بۆچوون و گومانانەیە کە لەوانەیە لە ناخی هەندێك لە هاوەڵاندا مابێت لە پاشماوەکانی سەردەمی نەفامی و سڕینەوەی ئەو دابونەریتانەیە کە لەگەڵ ئیسلام یەك ناگرنەوە وراستکردنەوەی هەندێك چەمکی بیروباوەڕە لە ناو موسڵماناندا. هەر بۆیەشە ئەو زاراوانەی کە لە فەرموودەکاندا هاتوون لە نموونەی (عَدوی[١]، طِيَرَة[٢]، هَامَة[٣]، صَفَر[٤]، نَوْء[٥]، غُول[٦]) کۆمەڵێك زاراوەن لە سەردەمی نەفامییدا باو بوون و زۆر حیسابیان بۆ کراوە و زۆر بەرز نرخێنراون، بەڵام لە ئیسلامدا هیچ بایەخ و نرخێکیان بۆ دانەنراوە.

---

١ - عَدْوَى: واتە هیچ نەخۆشی و پەتایەك لە کەسێکەوە ناگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر.

٢ - طِيَرَة: بە شێوەیەکی گشتیی بە هەموو ئەو شتانە گوتراوە و دەگوترێت کە مرۆڤ بە چاوی نەگبەتی یان شومی سەیریان بکات.

٣ - هَامَة: ئەمەش دیسانەوە خویەکی تری خراپی ناو کۆمەڵگەی نەفامی بوو کە بڕوایان وابوو کاتێك کەسێکیان لێ دەکوژرێت، شتێك لەلای سەریەوە لە قەبرەکەیەوە دێتە دەرەوە و بەردەوام هاوار دەکات دەڵێت تینوومە تینوێتیم بشکێنن، هەتا بکوژەکەی نەکوژنەوە بەردەوام هەر وا دەبێت و وا دەڵێت، هەندێکی تریش دەڵێن مەبەست لە (هَامَة) کوندە پەپوە کە ئەگەر لە سەر هەر ماڵێك بنیشتایەتەوە پێیان وابوو کە دەبێتە مایەی کاول بوون و تێك چوونی ئەو ماڵە.

٤ - صَفَر: هەندێك لە زانایان دەڵێن (صَفَر) نەخۆشییەکی سك یەشە بووە بە هۆی کرمێکەوە دروست دەبوو، لە ناو عەرەبدا وا باو بووە کە ئەو نەخۆشییە دەگوازرێتەوە. هەندێکی تر دەڵێن مەبەست لە (صَفَر) مانگی صفر بووە کە عەرەب بە مانگێکی شوم و نەگبەتیان زانیوە و سەیر کردووە.

٥ - نَوْء: قۆناغێکە لە قۆناغەکانی مانگ، هەندێکیش دەڵێن ناوی ئەستێرەیەك بووە و کاتی خۆی پێش هاتنی ئیسلام کاتێك کە باران باریبێت گوتویانە بە هۆی ئەو ئەستێرەیەوە بارانمان بۆ دەبارێت.

٦ - غُول: لەناو عەربدا وا باو بووە کە (غُول) جنۆکەیەکە لە دەشت و دەر و چۆڵەوانیدا پەیدا دەبێت و بە چەندین شێوە خۆی دەگۆڕێت و ڕێگە لە خەڵکی و کاروانچی ون دەکات و دەیانفەوتێنێت.

## فەرموودەی شەشەم

عَنْ جَابِرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ : {أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ رَأَى امْرَأَةً، فَدَخَلَ عَلَى زَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ فَقَضَى حَاجَتَهُ مِنْهَا، ثُمَّ خَرَجَ إِلَى أَصْحَابِهِ فَقَالَ لَهُمْ: إِنَّ الْمَرْأَةَ تُقْبِلُ فِي صُورَةِ شَيْطَانٍ، وَتُدْبِرُ فِي صُورَةِ شَيْطَانٍ، فَإِذَا أَبْصَرَ أَحَدُكُمْ اِمْرَأَة فَلْيَأْتِ أَهْلَهُ؛ فَإِنَّ ذَلِكَ يَرُدّ مَا فِي نَفْسه}[١].

دیارە ئەم فەرموودەیەش هاوشێوەی فەرموودەکانی تر ئەگەر تەنیا ڕاڤەکردنێکی رووکەشی بۆ بکەین ئەوا توشی کۆمەڵێك ئاڵۆزیی و گومانمان دەکات، جا بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ئاڵۆزی و گومانانە و تێگەیشتنی زیاتر لە چەمکەکانی فەرموودەکە، ئەم چەند خاڵە دەخەینە روو و سەرەتا لە ڕاڤەکردنی فەرموودەکەوە دەست پێ دەکەین:

**یەکەم:** جابری کوڕی عەبدوڵڵا دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئافرەتێکی بینی، پاشان چووە لای زەینەبی کچی جەحشی خێزانی و پاشان هاتەوە لای هاوەڵانی و پێی فەرموون: ئافرەت لە سەر شێوەی شەیتان روو دەکات و لەسەر شێوەی شەیتان پشت هەڵدەکات، هەر یەکێکتان ئافرەتێکی بینی و سەرنجی راکێشا بابچێتە لای خێزانی، ئەوە شوێنەواری ئەو سەرنج و کاریگەرییە لەسەر دەروونی لا دەبات.

**دووەم:** مەبەست لە وشەی {الْمَرْأَةَ} لە فەرموودەکەدا کە دەفەرموێت {الْمَرْأَةَ } هەرچەند بە گشتگیری گوزارشتی لێ کراوە، بەڵام مەبەست لێی ڕەگەزی مێ نییە، بەڵکو تەنها ئەو ئافرەتانەیە کە نامەحرەمن وبەشێوازێك دەچنە دەرەوە و خۆیان دەڕازێننەوە کە بە هۆیانەوە پیاوان توشی تاوان و گوناه دەبن وبەهیچ شێوەیەك فەرموودەکە دایك، یان کچ، یان خوشك، یان ئەو ئافرەتانە ناگرێتەوە کە پابەند بەرێنماییە شەرعییەکانەوە دەچنە دەرەوە؛ چونکە ئەمانە قەت جێی سەرنجی بەدی پیاو نین و کاریگەریی خراپی لەسەر دروست ناکەت؛ کەواتە هەرچەند وشەکە بەگشتیی هاتووە وگوزارشتی لێ کراوە، بەڵام مەبەست پێی کەسانێکی تایبەتن.

ئەم شێوازی گوزارشتکردنەش لە زمانی عەرەبی و لەشەرعیشدا زۆرە و تەنانەت لە قورئانیشدا بەکار هاتووە، بۆ نموونە خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿أَمْ يَحْسُدُونَ

---

١ - مسلم، صحيح مسلم، ج٤، كتاب (١٧) النكاح، باب (٢) ندب من رأى امرأة فوقعت في نفسه إلى أن يأتي امرأته أو جاريته فيواقعها الحديث (٣٤٧٣)، ص١٢٩. الإمام أحمد، المسند، ج٢٢، الحديث (١٤٥٣٧)، ص٤٠٧.

﴿النَّاسَ عَلَى مَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ﴾[(١)]. واتە: یان ئەوان -بێباوەڕان- ئێرەیی بەو خەڵکانە دەبەن کە خوا لە میهرەبانی خۆیەوە بەخششی لەگەڵ کردوون، جا هەرچەند وشەی ﴿النَّاسَ﴾ لە زمانی عەرەبیدا وشەیەکی گشتگیرە و هەموو خەڵکی دەگرێتەوە، بەڵام لەم ئایەتەدا مەبەست پێی تەنها پێغەمبەر ﷺ و ئومەتەکەیەتی.

کەواتە هەر چۆن وشەی ﴿النَّاسَ﴾ لە ئایەتەکەدا هەموو خەڵکی ناگرێتەوە، وشەی {الْمَرْأَةَ} یش لە فەرموودەکەدا هەموو ڕەگەزی مێینە ناگرێتەوە بەڵکو بەشێکی تایبەت لە ئافرەتان دەگرێتەوە کە نامەحرەمن و بەهۆی پابەندنەبوونیان بەڕێکارە شەرعییەکانەوە لە کاتی دەرکەوتنیان کاریگەری خراپ لەسەر پیاوان دروست دەکەن.

**سێیەم:** کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: ئافرەت لەسەر شێوەی شەیتان ڕوو دەکات و لەسەر شێوەی شەیتان پشت هەڵدەکات، دیارە مەبەستی ئەوە نییە کە ئافرەت وەك شەیتان وایە؛ چونکە ئەم جۆرە تێگەیشتنە دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ هەموو ئەو دەقانەی قورئان و سوننەت کە باس لە جوانی وڕێز و گەورەیی مرۆڤەکان و نەوەکانی ئادەم دەکەن بەگشتیی، جا ئایا دەگونجێت پێغەمبەری خوا ﷺ بە پێچەوانەی ئەو هەموو دەقانەوە ڕەگەزێکی سەرەکی مرۆڤایەتی کە ئافرەتە بە شەیتان بشوبهێنێ؟!.

بۆیە زۆر هەڵەیە ئەگەر ئێمە بڵێین یان واتێبگەین کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی ئافرەت وەکو شەیتان وایە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە ئەو کاریگەرییەی جوانیی ئافرەت لەسەر پیاوی دروست دەکات و ئاکامەکەیشی وەکو ئەو کاریگەرییە وایە کە شەیتان لەسەر خەڵکیی دروستی دەکات لەڕێی ڕازاندنەوەی حەرامەکانەوە.

**چوارەم:** مەبەستی ئەو لێکچواندنە لەنێوان شەیتان و ئەو ئاکارە نەخوازراوەی ئافرەتاندا بێزراندن وقێزەونکردن و دەرخستنی ڕووی ڕاستی دیمەنی حەرامەکانە تا باوەڕداران بەئاگایی و وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن وبەهۆیانەوە فریو نەخۆن وئالودەیان نەبن، جا هەرچەند دیمەنی ئەو جۆرە ئافرەتە نامەحرەمانە لەڕوکەشدا جوان وسەرنج ڕاکێش بن؛ بەڵام ئەو دیمەنانە لەڕاستیدا داوی شەیتانن کەدەیەوێت بەهۆیانە باوەڕداران لەخشتە ببات.

---

١- سورة النساء: الآية: ٥٤.

خوای گەورەیش لەقورئاندا ئەم شێوازەی لەلێکچواندن بۆ هەمان مەبەست بەکار هێناوە وئەوەتا کاتێك باسی خواردنی دانیشتوانی دۆزەخ دەکات باسی درەختی ﴿الزَّقُّوم﴾ دەکات، کە خواردنی خەڵکی دۆزەخە ولە وەسفی بەرەکەیدا دەفەرمویێت: ﴿طَلْعُهَا كَأَنَّهُ رُؤُوسُ الشَّيَاطِينِ﴾[1]. واتە: بەری ئەو دارە لە ناشیرینی و نەخوازراوییدا وەکو سەری شەیتانەکان وایە.

**پێنجەم:** کەواتە مەبەستی سەرەکی فەرموودەکە ئەوە نییە کە لە ڕووکەشەکەیدا دەردەکەویێت، بەڵکو مەبەستەکەی ئاگادارکردنەوەی خەڵکانی بڕواداره لە کۆمەڵێك خاڵ کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- ئەو ڕۆڵە خراپەی کە شەیتان لەنێوان پیاوان وئافرەتانی نامەحرەمدا دەیبینێت، بەوەی کە هەرکات پیاو ئافرەتێکی نامەحرەم دەبینێت ئیتر شەیتان هەتا ئەو ئافرەتە دێت و تێپەڕ دەبێت ولەچاوی وون دەبێت لە هەوڵی ئەوەدایە کە چۆن جوانییەکانی ئەو ئافرەتە لای ئەو پیاوە بڕازێنێتەوە و پێی فریو بدات وبەهۆیەوە تووشی ناپاکی وحەرامی بکات، لە کاتێکدا ئەو ڕۆڵە بۆنێوانی هاوسەرە شەرعییەکان نابینێت کە لەوانەیە هەندێك جار پیاو خێزانەکەی خۆی چەند قاتی ئەو ئافرەتانە جوانتر بێت، بەڵام شەیتان هەمیشە هەوڵی کەمکردنەوەی بەهای جوانی حەڵاڵەکان دەدات ولەبەرامبەردا حەرامەکانمان بۆ دەڕازێنێتەوە، هەر وەك چۆن بەهەمان داو باوکە ئادەمیشی لەبەهەشت بەدەرکردن دا کاتێك بەهای ئەو هەموو ناز ونیعمەتەی بەهەشتی لەبیر بردەوە وخولیای حەزو ئارەزوی خستە سەر تاقە دارێك کەهیچ بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو جگە لەوەی کەخوای گەورە قەدەغەی کردبوو تا دواجار قەناعەتی پێکرد کە لێی بخوات وبەو هۆیەیشەوە لەبەهەشت دەرکرا.

کەواتە ئامانجی فەرموودەکە ئاماژەیە بەڕۆڵی خراپی شەیتان نەك ئافرەتان.

٢- ئاگادار کردنەوەی ئافرەتانە لەوەی کەئەو کاریگەرییە نەرێنی و یاساغانەی ئەوان دەیانەوێت لەڕێی دەرخستنی حەرامەکانەوە دروستی بکەن لەسەر پیاوان ئەوە هەمان ڕۆڵ

---

[1] - سورة الصافات: الآية: ٦٥.

و کاری شەیتانە و پێویستە ئەوان ئاگاداری خۆیان بن کە نەبنە دەستبار وهاوکاری شەیتان لەفریودانی پیاوان.

٣- ئاگادار کردنەوەی پیاوانە کە پێویستە چاو لەئاستی ئافرەتانی نامەحرەم نەوی بکەن ونەکەونە داوی شەیتان وبەو جۆرە ڕازاندنەوە وفریودانە تەفرە نەخۆن وسنورەکانی خوای گەورە نەبەزێنن.

**شەشەم:** سەرەڕای ئەوەی کە پێغەمبەری خودا ﷺ لە برگەی یەکەمی فەرموودەکەدا و لە ڕێی ئەو جۆرە تەشبیهەوە ویستویەتی قەناعەت بە هەردوو ڕەگەزی مرۆڤی باوەڕدار بکات، کە واز لەو جۆرە کارانە بهێنن و شوێنی نەکەون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەزانێت کە خەڵکانێکی زۆر هەن دەبنە نێچیری شەیتان و لە ساتێك لە ساتەکانی باوەڕکزییدا توشی ئەم جۆرە حەرامانە دەبن، بۆیە وەك مامۆستایەکی دڵسۆز و نوژدارێکی لێزان هەوڵی ئەوەی داوە کە بە زووترین کات کاریگەریی ئەو تاوانە لەسەر ناخی بڕواداران بسڕێتەوە و ڕێگەی خۆڕزگارکردنیان نیشان بدات و دەفەرموێت: هەر یەکێکتان ئافرەتێکی بینی و سەرنجی ڕاکێشا بابچێتە لای خێزانی، ئەوە شوێنەواری ئەو سەرنجە و کاریگەرییەکەی لەسەر دەروونی لا دەبات.

**حەوتەم:** ئەم شێوازەی کە جابر فەرموودەکەی پێ دەگێڕێتەوە شێوازێك بووە لە شێوازەکانی فێرکردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ هاوەڵانی، کە زۆرکات هەوڵی داوە بە شێوەیەکی کرداری و وەك مامۆستایەك خۆی کارێك بکات لە پێش چاوی هاوەڵەکانی تا ئەوانیش چاوی لێبکەن و شوێنپێی هەڵبگرن؛ چونکە جابر دەفەرموێت پێغەمبەری خوا ﷺ ئافرەتێکی بینی و پاشان چووە لای زەینەبی کچی جەحشی خێزانی.. هتد.

**هەشتەم:** هەرچەندە خەڵکانێکی نەفس نزم و کەم فرسەت هەوڵیان داوە ئەم فەرموودەیە بەو شێوازەی کە لەگەڵ ڕەوشتی بەد و دەروونی نەخۆشیاندا دەگونجێت ڕاڤە بکەن، کە گوایە هۆکاری هاتنی فەرموودەکە ئەوەیە کە پێغەمبەری خودا ﷺ ئافرەتێکی بینیوە وزۆر کاری تێکردوە وپاشان یەکسەر لەدانیشتنەکە هەستاوە وچووەتە لای خاتوو زەینەبی خێزانی ودواتر گەڕاوەتەوە لای هاوەڵەکانی وئەو فەرموودەیەی فەرمووە.

بەڵام ئەم جۆرە وێنا کردنە زۆر دوورە لەڕاستی ولەڕەوشتی بەرزی پێغەمبەری خوداوە ﷺ لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:

١- لە هیچ کام لە ریواتەکانی ئەم فەرموودەیەدا باسی ئەو ئافرەتە نەهاتووە کە ئایا کێ بووە، پیر بووە، یان گەنج، جوان بووە، یان ناشرین، تا بزانین کاریگەریی هەبووە لەسەر پێغەمبەری خودا ﷺ یان نا.

٢- ئایا ڕێی تێدەچێت کە زاتێکی وەکو پێغەمبەری خودا ﷺکەخوای گەورە خۆی شایەتی ڕەوشت بەرزی وخواناسی بۆ دەدات، لەکاتێکدا لەنێوان هاوەڵانیدایە وسەرقاڵی ئامۆژگاریکردنیانە چاو ببڕێتە ئافرەتێکی نامەحرەم کە بەو ناوەدا گوزەر دەکات وبەو شێوەیە کاری تێبکات کەخۆی پێنەگیرێت ویەکسەر دانیشتنەکە جێ بهێڵێت وبڕواتە لای خێزانی، ودواتریش شەرم نەکات وبێت هۆکاری ڕۆیشتنەکەی لای هاوەڵانی بەو شێوەیە باس بکات؟!!.

٣- ئایا ڕێی تێدەچێت پێغەمبەرێك کە بەر لەپێغەمبەرایەتی ولەتەمەنی لاوێتیشیدا خراپەیەکی لێ نەبینرابێت ئێستا وپاش ئەو هەموو تەمەنە وپاش پلەی بەرزی پێغەمبەرایەتی ولە کاتی بوونی ئەو هەموو خێزانەدا بەو شێوەیە بکەوێتە ژێر کاریگەری دیمەنی ئافرەتێك.!! باشە بۆ بەتەنها ئەو لەنێو ئەو هەموو هاوەڵەدا توشی ئەو حاڵەتە بوو؟.!!

٤- باشە با فەرزی مەحاڵ قبوڵ بکەین وبڵێین پێغەمبەری خودا ﷺ لەژێر کاریگەری جوانی ئەو ئافرەتەدا ئەو کارەی کردوە.

باشە پێغەمبەری خودا ﷺ ئەوەندە کەسێکی ئارەزووباز بوو کە نە یدەتوانی کەمێك دان بەخۆیدا بگرێت تا دانیشتنەکەی تەواو دەبێت وهاوەڵانی بەجێی دەهێڵن و پاشان ئەو کارە بکات و کەسیش پێی نەزانێت؟!!.

باشە ئەگەر گریمان وابوو ئایا دەکرێت پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم خاڵە لاواز وتاوانەی خۆی بەم ڕاشکاویە لای هاوەڵانی باس بکات؟!!

باشە نەیدەتوانی بەبیانوی شتێکی تر دانیشتنەکەی جێ بهێڵێت و پاشان کاری خۆی بکات و بگەڕێتەوە، یان هەر مۆڵەتی وەرگرتایە و باسی هیچیشی نەکردایە، خۆ کێ دەیپرسی بۆچی یان بۆ کوێ دەڕۆیت؟!!

باشە ئەی نەدەترسا لەوەی کە ئەم کارەی ئەو کاریگەریی خراپ بکاتە سەر متمانەی هاوەڵەکانی بەخوا ناسی پێغەمبەر ﷺوپێشەواکەیان کەبەو شێوە ئاشکرایە لەنێوانی ئەواندا چاو دەبڕێتە ئافرەتانی نامەحرەم و بەوشێوەیەیش کاردانەوەی بەرامبەریان هەبێت؟!!

یان بەلای کەمەوە نە دەترسا لەوەی کە ئەم کارەی ئەو ڕێخۆشکەری بکات بۆ هاوەڵانیشی کە چاو لەحەرامەکان نەپۆشن؟!!.

بۆیە ئەمانە هەمووی زۆر دوورن لە ڕاستییەوە و زۆر دوورن لە ڕەوشتی بەرزی پێغەمبەری سەروەرمانەوەﷺ و دوریشن لە لۆژیك و سەرەتاییترین بنەماکانی ژیریی مرۆڤی ئاساییەوە چ جای پێشەواو پێغەمبەرێکی دانا و ڕەوشت بەرزی وەکو موحەممەدﷺ.

**نۆیەم:** بۆیە ڕاستی بابەتەکە بەو شێوەیە نییە کە ناحەزان وێنای دەکەن بەڵکو ڕاستیی مەسەلەکە ئەوەیە کە پێغەمبەری خودا ﷺ ویستویەتی حوکمێکی شەرعی بە شێوازێکی کرداری بۆ هاوەڵانی روون بکاتەوە و تێیان بگەیەنێت، کە هەر کەس حاڵەتێکی وای بەسەر هات ئەمە جۆرێکە لە جۆرەکانی چارەسەرکردن و بنەبڕکردنی شوێنەوارەکانی ئەو جۆرە تاوانانە. ئەمە لە کاتێکدا کە ڕێی تێ دەچێت پێغەمبەری خودا ﷺ هەستی کردبێت بەوەی کە دیمەنی ئافرەتەکە کاریگەری لەسەر هەندێك لە هاوەڵانی دانیشتنەکە دروست کردبێت، و پاشان پێغەمبەر ﷺ ویستبێتی بەو شێوەیە فێریان بکات کە چۆن خۆیان لەو کاریگەرییە رزگار بکەن، ئەم حوکمەیش حوکمێکی گشتییە بۆ ئەوان و بۆ سەرجەم موسڵمانانیشە.

# کۆتایی

سوپاس و ستایش بۆ زاتی تاکی پاکی پەروەردگار، لەسەر هەموو نیعمەت و بەخششەکانی و لە پێش هەموویانەوە نیعمەتی ئیسلام، درووود و ڕەحمەت بۆ سەر گیانی پاکی پێشەوا و سەروەری مرۆڤایەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ و گشت یار و یاوەران و شوێنکەوتوانی بە گشتیی.

لەکۆتاییدا گرنگترین دەرەنجام وڕاسپاردەکانی باس و بابەتەکانی ئەم پەڕتووکە دەخەینە ڕوو وسەرەتایش لەدەرەنجامەکانەوە دەست پێ دەکەین کە ئەمانەن:

١- ئیسلام ئاینی سیستەم ویاسا وڕێکخستنە وهەرگیز شپرزەیی وپشێوی قبوڵ ناکات ویەکەم قوتابخانەیش کەپێویستە تاکەکان لێوەی فێری یاسا وڕێز بن قوتابخانەی خێزانە کە خشتی بناغەی کۆمەڵگەیە و لە دوو هاوسەر پێك دێت وپێکەوە بڕیاری پێکهێنانی ژیانێکی هاوبەش دەدەن وپێکیشەوە ئەرك وماف بەرپرسیارێتییەکانی دابەش دەکەن، هەر لەو سۆنگەیەوە ئیسلام گرنگییەکی زۆری بەخانەی خێزان داوە وئەرك ومافەکانی نێوان هاوسەرەکان وتەنانەت نەوەکانیشیانی بەشێوەیەکی شیاو وگونجاو لەگەڵ پێکهاتە جەستەی ودەروونیەکەی هەر یەکەیان دیاری کردوە تا ڕێگر بێت لەهەر بشێوی وسەرکێشیەك کەئارامی خێزان بشێوێنێت وپەیوەندی وپەروەردەی تاکەکانی تێك بدات وئاڵۆز بکات.

٢- کاتێك دەڵێین ئایینی پیرۆزی ئیسلام مەبەستمان پێی ئەو دەق و حوکمانەیە کە ڕاستەوخۆ لە قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ وەرگیراون و بەدەر لەو دوانە قسەی هیچ زانا و شەرعناسێك ماڵ نییە لەسەر ئیسلام و ناشکرێت وەکو دەق بەچاوی پیرۆزی سەیر بکرێت.

٣- هەڵسەنگاندن، یان تێڕوانینی ئیسلام بۆ هەر بابەتێك ناکرێت تەنها لە دەق یان فەرموودەیەکەوە وەربگیرێت، بەبێ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر هەموو ئەو بەڵگانەی تر کە لەو بارەیەوە هاتوون، یان مەودای دروستی فەرموودەکە ؟ وە ئایا حوکمەکەی سڕاوەتەوە یان هەر ماوە؟ یان حوکمەکەی تایبەتە یان گشتگیرە؟ یان ئەو هەل ومەرجەی کە ئەو فەرموودەیەی تێدا گوتراوە، یان گەڕانەوە بۆ شرۆڤە و ڕاڤەکردنی زانایان بۆ ئەو

فەرموودەیە، کە بەمانە هەمووی پێکەوە ئەوجا دەتوانین قسە لە سەر فەرموودەیەك بکەین و بیکەینە بەڵگە بۆ سەلماندنی کارێك، یان حوکمێکی شەرعی.

٤- ئیسلام هەر لە سەرەتای هاتنییەوە بە ئایینی چەوساوە و هەژاران ناسراوە و بەرگری تەواوی لە مافی خەڵکانی چەوساوە و ژێردەستە کردووە، لە پێش هەموویشیانەوە مافی ئافرەتان، هەر بۆیە شتێکی نامۆ نییە کە دەبینین یەکەم کەس کە باوەڕی بەم ئایینە پیرۆزە هێناوە خاتوو خەدیجەی خێزانی پێغەمبەر ﷺ بووە و یەکەم شەهیدیش لە پێناو ئەو ڕێبازەدا هەر ئافرەت بووە، بۆیە زۆر جێی سەرسوڕمانە کە خەڵکانێك باس لەوە بکەن کە دەقێك هەبێت لە ئیسلامدا سووکایەتی بە ئافرەت بکات، یان لە ڕێز و پێگەی کەم بکاتەوە؟ بەڵکو هەموو ئەو دەقانە بە هەڵە بەو شێوەیە راڤە دەکرێن، ئەو دەقانەیش کە لەم پەڕتووکەدا باسمان کردوون زەقترینی ئەو دەقانەن کە دوژمنانی ئیسلام بۆ ئەو مەبەستە بەکاریان هێناون.

٥- لەدیدی ئیسلامدا مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی بەهەردوو ڕەگەزیانەوە وبێ جیاوازی باشترین وجوانترینی دروستکراوی خوای گەورەن وکانزای دروستکردنی هەردووکیان بێ جیاوازی خۆڵە.

٦- ئیسلام زۆر جەخت لەسەر یەکسانی تەواوی ژن وپیاو دەکاتەوە لەپرسە گشتی وچارەنوس سازەکانداو وەك ڕێز وبەهایان لای خوای گەورە وبنەماکانی باوەڕبوون وخواناسی وسزاوپاداشت کردن لەسەر کردەوەکانیان.

٧- جیاوازی نێوان ئەرك ومافەکانی ژن وپیاو بەو شێوەیەی کە لە ئیسلامدا باسیان لێوە کراوە تەنها پەیوەندییان بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی دونیاوە هەیە و مەرج نییە لای خوای گەورە یان بۆ قیامەت هەر وابێت ولەوانەیە ئەو پیاوەی کە دەڵێین مافی لە سەر ژنەکەی زیاترە، لای خوای گەورە ژنەکەی سەد ئەوەندەی پیاوەکەی بەڕێز و ئازیزتر بێت وئەوەیش سەنگی مەحەکە و ڕێز و بەرزیی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لای پەروەردگار بێت وبۆ ژیانی هەتا هەتایی بێت.

٨- ڕەگەزی نێر و مێ لە دیدی ئیسلامدا دوو جەمسەری هاوتا و پێکهێنەر و تەواوکەری یەکترن و هیچ کامیان بەبێ ئەوی تریان بوونی نییە و نابێت و

پەیوەندییەکانی نێوانیشان لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی و دادپەروەری لە دابەشکردنی ئەرك و مافەکاندا و بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییە جەستەیی و دەروونییەکانی هەریەکەیان داڕێژراوە و بەدەر لەمانە هیچ کام لەم دوو ڕەگەزە لە سەر بنەمای ڕەگەزیی ڕێزی لە بەرامبەرەکەی زیاتر نییە.

٩- لەژێر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی سەرەوەدایە کە خوای گەورە لەقورئاندا ولەسەر مافەکانی ئافرەت بەگژ هەموو ئەو داب ونەریت وکلتورە دواکەوتوانەی عەرەبدا چۆتەوە کەتێیدا بێڕێزی بەرامبەر بە ئافرەت کراوە ومافەکانی تێیدا پێشێل کراوە.

١٠- وێڕای ئەمانە هەمووی نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە ئەم دوو ڕەگەزە هەر لەسەرەتا خاڵی دروستبونیانەوە پێکهاتەکەیان جیاوازە وئەم جیاوازییەیش کاریگەری ورەنگدانەوەی لەسەر هەموو بەشەکانی دەرونی وجەستەی وسۆزداریان هەیە وناکرێت ئەو جیاوازیانەیش لەکاتی دابەشکردنی ئەرك ومافەکاندا فەرامۆش بکرێن، ئەم جیاوازییانەیش بەمەبەستی دابینکردنی بەرژەوەندی هەردوو ڕەگەزەکەیانە نەك تەنها ڕەگەزێك لەسەر حیسابی ڕەگەزەکەی تر.

١١- دەبێت جیاوازی بکرێت لەنێوان بەهای ڕێزگرتن لەگەڵ بەکەم سەیرکردن وبەکۆیلە کردن؛ چونکە ئیسلام هەمیشە هانی تاکەکانی داوە کەڕێز لەیەکتر بگرن وبەوەفا بن بەرامبەر چاکەکانی یەکتر بەڵام ڕێگری کردوە لە چەوسانەوە و ستەمکردن و بەکەم سەیر کردن.

١٢- مەبەستی سەرەکی کۆی ئەو فەرموودانەی لەبارەی ئافرەتانەوە هاتون ئەوەیە کەپیاوان لایەنی سۆزداری ودەروونی وجەستەیی وشێوازی بیرکردنەوە وبڕیاردان و گشت لایەنەکانی تری پێکهاتەی ئافرەت تێبگەن وجیاوازییەکانی نێوانیان قبوڵ بکەن وبەووریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، وبەزۆر هەوڵی گۆڕینیان نەدەن، چونکە سروشتی ئافرەت وایە وزۆریش پێویستە کە وابێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە ڕۆڵی پەروەردەکاری خۆی هەستێت لە ژیاندا.

١٣- زۆرێك لەو حوکمە شەرعییانەی کە لەفەرمودەکاندا هاتوون گشتگیر وەڕها نین و تەنها بوارێکی تایبەت یان حاڵەتێکی تایبەت دەگرنەوە؛ بۆیە لەکاتی جێبەجێ کردنیاندا دەبێت ڕەچاوی ئەو خاڵە بکرێت.

- سەبارەت بە پڕۆسە هاوسەرگیرییەکانی پێغەمبەریش ﷺ ئەوەی پێویستە بیزانین ئەوەیە کە:

١٤- هیچ کام لەو پڕۆسە هاوسەرگیرییانەی کە پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی داون بچووکترین ڕەخنەی شەرعیی، یان یاسایی هەڵناگرن لە هیچ ڕوویەکەوە؛ چونکە هەموو مەرجە شەرعییەکان و یاساییەکانیان تێدا بووە، تەنانەت بە پێوەرە یاساییەکانی سەدەی بیست و یەکەمیش.

١٥- گێڕانەوەی هۆکاری زۆریی خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ بۆ مەسەلەی ئارەزووبازی قسەیەکی بێبنەما و بێ بەڵگەیە؛ چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ تا تەمەنی بیست و پێنج ساڵییش هەر بیری لە ژنهێنان نەکردۆتەوە، باشە ئەگەر کەسێك لە سەرەتای لاوی و لەو کاتەی کە مرۆڤێکی ئاسایی و سادە بووە ئاوا ژیابێت، ئایا دەکرێت لە تەمەنی پیری و پاش ئەرکی پیرۆزی پێغەمبەرایەتی ئالوودەی کاری ئارەزووبازی بووبێت؟!.

١٦- لە ناو هەموو ئەو ئافرەتانەی کە پێغەمبەری خودا ﷺ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ پێکهێناون تەنها خاتوو عائیشە کچ بووە و هەموو ئەوانی تر بێوەژن بوون، لە کاتێکدا ئەگەر پێغەمبەری خودا ﷺ کەسێکی ئارەزووباز بوایە دەیتوانی هەموو خێزانەکانی کچ بن و بگرە جوانترین و هەڵکەوتووترین ئافرەتانی عەرەبیش بن؛ چونکە هەموو ئافرەتێك ئاواتی بەوە دەخواست کە ببێتە خێزانی پێغەمبەر ﷺ و هەموو بنەماڵەیەکیش بە شانازییان دەزانی کە کچی بدەنێ، بەڵام بە پێچەوانەوە زۆرێك لەو هاوسەرگیرییانەی کە پێغەمبەری خودا ﷺ ئەنجامی داون ئەرك و بارقورسی بوون بۆ خۆی و لەسەر خواست و لە پێناو ئارەزووی خۆیشیدا نەیهێناوە، بەڵکو لەسەر فەرمانی خوای گەورە، یان لەسەر داوای ئافرەتەکان خۆیان، یان وەك سۆزێکی مرۆڤایەتی و پێغەمبەرایەتی، یان لەبەر بەرژەوەندی بانگەوازەکەی بووە.

١٧- سەرەڕای ئەمانە هەمووی، پێغەمبەری خودا ﷺ هەموو ژیانی بە هەژاری و نەداری گوزەراندووە و ئەمە جگە لە خەریکبوون و سەرقاڵی بەردەوامیشی بە کاری بانگەواز و پەرستشکردن بۆ خوای گەورە، ئەمەیش پێچەوانەی ژیان و ئاکاری ئەو کەسانەیە کە سەرقاڵی ئارەزووبازی و ژیانی دونیان.

ئێستا و پاش تەواو کردنی دەرەنجامەکان قسە لەسەر گرنگترینی ئەو ڕاسپاردانە دەکەین کە پێیان گەیشتووین و گرنگترینیان ئەمانەن:

١- ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاینی زۆرینەی هەرەزۆری میللەتی کوردە بە خەڵکانی ئیسلامیی و عەلمانییەوە و پیرۆزییەکی تایبەتی خۆی هەیە لە دڵی هەموو خەڵکیدا، هەر بۆیە ناکرێت بە ناوی ئازادی بیروڕاوە خەڵکانێکی هەرزە و کاڵفام ڕێگە بە خۆیان بدەن، یان ڕێگە بدرێن لە میدیا و ڕۆژنامەکاندا قسەی بەرز و نزم و بێ بنەما بەرامبەر بە پیرۆزییەکانی بکەن وپێویستە یاسا ڕێوشوێنی گونجاو بگرێتە بەر بۆ ڕێگەگرتن لەو جۆرە دیاردانە و سزای توند لەسەر هەموو ئەو کەسانە دابنرێت کە ئەو جۆرە کارانە دەکەن.

٢- ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە خەڵك بە هیچ شێوەیەك بۆی نەبێت قسە لەسەر ئاین بکات، یان پرسیاری لەسەر کۆمەڵێك شت بۆ دروست نەبێت، یان ڕەخنەی لێ نەگرێت، بەڵکو خوای گەورە خۆی کە عەقڵ و ژیریی بەخشیوە بە مرۆڤ و پاشان فروستادەکانی خۆی بۆ ڕەوانە کردوون، ویستی وابووە کە مرۆڤ عەقڵی کارا بکات و ژیرانە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەریدا بکات و کوێرانە حوکم بەسەر هیچ شتێکدا نەدات، خۆیشی لە هەموو کەس زاناترە و دەیزانێ کە سەرئەنجام خەڵکانێك دەبن نەفس و شەیتان و دونیا گومڕا و سەرلێشێواو و لاڕێیان دەکات و هەڵوێست وەردەگرن بەرامبەر بە ئاینەکەی.

بەڵام کەسێك کە ڕەخنەیەك دەگرێت پێویستە ڕەخنەگرتنەکەی بابەتییانە بێت و بنەمایەکی دروستی هەبێت، پاشانیش ئەو کەسە ئامادەبێت بەرگری لە قسەکانی خۆی بکات و لە بەردەم دادگا ئامادەبێت کە قسەکانی بسەلمێنێت، نەك خەڵکانێك لە ژێر پەردەی ئازادیی بیروڕادا کۆمەڵێك جوێننامە و سووکایەتی و قسەی ناشیرین و بوهتانی بێبنەما لەسەر شتە هەرە پیرۆزەکان بنووسن و بیر و ژیریی خەڵکیی پێ ژەهراویی بکەن،

لەو لایشەوە دەسەڵات دەستەوسان تەماشایان بکات، یان دەست لە پشتیان بدات و کارئاسانییان بۆ بکات، بە ڕاستی ئەمە جێی نیگەرانیی خەڵکە.

من لێرەدا یەك پرسیار دەکەم: ئایا هێزی دەسەڵات ئەو سووکایەتی و جوێننامانە بەرامبەر بە پارتەکانیان یان سەرکردەکانیان یان مێژووی خەباتیان قبوڵ دەکەن؟ باشە بۆچی بۆ ئەوەیان خەڵك ئازاد نییە و هەر کەس شتێکیان لەسەر بنووسێت دەست بەجێ ڕاپێچی بەندینخانە و دادگای دەکەن، بەڵام بەرمابەر ئیسلام خەڵك ئازادە و بۆی هەیە هەموو شتێك بڵێت؟ بۆیە پێویستە دەسەڵات بە خۆیدا بچێتەوە و بە یاسا ڕێگا لەو دیاردە دزێوانە بگرێت.

٣- پێویستە پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان و ڕێکخراوەکانیان و مامۆستایانی ئاینی ئیسلامیی بەڕێز و خەڵکانی شارەزا و پسپۆڕ لە بوارە شەرعییە جیاجیاکاندا، هەوڵی جددیی بدەن بۆ وەڵامدانەوەی ئەو جۆرە گومان و ڕەخنانە، هەرچەند من مەبەستم ئەوە نییە و هەرگیزیش لەگەڵ ئەوە نیم کە وەڵامی ئەو جۆرە کەسانە بدرێتەوە کە ئەو جۆرە بێڕێزییانە بەرامبەر بە پیرۆزییەکانی میللەت دەکەن و ناویان بهێنرێت و بەرهەمە بێ بەهاکانیان بخوێنرێتەوە، چونکە نە خۆیان نە بابەتەکانیان ئەوەندە هەڵناگرن کە مرۆڤ کاتی خۆیان پێوە بەسەر بەرێت، زۆریشیان هەر بەو مەبەستە ئەو جۆرە کارانە دەکەن کە خۆیان بێننە ناو ناوان و باس بکرێن، یان فرۆشی گۆڤار و ڕۆژنامەکانیانی پێ زیاد بکەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەدام با ئێمە ڕووی گەشی ئەم ئیسلامە بۆ خەڵکی بخەینە ڕوو، با بێین ئەو شتانەی ئاڵۆزییەکیان تێدایە و جێی قسە و باسن بۆ خەڵکیان ڕوون بکەینەوە و ئاڵۆزییەکانی برەوێنینەوە؛ چونکە فەرهەنگ و کتێبخانەی زمانی کوردی زۆر هەژارە لە زانستە شەرعییەکاندا لە هەموو ڕوویەکەوە (فیقهی، سیاسیی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، مێژووی و هتد)، تەنانەت هەندێك بوار لەو بوارانە هەن کە بە زمانی کوردی تەنانەت یەك پەڕتووکیشی لەسەر نەنووسراوە، کە ئەمە بۆشاییەکی گەورەیە لە کتێبخانە و فەرهەنگی میللەتێکی موسڵماندا؛بۆیە پێویستە هەموو لایەك بەجددیی بیر لەم مەسەلەیە بکەینەوە و کۆمەڵێك ڕێوشوێنی گونجاو بگرینە بەر بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی کۆمەڵێك دەستە و ناوەندی توێژینەی زانستیی و یەکخستنی گشت هێز و تواناکان بۆ سەرخستنی ئەو پڕۆژەیە.

٤- خاڵێکی گرنگی تر ئەوەیە کە ئێمە کولتورێکی فیقهی زۆر دەوڵەمەندمان هەیە بە زمانی عەرەبی؛ بەڵام ئەو کولتوورە ئەوەندە زۆر و ئاڵۆزە کە کەسێك زۆر شارەزا نەبێت زەحمەتە بتوانێت سەری لێ دەربکات، چ لە ڕووی زمانی دارِشتنەوە و چ لە ڕووی بیرو بۆچوونە جیاوازەکانەوە لەسەر بابەتەکان؛ هەر بۆیە هەندێك جار کە دەگەڕێیتەوە سەر بابەتێکی فیقهی سەرت لێ دەشێوێت و نازانیت بۆچوونی کێ ڕاستە و بەڵگەکانی کێ بەهێزترە لەوەی دیکە؟ جا بۆ ئەوەی ئێمە خۆمان لەم ئاڵۆزیی و فرەبۆچوونییە بپارێزین و کولتوورێکی ئیسلامییانەی هاوچەرخی هەمە بابەت بۆ خۆمان دروست بکەین و بە زمانی کوردی بیخەینە بەر دەستی خوێنەری کورد، پێویستە هەوڵ بدەین ئەو ئاڵۆزی و فرەبۆچوونییە نەگوێزینەوە کولتووری ئیسلامیی کوردیی خۆمان، بەڵکو فیقهێکی ڕەسەنی بەڵگەدار دابرێژینەوە کە تەنها ئەو بۆچوونانەی تێدا تۆمار بکرێت کە ڕاست و دروستە و قسە هەڵناگرێت و ئەم شێوە دارِشتنەیش پەیرەو بکەین لە هەموو بوارەکاندا؛ چونکە سەردەمی ئێمە زۆر لە سەردەمانی پێشوو جیاوازترە، ناکرێت ئێمە لە سەدەی بیست و یەکدا بەهەمان عەقڵیەتی (١٠) سەدەی پێشوو بنووسین و بخوێنینەوە، گرنگ ئەوەیە ئێمە ئایینی ئیسلام وەکو خۆی چۆنە ئاوها بیخەینەوە بەر دیدەی خەڵکیی بەبێ زیاد و کەم.

لە کۆتاییدا هیوادارم توانیبێتم وەڵامی هەندێك لەو ئاڵۆزیی و ڕەخنە و گومانانەم دابێتەوە کە لەسەر چەمکێکی ژیانی پێغەمبەری سەرووەرمان ﷺ و بەشێك لە فەرموودەکانی دروست دەکرێت، دڵنیایشم لەوەی کە ئەم کارەی منیش وەکو هەموو کارێکی تری مرۆڤ لە هەڵە و پەڵە بەدەر نییە وئەگەر شتێکی باشم خستبێتە بەر دیدەی خوێنەر ئەوە لە میهر و بەخششی خوای گەورەوەیە و ستایشیش تەنها بۆ ئەوە وئەگەر هەر هەڵەیەکیشم کردبێت ئەوە لە نەفسی بەدی خۆمەوەیە و خوا و پێغەمبەر ﷺ و ئاییني ئیسلام لێی بێبەرین.

**وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين**

چاپی یەکەم
سلێمانی/ چوارباخ
١٦ / ذو الحجة / ١٤٣٠ — ٣ / ١٢ / ٢٠٠٩

چاپی دووەم
سلێمانی/ گەڕەکی هەواری زانکۆ
١٨ / ذو الحجة / ١٤٤٢ — ٢٨ / ٧ / ٢٠٢١

# پێڕستی سەرچاوەکان

## قورئانی پیرۆز.

## ڕاڤەی قورئان:

١- الآلوسي (محمود عبدالله الحسيني)، تفسير الألوسي (روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني)، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤١٥، تحقيق: علي عبد الباري عطية.

٢- أبوبكر الجزائري ، أيسر التفاسير، مكتبة العلوم والحكم، المدينة المنورة، ط٥، ١٤٢٤هـ/٢٠٠٣م.

٣- البيضاوي، تفسير البيضاوي، دار الفكر، بيروت.

٤- الثعالبي (عبد الرحمن بن مُحَمَّد)، تفسير الثعالبي (الجواهر الحسان في تفسير القرآن)، ط١، ١٤١٨، دار إحياء التراث العربي، بيروت، تحقيق: مُحَمَّد علي معوض، وعادل أحمد عبد الموجود.

٥- جلال الدين مُحَمَّد بن أحمد المحلى، جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي، تفسير الجلالين، دار الحديث، القاهرة، ط١ .

٦- إبن الجوزي (عبد الرحمن بن علي)، زاد المسير في علوم التفسير، المكتب الإسلامي، بيروت، ط٣، ١٤٠٤.

٧- الخازن (علي بن مُحَمَّد)، تفسير الخازن (لباب التأويل في معاني التنزيل)، دار الفكر، بيروت، ط١٩٧٩.

٨- الرازي (مُحَمَّد بن عمر)، تفسير الرازي (مفاتيح الغيب)، دار إحياء التراث العربي، بيروت .

٩- الزمخشري (محمود بن عمر الزمخشري الخوارزمي)، الكشاف (الكشاف عن حقائق التنزيل وعيون الأقاويل في وجوه التأويل)، دار إحياء التراث العربي، بيروت، تحقيق: عبد الرزاق المهدي.

١٠- إبن أبي السعود (مُحَمَّد بن مُحَمَّد العمادي)، تفسير أبي السعود (إرشاد العقل السليم إلى مزايا القرآن الكريم)، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

١١- السمرقندي (نصر بن مُحَمَّد)، بحر العلوم، دار الفكر، بيروت، تحقيق: محمود مطرجي.

١٢- السمعاني (منصور بن مُحَمَّد بن عبد الجبار)، تفسير السمعاني، ج٢، دار الوطن، الرياض، ط١، ١٤١٨، تحقيق: ياسر بن إبراهيم وغنيم بن عباس.

١٣- السيوطي (عبد الرحمن بن الكمال)، الدر المنثور، دار الفكر، بيروت،١٩٩٣.

١٤- الشنقيطي (مُحَمَّد الأمين بن مُحَمَّد)، أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن، دار الفكر للطباعة والنشر، بيروت، ١٤١٥هـ - ١٩٩٥م، تحقيق : مكتب البحوث والدراسات.

١٥-الشوكاني (محمَّد بن علي)، تفسير الشوكاني (فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية من علم التفسير)، دار الفكر، بيروت.

١٦-الطبري، تفسير الطبري (جامع البيان في تأويل القرآن)، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط١ ،١٤٢٠، تحقيق: أحمد محمَّد شاكر .

١٧-الطنطاوي (محمَّد سيد طنطاوي)، الوسيط، دار النهضة، القاهرة، ط١.

١٨-إبن عادل (عمر بن علي)، اللباب في علوم الكتاب، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٩٨، تحقيق: عادل أحمد، وعلي محمَّد معوض.

١٩-إبن عاشور (محمَّد الطاهر بن عاشور)، التحرير والتنوير، ج٧، دار سحنون للنشر والتوزيع، تونس، ١٩٩٧م.

٢٠-إبن عجيبة (أحمد بن محمَّد)، البحر المديد، دار الكتب العلمية، بيروت، ط٢، ١٤٢٣ هـ.

٢١- إبن العربي (محمَّد بن عبد الله الأندلسي)، أحكام القرآن، دار الكتب العلمية، بيروت.

٢٢-إبن عطية (عبد الحق بن غالب)، المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٩٣، تحقيق: عبد السلام عبد الشافي محمَّد.

٢٣-القرطبي (محمَّد بن أحمد)، الجامع لأحكام القرآن، دار عالم الكتب، الرياض، ط١٤٢٣هـ، تحقيق: هشام سمير البخاري.

٢٤-إبن كثير (إسماعيل بن عمر بن كثير)، تفسير ابن كثير (تفسير القرآن العظيم)، دار طيبة للنشر والتوزيع، ط٢، ١٩٩٩، تحقيق: سامي بن محمَّد سلامة.

٢٥-الماوردي (علي بن محمَّد)، النكت والعيون، دار الكتب العلمية، بيروت، تحقيق: السيد بن عبد المقصود بن عبد الرحيم.

٢٦-مقاتل (مقاتل بن سليمان)، تفسير مقاتل، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ٢٠٠٣، تحقيق: أحمد فريد.

٢٧-النسفي (عبد الله بن أحمد)، تفسير النسفي، دار النفائس، بيروت، تحقيق: مروان محمَّد الشعار.

٢٨-النيسابوري (أحمد بن محمَّد)، تفسير النيسابوري (الكشف والبيان)، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط١، ٢٠٠٢، تحقيق : الإمام أبي محمَّد بن عاشور.

٢٩-الواحدي (علي بن أحمد الواحدي)، الوجيز في تفسير الكتاب العزيز، دار القلم، بيروت، ط١، ١٤١٥، تحقيق: صفوان عدنان داوودي.

## ڕاڤەی فەرمووده وژياننامەی پێغەمبەرﷺ:

٣٠- ابن الأثير (المبارك محمد الجزري)، جامع الأصول في أحاديث الرسول ﷺ، دار الفكر، بيروت، ط١، ١٣٨٩.

٣١- أحمد بن حنبل، المسند، مؤسسة الرسالة ، بيروت، ط٢، ١٤٢٠.

٣٢- أحمد بن الخطيب ، وسيلة الإسلام بالنبي ﷺ، دار الغرب الإسلامي، بيروت، تحقيق: سليمان العيد المحامي.

٣٣- إبن إسحاق، سيرة ابن إسحاق (المبتدأ والمبعث والمغازي)، معهد الدراسات والأبحاث للتعريف، تحقيق: محمد حميد الله.

٣٤- الألباني (محمد ناصر الدين الألباني)، صحيح السيرة النبوية، المكتبة الإسلامية ، عمان، ط١.

٣٥- انجوغو أمبكي صمب، أروع القيم الحضارية في سيرة خير البرية، دار الكتاب يمبل، السنغال، ط،١٤٢٧.

٣٦- البخاري (محمد بن إسماعيل البخاري)، صحيح البخاري، دار اليمامة ، بيروت، ط٣، ١٤٠٧، تحقيق: مصطفى ديب البغا.

٣٧- البيهقي (أحمد بن الحسين بن علي) ، دلائل النبوة، دار الكتب العلمية و دار الريان، بيروت، ط١، ١٤٠٨، ١٩٨٨.

٣٨- البيهقي، سنن البيهقي الكبرى، مكتبة دار الباز ، مكة المكرمة، ط، ١٤٠٤، تحقيق: محمد عبد القادر عطا.

٣٩- إبن الجارود (عبد الله بن علي)، المنتقى من السنن المسندة ، مؤسسة الكتاب الثقافية، بيروت، ط١، ١٤٠٨، تحقيق: عبدالله عمر.

٤٠- إبن الجوزي (عبد الرحمن بن علي)، صفة الصفوة، دار المعرفة ، بيروت، ط٢ ، ١٣٩٩، تحقيق: محمود فاخوري، د.محمد رواس.

٤١- ابن الجوزي، الوفا بتعريف فضائل المصطفى ﷺ، دار المعرفة ، بيروت.

٤٢- الحاكم (مُحَمَّد عبد الله)، دار الكتب العلمية ، بيروت،ط١، ١٤١١، تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا.

٤٣- إبن حبان (مُحَمَّد بن حبان) ،الثقات، دار الفكر، بيروت، ط١، ١٣٩٥، تحقيق: شرف الدين أحمد.

٤٤- إبن حبان ، صحيح ابن حبان بترتيب ابن بلبان، مؤسسة الرسالة ، بيروت، ط٢ ، ١٤١٤، تحقيق: شعيب الأرنؤوط.

٤٥- إبن حجر (أحمد بن علي)، الإصابة في تمييز الصحابة، دار الجيل، بيروت، ط١، ١٤٢١، تحقيق: علي مُحَمَّد البجاوي.

٤٦- إبن حجر ، فتح الباري شرح صحيح البخاري، دار المعرفة ، بيروت، ط، ١٣٧٩.

٤٧- إبن حزم (علي بن أحمد بن سعيد بن حزم) ، جوامع السيرة، دار المعارف، مصر، ط١، ١٩٠٠.

٤٨- الحسن بن عمر بن حبيب، المقتفى من سيرة المصطفى ﷺ، دار الحديث ، القاهرة، ط، ١٤١٦، تحقيق: د. مصطفى مُحَمَّد حسين.

٤٩- إبن خزيمة (مُحَمَّد بن إسحاق)، صحيح إبن خزيمة ، المكتب الإسلامي، بيروت، ط،١٣٩٠، تحقيق: د. مُحَمَّد مصطفى الأعظمي.

٥٠- أبو داود (أبو داود سليمان بن الأشعث السجستاني)، سنن أبي داود، دار الفكر، بيروت، تحقيق: مُحَمَّد محي الدين عبد الحميد.

٥١- الذهبي (مُحَمَّد بن أحمد)، سير أعلام النبلاء، مؤسسة الرسالة ، بيروت، تحقيق: مجموعة محققين بإشراف شعيب الأرناؤوط.

٥٢- الذهبي، المعين فى طبقات المحدثين، دار الفرقان ، عمان، ط١، ١٤٠٤، تحقيق: د. همام عبد الرحيم سعيد.

٥٣- الرئاسة العامة لإدارات البحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد، مناظرة بين الإسلام والنصرانيية، ط١، ١٤٠٧.

٥٤- إبن سعد (مُحَمَّد بن سعد) ، الطبقات الكبرى، دار صادر، بيروت، ط١، ١٩٦٨، تحقيق: إحسان عباس.

٥٥- السفاريني (مُحَمَّد بن أحمد بن سالم) ، لوامع الأنوار البهية وسواطع الأسرار الأثرية،مؤسسة الخافقين، دمشق، ط٢١٤٠٢,٢.

٥٦- الشوكاني، نيل الأوطار من أحاديث سيد الأخيار شرح منتقى الأخبار، إدارة الطباعة المنيرية.

٥٧- طارق مُحَمَّد امعيتيق ، تقريب الوصول إلي معرفة الرسول ﷺ، بنغازي، ليبيا، ط١، ٢٠٠٧.

٥٨- الطبراني (سليمان بن أحمد)، المعجم الكبير، مكتبة العلوم والحكم، الموصل، ط٢ ،١٤٠٤، تحقيق: حمدي السلفي.

٥٩- الطبري (مُحَمَّد بن جرير) ، تاريخ الأمم والرسل والملوك، دار الكتب العلمية ، بيروت، ط١، ١٤٠٧.

٦٠- الطبري ،خلاصة سيرة سيد البشر، مكتبة نزار مصطفى الباز ، مكة المكرمة، تحقيق: طلال بن جميل الرفاعي.

٦١- عبد الباسط بن خليل ، غاية السول في سيرة الرسول ﷺ، تحقيق: د. مُحَمَّد كمال الدين، عالم الكتب ، بيروت، ط،١٤٠٨.

٦٢- عبد الرحمن بن عبد السلام ، نزهة المجالس ومنتخب النفائس، دار المحبة ، بيروت، تحقيق: عبد الرحيم مارديني.

٦٣- إبن عساكر، الأربعين في مناقب أمهات المؤمنين، دار الفكر، دمشق، ط١ ، ١٤٠٦، تحقيق: مُحَمَّد مطيع الحافظ، غزوة بدير.

٦٤- إبن عساكر، تأريخ دمشق، دار الفكر، بيروت، ط١، ١٤١٩، ١٩٩٨.

٦٥- القرطبي (مُحَمَّد بن أحمد)، الإعلام بما في دين النصارى من الفساد والأوهام، ط ، ١٣٩٨، دار التراث، القاهرة، د. أحمد حجازي.

٦٦- القرطبي، تفسير القرطبي (الجامع لأحكام القرآن)، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

٦٧- إبن القيم (مُحَمَّد بن أبي بكر)، مؤسسة الرسالة ، بيروت، ط١٤، ١٤٠٧، تحقيق: شعيب الأرناؤوط، عبد القادر الأرناؤوط.

٦٨- الكتاني (عز الدين بن جماعة)، المختصر الكبير في سيرة الرسول ﷺ، دار البشير، عمان، ط، ١٩٩٣، تحقيق: سامي مكي العاني.

٦٩- ابن كثير (إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي)، البداية والنهاية، مكتبة المعارف، بيروت.

٧٠- إبن ماجة (مُحَمَّد بن يزيد أبو عبدالله القزويني)، دار الفكر، بيروت، تحقيق: مُحَمَّد فؤاد عبد الباقي.

٧١- الماوردي، الحاوي الكبير، دار الفكر، بيروت.

٧٢- المباركفوري (مُحَمَّد عبد الرحمن) ، تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي، دار الكتب العلمية ، بيروت.

٧٣- المزي (يوسف بن الزكي عبد الرحمن)، تهذيب الكمال، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط١ ،١٤٠٠، تحقيق: د. بشار عواد معرووف.

٧٤- مسلم (مسلم بن الحجاج بن مسلم)، صحيح مسلم، دار الجيل، بيروت.

٧٥- المناوي (زين الدين عبد الرؤوف المناوي)، التيسير بشرح الجامع الصغير، مكتبة الإمام الشافعي، الرياض، ط٣، ١٩٨٨.

٧٦- ناصر بن علي، عقيدة أهل السنة والجماعة في الصحابة الكرام، مكتبة الرشد، الرياض، ط٣ ،١٤٢١.

٧٧- النسائي، سنن النسائي الكبرى، دار الكتب العلمية ، بيروت، ط١، ١٤١١، تحقيق: د.عبد الغفار سليمان، سيد كسروي حسن.

٧٨- أبو نعيم (أحمد بن عبد الله بن أحمد) — معرفة الصحابة، دار الوطن ، الرياض، ط١، ١٤١٩، تحقيق: عادل بن يوسف العزازي.

٧٩- النووي (يحيي بن شرف)، المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط٢، ١٣٩٢.

٨٠- إبن هشام (عبد الملك بن هشام بن أيوب)،السيرة النبوية، دار الجيل ، بيروت، ط،١٤١١، تحقيق: طه عبد الرؤوف.

٨١- الهيثمي (نور الدين علي)، مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، دار الفكر، بيروت، ط،١٤١٢-١٩٩٢.

٨٢- وزارة الأوقاف والشئون الإسلامية ، الكويت، الموسوعة الفقهية الكويتية، دار السلاسل ، الكويت، ط،١٤٠٧.

٨٣- أبو يعلى (أحمد بن علي بن المثنى الموصلي)، مسند أبي يعلى، دار المأمون للتراث ، دمشق، ط١، ١٤٠٤، تحقيق: حسين سليم أسد.

# پێڕستی بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی: ......................................................................................... | ٢ |
| باسی یەکەم: خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ..................................................... | ٥ |
| خێزانی یەکەم: خَدِيجَةُ بِنْتُ خُوَيْلِدِ بْنِ أَسَدِ بْنِ عَبْدِ الْعُزَّى.................................. | ٦ |
| خێزانی دووەم: سوودةُ بنتُ زَمْعَةَ بن قَيْسِ بن عَبْدِ شَمْسِ بن عَبْدِ وُدٍّ. ........................ | ٩ |
| خێزانی سێیەم: عَائِشَةُ بِنْتُ أَبِي بَكْرٍ الصّدّيقِ عبدِ الله بن أبي قُحافة التَّيْمِيَّةُ................ | ١٢ |
| خێزانی چوارەم: حَفْصَةُ بِنْتُ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ الْعَدويَّة............................................... | ٢٣ |
| خێزانی پێنجەم: زَيْنَب بِنْتَ خُزَيْمَةَ بْنِ الْحَارِثِ................................................................ | ٢٦ |
| خێزانی شەشەم: هِنْدُ بِنْتُ أَبِي أُمَيَّةَ........................................................................ | ٢٨ |
| خێزانی حەوتەم: زَيْنَب بِنْتِ جَحْشٍ بْنِ رئَابٍ........................................ | ٣١ |
| خێزانی هەشتەم: رَيْحَانَةُ بِنْتُ بِنْتُ زَيْدِ بْنِ عَمْرِو بْنِ خُنَافَةَ بْنِ شَمْعُونَ النّضَرِيّة............ | ٤٥ |
| خێزانی نۆیەم: جُوَيْرِيَةُ بِنْتُ الْحَارِثِ................................................. | ٤٦ |
| خێزانی دەیەم: رَمْلَةُ بِنْتُ أَبِي سُفْيَانَ................................................ | ٤٩ |
| خێزانی یازدەیەم: صَفِيَّةَ بنْت حُيَيّ بْنِ أَخْطَب........................................ | ٥٢ |
| خێزانی دوازدەیەم: مَيْمُونَةَ بنت الْحَارِثِ بْنِ حَزْنِ بْنِ بُجَيْرِ................................ | ٥٥ |
| ئایا پێغەمبەری خودا ﷺ کەسێکی ئارەزووباز بووە؟!.................................. | ٥٨ |
| بۆچی پێغەمبەری خودا ﷺ زیاتر لە چوار ژنی هێناوە؟!............................... | ٦٤ |
| باسی دووەم: فەرموودەکان:............................................................ | ٧٠ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| دەسپێک: ........................................ | ٧١ |
| فەرموودەی یەکەم: {اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ، فَإِنَّ الْمَرْأَةَ خُلِقَتْ مِنْ ضِلَعٍ.....}............ | ٧٧ |
| فەرموودەی دووەم: {يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ تَصَدَّقْنَ، فَإِنِّي أُرِيتُكُنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ}........ | ٨٤ |
| فەرموودەی سێیەم: {لَوْ كُنْتُ آمِرًا أَحَدًا أَنْ يَسْجُدَ لِغَيْرِ اللَّهِ لَأَمَرْتُ الْمَرْأَةَ...}...... | ٩٣ |
| فەرموودەی چوارەم: {يَقْطَعُ الصَّلاَةَ الْمَرْأَةُ، وَالْحِمَارُ، وَالْكَلْبُ....}........................ | ٩٩ |
| فەرموودەی پێنجەم: {لاَ عَدوى، وَلاَ طِيَرَةَ، وَإِنَّمَا الشُّؤْمُ فِي ثَلاَثَةٍ....}................ | ١٠٧ |
| فەرموودەی شەشەم: {إِنَّ الْمَرْأَةَ تُقْبِلُ فِي صُورَةِ شَيْطَانٍ....}...................... | ١١٥ |
| کۆتایی: ........................................ | ١٢١ |
| پێرستی سەرچاوەکان: ........................................ | ١٢٨ |
| پێرستی بابەتەکان: ........................................ | ١٣٤ |

# ڕەواندنەوەی گومانەکان

نووسینی:
پرۆفیسۆر خالید موحەممەد ساڵح